# ژنان ٣٢

ئازادی بۆ ژن،
بەختیاری بۆ کۆمەڵ

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
سەرماوەزی 1390 ■ December 2011



گەلی کورد دۆستێکی هەرە نزیك و بەهێزی لەدەست دا









بەیاننامەی یەکیەتی ژنان لەپێوەندی لەگەڵ بیست و پێنجی نوامبر

خۆسوتاندن کارەساتترین و دڵتەزێن ترین خۆکوژی

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و...

رەخنەی فمنیستی فەرەنسەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

# کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بەڕێوەچوونی دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەهاری داهاتوودا

کومیتەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسی ژنانی
رۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی راگەیەندراوێک
باس لە گرتنی دووهەمین کۆنفرانسی خۆیان لە داهاتوویەکی نزیک دەکەن.
لە سەرەتای ئەو راگەیاندراوەدا هاتوە کە ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی
ئەم دواییانەی جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی جارێکی
دیکەش رۆڵی گرینگ و بەرچاوی ژنان لە خەبات کردن بۆ گەیشتن بە
ئازادی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و یەکسانیخواز سەلماند و
ژنانی کوردیش لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە شان بە شانی هاوڕێیان و
هاوخەباتی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆیان بە پێی تواناو
هەلومەرجی رەخساو لە بزووتنەوە جیاوازەکاندا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە هەوڵیان داوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢ گەلی کورد دۆستێکی هەرە نزیک و پشتیوانێکی بەهێزی لەدەستدا

٣ بەیاننامەبەبۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توند و تیژی دژی ژنان

٤ پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

٥ خۆسووتاندن، کارەساتترین و دڵتەزێن ترین خۆکووژی

٧ هەنگاوەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان

٩ با ئەو کەسانەی ئاڵای یەکسانیخوازییان دەست داوەتێ بە کردەوە بیسەلمێنن

**کۆمەڵایەتی**

١١ کۆڕێک بە بۆنەی ٢٥ی نوامبرەوە

١٤ ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی

١٩ شانامەی فێردەوسی و ژنانی ناو شانامە

٢٢ ڕۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا

٢٣ ژن، ڕەگەز، پلە

٢٦ هێرۆ مەولوودی: کچ نەیتوانیوە ڕاستگۆ بێ لەگەڵ خۆی هەموو کات شتی حەشارداوە

٢٨ ژیان و خەباتی خۆشکە کوبرا ئەڵلاوەیسی

٣٠ **کەیبانوو**

٣٢ **زانستی**

٣٧ **ژنی کورد لە دنیای نێت دا**

٣٨ **هەڵدانەوەی لاپەڕی ژیانی ژنێک**

٤١ **ژن ئەستێرە**

٤٢ **ئەدەبی**

٤٦ **هەواڵەکانی دەرەوە**

٥٠ **هەواڵ و راپۆرت**

٥٦ **فارسی**

٦٠ **ئینگلیسی**



**سەرنووسەر: حەلیمە ڕەسوڵی**

دەستەی نووسەران: کوێستان فتووحی،
عیسمەت نەستانی، ڕۆژە عەزیزی

**هاوکارانی ئەو ژمارەیە:**

شەونم هەمزەیی، بێگەرد عەلی پور، سروە فەتاحی، شاناز کاکە ئازەر،
گەلاوێژ پەیرەوان، مەندانە حەبیب زادە


# ژنان

**وەرزانەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیە**


**ئیمەیلی «ژنان»:**

Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

00964 - 7702103121



دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابی راد

دیزاینی ناوەوە: مینا سوڵتانزادە

تایپ: ڕەزیە ڕەحیمی






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەلی کورد دۆستێکی هەرە نزیک و پشتیوانێکی بەهێزی لەدەستدا

سەرنووسەر



خاتوو دانیال میتران، هاوسەری سەرۆکی کۆچکردووی فەڕانسە، «فرانسوامیتران» کە دۆستێکی زۆر نزیکی کورد بوو بەداخەوە شەوی ( ٢٢ی نوامبری ٢٠١١) لەتەمەنی (٨٧) ساڵی دا و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری پاریس کۆچی دوایی کرد. «خاتوو دانیال ئیمیلیان ئیزابێل کە بە دانیال میتران ناسراوە لە ٢٥ی ئۆکتۆبری ساڵی(١٩٢٤) لە ڤێردوونی باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە لە دایک بوو»، لە ٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٤ ژیانی هاوسەری لەگەڵ فرانسوا میترانی سەرۆکی پێشووتری فەڕانسە پێک دێنێت و خاوەنی سێ منداڵن و لە ساڵی (١٩٨٦) ڕێکخراوی فرانس لیبێرتی دادەمەزرێت. دانیال میتران یەکێک لە قارەمانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڕانسە لەکاتی شەڕی جیهانی دووەم دابوو. خانمی میتران لە ڕێگای ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووە ئاشنای دۆزی کورد بوو ئەو خاتوونە لە ژیانیدا پشتیوانی لەنەتەوەکانی وەک کورد و فلستینیەکان و بەگشتی گەلانی زۆر لێکراو دەکرد.

لە هەمان کاتیشدا لایەنگرێکی بەهێزی (فیدێل کاسترۆ)ی سەرۆکی کوبا بوو. لەو دواییانەش دەستیکرد بوو بەدامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی هەژاران. لەو ڕووەوە و لە ڕێگەی چەندین پرۆژەی جیاجیاوە هاریکاری و یارمەتی خەڵکی لێقەوماو و ئاوارە و ئەو کەسانەی داوە، کە لەشوێنەجیاجیاکانی جیهاندا ڕووبەڕووی قەیران و کارەسات و ڕەوشی دژوار بوونەتەوە، ئەم خاتوونە مرۆڤ دۆستە تا کۆچی دوایی کرد بەدۆستێکی هەرە نزیکی گەلی کۆرد هەژماردەکراو لای کورد ئاشنا و خۆشەویست بوو.

ئەو خانمە لە نزیکەوە ئاشنای مێژوو و خەبات و ڕەوشی کورد و گەلی کوردستان بووە هەر بۆیە زۆر جار لەنێو کوردا بەدایکی کۆرد ناوی دەبرا. لە ساڵی ١٩٨١ دا بوو بە خانمی یەکەمی فەڕانسە و یەکێک بوو لە داکۆکیکارە سەرسەختەکانی مافی ئازادی لە نەتەوە کەمینە و چەوساوەکان. ئەو خانمە چەند جارێکیش سەردانی هەرێمی کۆردستانی کردووە لە دوا سەردانیشیدا بۆ هەرێمی کۆردستان، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بوو، لە وتارێکدا لە نێو پەرلەمانی کۆردستان، جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ گەلی کورد دووپاتکردەوە.

بەڕێزیان بەردەوام لە هەوڵی ناساندنی مەسەلەی کورد و داخوازییە رەواکانی لە کۆر و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بووە. هەر بەو بۆنەیەوە، حکوومەتی هەرێمی کۆردوستان، ڕۆژی(٢٠١١/١١/٢٣) لە هەرێمی کوردستانی وەک رۆژی ماتەمینی گشتی راگەیاند. لە رێگای گۆڤارەکەمانەوە بەڕێز و شکۆوە یادی ئەو بەڕێزە دەکەینەوە و پەرسەو هاوخەمی خۆمان ئاڕاستەی کەسوکارو دۆستانی ئەم خاتوونە بەڕێزە بوو دەکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەیاننامە:**

# بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ توند و تیژی دژی ژنان

تێکۆشەران و چالاکانی مافی ژنان لەساڵی ١٩٨١ی زایینی دا ڕۆژی ٢٥ی نوامبر یان وەک ڕۆژی جیهانی تێکۆشان لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد. ساڵی ١٩٩٩ی زایینی کۆمەڵگەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مۆرێکی پەسەندیان لەو ڕۆژەدا و بەدەرکردنی بڕیارنامەیەک، ٢٥ نوامبر بەرانبەر ٤ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕایانگەیاند هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا لە بەرەبەری ئەو ڕۆژە دا لە سەرتاسەری جیهان بۆ ئەم بۆنەیەوە پرۆگرام و تێکۆشانی تایبەتی دیاری دەکەن و توندوتیژی دژی ژنان دەبێتە باسی سەرەکی لە کۆڕوسمینارەکان دا. ئەم ساڵیش لە کاتێکدا بەرەوپیری ئەو ڕۆژە دەچین کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر وەک ڕابردوو بە پاڵپشتی یاسا بەشێوەی سیستماتیک لە دەژی ژنان توندوتیژی دەکا. ئەو ڕێژیمە ماوەی سی دەیە هەر ڕۆژە و بە چەشنێک و لە فۆرمێکدا سووکایەتی بە ژنان دەکات. توندوتیژی دژبە مرۆڤایەتی ناوەرۆک و ماهییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ژنان بەشی سەرەکی قوربانیانی ئەم توندوتیژیانەن.

بەداخەوە لە کۆمەڵگای کوردیشدا ڕەگەکانی توندوتیژی بنچینەیان لە کولتوورمان داکوتاوە بە چەشنێک کە توندوتیژی لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەمان دا دەبینرێ و بە شێوازی جیاواز بەڕێوەدەچێ. دیارە شێوازەکانی توندوتیژی زۆرن و گرینگترینیان کوشتن و ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی تەنانەت ناچار کردنی ژن بۆ پرۆسەی سێکسی و هاوخەویکردن و...هتد

خەبات دژی توندوتیژی پرۆسەیەکی درێژخایەن و هەمەلایەنەیە و تەنیا بە یادکردنەوەی ئەو دیاردە دزێوە لە رۆژێک دا کۆتایی پێی نایەت و ژنی کورد پێویستە دەورێکی بەرچاوی هەبێ لە بوارە جۆراو جۆرەکانی خەبات بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و




پێویستە لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیستمی پیاو سالاری و بندەستی نەتەوەیی و کولتووری کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە تێکۆشان دا بێ.

بە ئاواتی هاوپشتی و یەکدەنگی هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز بۆ بنبەرکردنی توندوتیژی دژی مێینە.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/٩/١ هەتاوی**
**بەرانبەر بە ٢٠١١/١١/٢٢ زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی
# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

جەماوەری‌نیشتمان پەروەری‌کوردستان!

لەلایەن یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، گەرمترین و شۆڕشگێرانەترین پیرۆزبایی‌یەکانی خۆمان بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە پێشکەشی ئێوە و هەموو ئەویندارانی ڕێبازی پڕ لەسەروەری و ڕزگاری و ئازادی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

لەبارەی فەلسەفەو (جوهرەی وجودی) پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەوە دەتوانین بڵێین کەئەم نیوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر بنەما و ئەساسی هزرێکی نەتەوەیی و(ضرورت)ێکی مێژوویی هاتوتە ئاراوە و ئەگەرچی بەستێنی سەرهەڵدانی ئەم نیوە و سەرەتای درووست بوونی ئەم هێزە، ناوچەیەکی بەرتەسکی جۆغرافیایی دەگرێتەوە کەلە ژێرحوکمرانی یەکەم کۆماری کوردی(واتەکۆماری کوردستان )دایە، بەڵام لەسەر ئەساسی ئەم هزرەنەتەوەی‌یەکە بناغە دارێژ و داهێنەری ئەم نیوەو دامەزرانی ئەم هێزەبووە، هێزێک بەنێوی هێزی پێشمەرگە لە سەراسەری کوردستان پێک دێ کەلە نێو گۆڕەپانی پراگماتیسمی شۆڕشگێری دا و لەبست بەبستی خاکی پیرۆزی نیشتمانی دابەشکراو و لەپێناو پاراستنی ڕەوای گەلەکەمان دا، بەدەیان و بگرە سەدان داستانی سەروەری و قارەمانەتی لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان دا تۆمار دەکا.

لەپرۆسەی خەباتی نەتەوەیی کورد دا کەچەندین دەیەیی تێپەڕاندووەو لەکاروانی نەپساوەی خەباتی پێشمەرگایەتی دا، دوو توێژی لاوان و ژنانی کورد سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی کلتووری, کۆمەڵایەتی و سیاسی سەر ڕێگایان، بەردەوام وەک خوێنی زیندوو و دینامیزمی ئەم خەباتە ڕۆڵیان گێڕاوەو لەمەیدانی پراتیک و کردەوەش دا ئەم دوو توێژە هەموو کات وزەو هێزی نوێیان بەهێزی پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگانە بەخشیوەو بەدڵنیای‌یەوە لەداهاتووی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان داو تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی-دیموکراتیکی کورد و تەنانەت دوای پرۆسەی ڕزگاریش، هیچ هێزێک ناتوانێ کاریگەری لاوان و ژنان و ڕۆڵی ئەم دوو توێژەی گرینگی کۆمەڵگا لە(عرصە)ی سیاسی کوردستان و ئێران دا کەمرەنگ بکاتەوە.

وەکوو هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان داواکاریمان لەخەڵکی خۆراگری ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەم ڕۆژە پیرۆزە وەک ساڵانی ڕابردوو بکەن بەهەوێنی پەرەپێدانی خەباتی شوناسخوازی و مافخوازی لەکوردستان.

سڵاو لە ٢٦ی سەماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

پێشمەرگەخۆشەویستەکانی‌کوردستان!

لەلایەن یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، گەرمترین و شۆڕشگێرانەترین پیرۆزبایی‌یەکانی خۆمان بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە پێشکەشی ئێوە و هەموو ئەویندارانی ڕێبازی پڕ لەسەروەری و ڕزگاری و ئازادی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

لەبارەی فەلسەفەو (جوهرەی وجودی) پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەوە دەتوانین بڵێین کەئەم نیوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر بنەما و ئەساسی هزرێکی نەتەوەیی و(ضرورت)ێکی مێژوویی هاتوتە ئاراوە و ئەگەرچی بەستێنی سەرهەڵدانی ئەم نیوە و سەرەتای درووست بوونی ئەم هێزە، ناوچەیەکی بەرتەسکی جۆغرافیایی دەگرێتەوە کەلە ژێرحوکمرانی یەکەم کۆماری کوردی(واتەکۆماری کوردستان )دایە، بەڵام لەسەر ئەساسی ئەم هزرەنەتەوەی‌یەکە بناغە دارێژ و داهێنەری ئەم نیوەو دامەزرانی ئەم هێزەبووە، هێزێک بەنێوی هێزی پێشمەرگە لە سەراسەری کوردستان پێک دێ کەلە نێو گۆڕەپانی پراگماتیسمی شۆڕشگێری دا و لەبست بەبستی خاکی پیرۆزی نیشتمانی دابەشکراو و لەپێناو پاراستنی ڕەوای گەلەکەمان دا، بەدەیان و بگرە سەدان داستانی سەروەری و قارەمانەتی لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان دا تۆمار دەکا.

لەپرۆسەی خەباتی نەتەوەیی کورد دا کەچەندین دەیەیی تێپەڕاندووەو لەکاروانی نەپساوەی خەباتی پێشمەرگایەتی دا، دوو توێژی لاوان و ژنانی کورد سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی کلتووری, کۆمەڵایەتی و سیاسی سەر ڕێگایان، بەردەوام وەک خوێنی زیندوو و دینامیزمی ئەم خەباتە ڕۆڵیان گێڕاوەو لەمەیدانی پراتیک و کردەوەش دا ئەم دوو توێژە هەموو کات وزەو هێزی نوێیان بەهێزی پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگانە بەخشیوەو بەدڵنیای‌یەوە لەداهاتووی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان داو تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی-دیموکراتیکی کورد و تەنانەت دوای پرۆسەی ڕزگاریش، هیچ هێزێک ناتوانێ کاریگەری لاوان و ژنان و ڕۆڵی ئەم دوو توێژەی گرینگی کۆمەڵگا لە(عرصە)ی سیاسی کوردستان و ئێران دا کەمرەنگ بکاتەوە.

وەکوو هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان داواکاریمان لەخەڵکی خۆراگری ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەم ڕۆژە پیرۆزە وەک ساڵانی ڕابردوو بکەن بەهەوێنی پەرەپێدانی خەباتی شوناسخوازی و مافخوازی لەکوردستان.

سڵاو لە ٢٦ی سەماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی**
**یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

# خۆسووتاندن، کارەساترین و دڵتەزێن ترین خۆکووژی

ن: حەلیمە ڕەسوڵی

ئەگەرچی خۆسووتاندن هیچ کات ڕێگایەکی شیاو بۆ دەربازبوون لە گیروگرفتەکان نییە،بەڵام ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان خۆسووتاندن بە ڕزگاربوون لە دەست کێشەو قەیرانەکانی سەر ڕێگایان دەزانن و بەم جۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. یەکێک لەو دیاردە ترسناکانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە مەسەلەی خۆکوژییە بە پەنابردنە بەر ئاگر لەخۆبەردان . مەینەتیەکانی ژنان هێندە گەورەن کە لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسوتاندن و سەرهەڵگرتن. کاتێک کە دەزانێ خۆسوتان ڕێگایەکی ترسناکە بەڵام پێی باشترە لە ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و کارەسات و ئازاری خۆسووتاندن هەڵدەبژێرێ.

خۆسوتاندنی ژنان یەکێکە لە گەورەترین خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران. ئەو دیاردەیە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا زۆر جار لەلایەن کارناسانی کۆمەڵایەتیەوە کەوتۆتە بەر باس و لێکۆلینەوە.

ـ هۆکار گەلێک زۆر بۆ خۆسوتاندنی ژنان لە ئێران باس کراوە کە لێرەدا بەم جۆرە ئاماژەیان پێدەکەین:

پابەندبوونی کۆمەڵ بە بیرو باوەڕی تەسک و کۆنی کۆمەڵگە و، نەبوونی پردێک لە متمانە وخۆشەویستی لە نیوان خێزان و کۆمەڵگادا، کەمی ونزمی ئاستی ڕۆشنبیری، نەخوێندەواری، بێکاری هەژاری، بەزۆر بەمێرد دانی کچان، دیاردەی فرەژنی و ژن بە ژنە، گوێنەدان بە ئارەزو هەست و سەربەستی و مافەکانی ژن، تەماشا کردنی ژن وەک ئامێرێک یان وەسیلەیەک بۆ دامرکاندنی ئارەزوەکانی پیاو، نەبوونی ئازادی فکری،سیاسی وکلتوری و ئەدەبی، ڕێگە نەدان بەدەربڕینی ویست و داخوازییەکان و بەندکردنی بەهرەکانی ژن، پابەند بوون بە فکری عەشایەرییەوە و سەرنجام پیاو سالاری.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو ناوچانەی ئێرانە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بەهۆی جۆراو جۆر پەنا دەبەنە بەر ترسناکترین و دڵتەزێن ترین جۆری خۆکوژی واتە خۆسووتاندن**

ڕۆحی شەفیعی لە چالاکیەکانی مافەکانی ژنان، توندوتیژی بە گرینگترین هۆکاری خۆسووتاندنی ژنان دەزانێ و دەڵێ کە لەماوەی ئەم سی ساڵەدا، ئێران کەمو زۆر دەرگیری شەڕ بووە و پاشانیش یاسا نابەرابەرەکان و ئەو یاسایانەی کە دژی ژنانن، توندوتیژی بنەماڵەیی دژی ژنان پەرەی پێدراوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو ناوچانەی ئێرانە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بەهۆی جۆراو جۆر پەنا دەبەنە بەر ترسناکترین و دڵتەزێن ترین جۆری خۆکوژی واتە خۆسووتاندن کەلەم نێوەش دا بەپێی سەرچاوەکان پارێزگای ئیلام زیاترین ڕێژەی خۆسووتاندنی ژنان لە ئێراندا هەیە، بەجۆرێک کە دەگۆترێ لە ماوەی ساڵێک دا جاری وایە ڕێژەی ئەو ژنانەی کە خۆیان دەسووتێنن لە چوارسەد کەس تێدەپەڕێ.

خۆسووتاندن بە واتای کۆتایی هێنان بە ژیان نییە، بەڵکوو هاوارێکە بۆ داواکردنی هاوکاری و دەستگیرۆیی لە بەرامبەر کێشەکان دا بەپێی وتەی هێندێک لە کارناسان خۆسووتاندنی ژنان زیاتر لە ناو حەشیمەتی نەخوێندەوار و کەم داهات دا ڕوودەدات بەڵام هێندێکی دیکەش ئەو قسە ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە خۆسووتاندن تایبەت بە گروپێکی تایبەتی لە کۆمەڵگادا نییە.هێندێک لە خاوەن ڕایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە کپ کردن و سەر پۆش دانان لەسەر ئەو هەواڵانەی کە تایبەتە بە خۆسووتاندنی ژنان و هەروەها نەدانی زانیاری بە بنەماڵەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن هۆکارێکە بۆ هەڵکشانی ڕێژەی خۆسووتاندن.

دیاردەی خۆسووتاندنی ژنان لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕێژەیەکی زۆر لە کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەرچاو دەکەوێت. بەپێی ئامارەکان، پارێزگای سنەش دوای ئیلام و لورستان، زۆرترین ئاماری خۆکوژی ژنان و کچانی هەیە.

خۆسووتاندنی ژنان و کچان لە ناوچە کوردنشینەکان بۆ کێشەی بنەماڵەیی، کلتووری پیاو سالاری، توندوتیژی، بەزۆر بەشوودان، زوو شوکردن، بێکاری و نەداری، نەخوێندەواری و لە بەرچاونەگرتنی مافە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی کورد دەگەڕێتەوە.

دوکتور (ڕۆئیا تلووعی ) لە کتێبی ژن و ئاگردا دەڵێ: مەبەستی ژنان لە خۆسووتاندن ئەگەر هەڕەشە یان تۆڵە یان مردنە، بێگومان پەشیمانی بە دواوەیە، کاتێک گڕەکە بەردەبێتە مرۆڤ بە ڕاستی توانای بیرکردنەوەو هەڵوێستێکی دروست نامێنێ ....... بێ ڕەحمەو وەها لەشی مرۆڤ دادەگرێ کە ڕزگاربوون لێی دژوارە. هەرچۆنێک بێ بۆ نەهێشتنی یان لاواز کردنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگادا لە لایەن میدیاو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان پێویستە کاری جددی بکرێت و لە ڕێی دانانی یاسای تایبەت بە مافەکان و بە تایبەت دژ بەو دیاردانەی کە دەبنە کێشە لەبەردەم ژناندا هەنگاوی بە کردەوە باوێن.

لەم نێوانەشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە جێی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم دیاردەیە، دەیەوێ سەرپۆش لە سەر خۆسووتاندنی ژنان دابنێ و وەک مەسەلەیەکی بنەماڵەیی قەتیسی بکاو بە گشتی نایەوێ لە بنج و بناوانی بکۆڵدرێتەوەو بە بەردەوامی سانسۆڕی دەکاو پێیان وایە کە ئەم مەسەلەیە شتێک نیە کە دەبێ لە ڕۆژنامەکاندا باسی بکرێ بە بڕوای شارەزایان گرنگترین ڕێگاچارە بۆ کەمکردنەوە ئەم دیاردەیە دابینکردنی ئەمنیەتی حقووقی ژنان و پەرەدان بە کلتووری پشتیوانی بە مافەکانی ژنانە، ئەمە لە کاتێک دایە کە مافەکانی ژنان لە ئێراندا گرینگی ئەوتۆی پێ نادرێ و هەوڵەکان لە پێناو دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانیش دا بە بەردەوامی ڕووبەڕووی سەرکوت و زەبروزەنگ دەبێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەنگاوەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان

ن: ڕۆژە عەزیزی

توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانیە و لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی جیهانی بەریندا ئەنجامدەدرێت و پێشێلی مافەکانی کەسی ماف خوراو دەکات. دەتوانین بڵێین توندوتیژی بریتییە لە هەر جۆرە ڕەفتارێک یان هەڵسوکەوتێک کە شەخسیەت و کەسایەتی ژنێک بشکێنێ.

توندوتیژی چەند جۆرێکی هەیە وەک: توندوتیژی جەستەی یان دەروونی یان ئابووری،جا ئەو توندوتیژییە لە چوارچێوەی خێزاندا بێت یان لە نێوان دوو هاوسەردا لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەشدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە و کەسایەتی دەڕووخێنێ و کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی ژن دادەنێ.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژانە بینەری چەندین ڕووداوی توندوتیژی ژنان دەبین کە هەر یەکەیان بە بیانویەک مافیان دەخۆرێ و ڕووبە ڕوی ستەمی لێدان و سوکایەتی و سووتان و خۆکوشتن و چەندیمەنی دیکە دەبنەوە.

هەر بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی ژنان و منداڵ و ئەندامانی خێزان لە چەند ماوەی ڕابردوودا بە خۆشییەوە پەرلەمانی کوردستانی عێراق یاسایەکی دەرکرد لە ژێرناوی(یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان).

یاسا بە بوونی لە هەر کۆمەڵگەیەک گرینگی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و مافەکانیان، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک مافی تاکی بەرانبەری پێشێل نەکات و هەرکەسێک لە هەر کاتێکدا لە کۆمەڵگەدا ماف و ئەرکەکانی بزانێت.

دەکرێت بڵێم توندوتیژی خێزانی بریتیە لە: هەر کردارێک یان هەر ووتەیەک یان هەر هەڕەشەیەک لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بنەمای خێزاندا لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایاتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتونەتە ناو خێزانەوە ئەکرێ لەبارەی جەستەی و جنسی و دەروونیەوە زیانیان پێ بگەیەنێ و ماف و ئازادیان لێ زەوت بکات.

گرینگی دەرچوونی یاسای (بەرنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزان) لەوەدایە کە لە چوارچێوەی یاساکەدا چەند مادە گونجێنراوە کە باسی مافەکانی منداڵ و ژن و پیاو دەکات لە چوارچێوەی خێزاندا، دەکرێ بڵێم ئەم یاسایە بۆ ژن نیە بەڵکو تاکەکانی خێزان منداڵ و پیاویش دەگرێتەوە، هەروەها یەکێکی دیکە لە گرینگیەکانی یاساکە دیاری کردنی سزا بۆ بکەرانی توندوتیژی خێزانی و ئەو بکەرانەی ڕادەستی (دادگای بەرنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی) دەکرێن.

لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی چەند لایەن یاخود چەند کردار بە نمونە هێنراوەنەوە کە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێن و ئەو کەسەی ئەم کردارانە ئەنجام بدات بە بکەری توندوتیژی دادەنرێ و سزا دەدرێت، بەکورتی دەتوانین ئاماژە بەو کردارانە بکەین بەم شێوەیە:

**١- هاوسەرگیری بەزۆر.**

– واتە خواستنی کچ یان کوڕ لەسەر پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش نەبێت و کەسانێک بەزۆرەملی هەوڵ بدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیریە. ئەم کردارە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت.

٢– هاوسەرگیری ژن بە ژن و منداڵ بە شوودان.

کاتێک دوو بنەماڵە ڕێک دەکەون لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان لەسەر کرداری ژن بە ژن کە زۆرجار مافی ئەو کەسانە پێشێل دەکات کە هاوسەرگیریەکەیان ڕوبەڕو و دەبێتەوە کاتێک خواستیان لەسەر ئەو پرۆسە هاوسەرگیریە نیە و یەکێکە لە توندوتیژیە خێزانیەکان.

یاخود منداڵ بە شوودان ،کاتێک کچێک هێشتا چێژی لە ژیانی منداڵی خۆی نەبینیوە و لەتەمەنێکی زۆر بچووکدا ڕادەستی ژیانی بێ تەجروبەی هاوسەرگیری دەکرێت بەیەکێک لە توندوتیژیە خێزانیەکان دادەنرێ.

**٣- بەشوودان لە جیاتی خوێن.**

– ڕۆژانە زۆر ڕووداوی دڵتەزێن دەبیستین کە زۆر جار بنەماڵەیەک، کارەساتێک یان ڕووداوێکیان لێ دەقەومێت و خوێنێک بەدەستی بنەماڵەیەکی دیکە دەڕژێت کە زۆرجار ئەو بنەماڵە خواستی نەبووە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ڕوو بدات بەڵام بەداخەوە ئەو بنەماڵەی ڕووداوەکەی لێ قەوماوە داوای خوێن ئەویش (کچ) لە لایەنی بەرامبەرەکەی دەکات. کە کارێکی زۆر نامرۆڤانەیە و یەکێکە لە توندوتیژیەکانی خێزانی کە بەرانبەر ئەو کچە بێ تاوانە ئەنجام دەدرێت.

**٤- لێک جیاکردنەوەی بەزۆر.**

واتە دوو هاوسەر ژیانێکی هاوبەشی بێ کێشەو خۆشیان هەیە بەڵام کەسانێک دەبنە هۆکار جا بەهەر بیانوویەک بێت ئەم دوو هاوسەرە لەیەکتری جیا بکەنەوە و خێزانەکەیان بشێوێنن کە ئەو هاوسەرانە هیچ خواستیان لەسەر ئەم تەلاقە نیەو کاریگەرە خراپەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا کۆتایی ژیانیان لەسەر خۆیان و منداڵەکانیان دەمێنێتەوە.

**٥- بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.**

– ئەگەر ببینە هۆی بڕینی پەیوەندیی کۆمەلایەتی نێوان خزم و کەسوکار و کۆتایی بە پەیوەندییان بێنین بووینەتە کەسێکی بکەری توندوتیژی خێزانی.

٦– مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری کاری بەدڕەوشتی و داوێن پیسی بکات. ئەگەر ڕۆژانە گوێ بیستی چیرۆکی تاڵی ئەو ژنانە بخوێنینەوە کە تووشی دیاردەی لەش فرۆشی بوون دەبینین ژمارەیەکی زۆر ئەو ژنانە بەهۆی مێردەکانیان تووشی ئەم کارە بوون بەناچاری هەر لە چوارچێوەی یاسای( بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) ئەم کردارە بە توندوتیژی دانراوە و بکەرەکەی ڕادەستی دادگای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکرێ وسزا دەدرێت.

**٧- خەتەنەکەدنی مێینە.**

خەتەنەکردنی مێینە ئەو زوڵمەی کە کۆمەڵگە لە ژنی کردووە و ئاسەواری سلبی ئەم کردارە دژە مرۆڤانەیە



تاکۆتایی ژیان لەسەر دەروونی ژن کاریگەری دەبێت و ناهەقی و زوڵمێکی زۆری لێدەکات کە ڕۆژانە ژنانێکی زۆر دەبنە قوربانی ئەم دیاردەیە هەریەکەو بەشێوەیەک باجەکەی دەدەن.

بەخۆشییەوە ئێستاکە لە چوارچێوەی یاساکەدا سزا بە دوو شێوەی (غەرامە یان زیندانی) بۆ بکەران یان هاندەران یان هاوکارانی خەتەنە کردنی مێینە دیاریکراوە و ئەوەی(ناقص سازی) ئەندامی مێینە بکات بە بکەری توندوتیژی خێزانی ناو دەبرێ و سزا دەدرێت.

٨– ناچار کردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەرایەتی بە نارەزایەتی خۆیان. واتە بەزۆر کەسێک ناچار بکەی واز لە کاری خۆی یان ئابووری سەر بە خۆی بهێنی ئەوا ئەو کەسە بکەری توندوتیژی خێزانیە.

**٩ ناچار کردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن بەناچاری.**

– بەپێی جاڕنامەی مافەکانی منداڵان هەموو منداڵێک مافی خۆیەتی تا تەمەنی دیاریکراوی خۆی دووربێت لەهەر چەشنە کارکردنێک و بخوێنێت و داهاتوویەک بۆ گەلەکەی بنیاد بنێ. بەلام ئەو کەسە تەسک بیرانەی کە بەرگری لە منداڵەکانیان دەکەن بۆخوێندن، تووشی جۆرەها کارو سواڵ و نەهامەتی ژیانیان دەکەن، ئەوا بەبکەری توندوتیژی خێزانی دادەنرێ و سزا دەدرێن.

١٠– خۆکوشتن لەئەنجامی توندوتیژی خێزانی.

– ڕۆژانە بینەری ڕوداوگەلێکی زۆری خۆکوشتنی تاکەکانی کۆمەلگەین، بەلام ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو کەسە لەئەنجامی یەکێک لە کردارەکانی توندوتیژی خێزانی گیانی لەدەست داوە ئەوا ئەو بکەرانە ڕادەستی دادگای بەرنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکرێن.

**١١- لەباربردن لەئەنجامی توندوتیژی خێزانی.**

– هەموو ژنێک مافی خۆیەتی ببێتە دایک و نەوەیەکی نوێ بۆ گەلەکەی بەدنیا بێنێت بەلام ئەگەر کەسانێک ئەو ژنە ناچار بکەن ئەو منداڵە لە بار بەرێ و مافەکەی لێ بستێننەوە ببێتە دایک ئەوە توندوتیژی خێزانیە و سزا وەردەگرێ.

١٢– لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بەهەر بیانوویەک.

لێدان و تێکشکاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ یەکێک لەهەرە بلاوترین توندوتیژییەکانە بەداخەوە کە زۆریش ڕوبەرووی ژنان دەبێتەوە، بەلام ئەم کردارە جا ڕوبەڕوی ژن بێتەوە یان منداڵ یان هەر تاکێکی دیکەی خێزان ئەوا توندوتیژی خێزانیە و هەر کەسێک بێت ڕادەستی دادگای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکرێت.

١٣– سووکایەتی پێکردن و جنێودان بەکەسوکار و بەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەرونی و پێشێل کردنی مافاکانی بەزۆر سەرجێی پێکردنی هاوسەران.

– ئەم کۆمەڵە کردارانەش بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێن و بکەران و هاندەرانی ڕووبەڕوی سزا دەبنەوە و لێکۆلینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

دەتوانم بڵێم توندوتیژی دژی ژنان سنووری بۆ نیە و ڕۆژانە ژنانێکی زۆر دەکەونە بەر پەلامار و هەڵسوکەوتی نەشیاو و پێشێلکاری مافەکانیان دەکرێت، بەلام ئێمەی ژنان و ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری مافەکانی ژنان دەتوانین بە هەوڵ و یەکگرتوویمان هەوڵی ناساندنی(یاسای بەرنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی) بدەین و گرینگی بە زیاتر هوشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و چینەکانی کۆمەڵگەکەمان بدەین و زیاتر ژنان بەمافەکانیان ئاشنا بکەین و لە کۆتاییدا ئاواتە خوازم بەهەوڵی هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەکۆمەڵگەدا هەوڵی بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵگەیەکی یەکسان بدەین دوور لەهەر چەشنە توندوتیژیەک دژبە ژنان.



کتێبخانەی ڕابەری
www.rabari.org

# با ئەو کەسانەی ئاڵای یەکسانیخوازییان دەست داوەتێ بە کردەوە بیسەلمێنن

ن: شەونم هەمزەیی

بە پێی داتاکان، سەدا ١٦ هەتا ٢٥ی ژنان لە جیهاندا توندوتیژی هاوبەشەکانی ژیانیان بە سەردا سەپاوە و لانیکەم سەدا ٢٠ی ئەو ژنانە لە ماوەی ژیانیاندا جارێک تووشی دەستدرێژی یان هەڕەشە لە جۆری دیکە دەبنەوە.

توندوتیژی دژی ژنان هەنووکەش و لەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین وەک ئامرازێک بۆ بەردەوامی و بە هێزکردنی بناغەکانی فەرمان وەرگرتن لە پیاوان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. توندوتیژی دژی ژنان شتێکە کە پشتا و پشت دێت و دەچێ.دە گوترێ، ئەو کوڕانەی کە کردە وە ی توندوتیژی دژی دایکانی خۆیان دەبینن، کاتێک گەورە دەبن و دەچنە نێو ژیانی هاوبەشەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان زیاتر لە کوڕانی دیکە کەڵک لە توندوتیژی وەردەگرن. ئەو کچانەش کە توندوتیژی دژی دایکانی خۆیان دەبینن زیاتر لە کچانی دیکە لە گەڵ توندوتیژی هاوسەرەکانیان ڕووبەڕوو دەبنەوە.

توندوتیژی یەکێکە لە دیاردە قێزەونەکانی کۆمەڵگا کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە جیهاندا و بە تایبەت لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا دەبینرێت و ڕەنگدانەوەی ڕوون و بەرچاوی هەیە. توندوتیژی بە داخە وە لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگابە گشتی چ ژن چ پیاو و گەورە و بچووک ئەنجام دەدرێ بەڵام ئەم دیاردەیە زیاتر بەرەوڕووی ڕەگەزی مێ دەبێتەوە. لێرەدا دەمهەوێ تیشک بخەمە سەر هەندێک لایەنی نادیاری توندوتیژی کە بەرامبەر بە ژنان دەکرێ و لەوانەیە ژن زۆر بە باشی هەستی پێ بکات بەڵام ڕەگەزی بەرامبەر دەرکی پێ نەکا یان بۆی گرینگ نەبێ و یان بە مانایەکی دیکە لە ئاست ئەم جۆرە کردەوانە خۆی و بەرامبەریشی فریو بدات.

وەک دەزانین هۆکارەکانی توندوتیژی زۆر و جیاوازن و لەوان دەتوانین ئاماژە بە هۆکاری خێزانی، کلتوور، یاسا نابەجێیەکان، لایەنی ئابووری و زۆر هۆکاری دیکە بکەین. بەڵام لە هەموو هۆکارێک گرینگتر دەتوانین باس لە هۆکارە دەروونییەکانی توندوتیژی یان هەمان توندوتیژی دەروونی بکەین کە کاریگەری زۆر خراپی هەیە لە سەر تاک و کەمتریش هەستی پێ دەکرێ و تەنیا تاک لە دەروونەوە ئازار دەبینێت و دەتوانێ وەک بێ بەزەییانەترین جۆری توندوتیژی باسی لێوە بکرێ کە زۆر جار لە چوارچێوەی توندوتیژییە نهێنییەکاندا دەمێنێتەوە. ئەو جۆرە توندوتیژییە بە چەند هۆکارێکی تایبەت لە ناخی کەسەکاندا بە شاراوەیی ئازاری ڕۆحیان پێ دەگەیەنێ کە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دا، کۆمەڵگایەک کە ئایین و داب و نەریتە کۆنەکان بە سەریدا زاڵە زیاتر ڕەنگدانەوەی هەیە. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا خەڵک بۆ پاراستنی بەهاکانی خۆیان چاوپۆشی لە م چەشنە توندوتیژییە دەکەن. من لێرەدا دەمهەوێ زیاتر باسەکەم بخەمە سەر کەسانێک کە خۆیان بە کەسێکی یەکسانی خواز لە ژیان و ڕەفتارەکانیان دەزانن و بەردەوام دروشمی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەز دەدەن و هەوڵ دەدەن ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگادا بنەبڕ بکرێ. ئەوان پێیان وایە کە هێز نواندن سەرەکیترین هۆکاری توندوتیژییە و بە نەمانی بە کار هێنانی هێزی پیاوان لە بەرامبەر ژنان پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو گۆڕانی بەسەردا دێت. من لەگەڵ بیرکردنەوەیان هاوئاهەنگم و ئەوەش زۆر ڕوونە کە بنەبڕ کردنی ئەو دیاردانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی هەر تاکێک لەو کۆمەڵگایەدا. بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبێت کە ئایا ئەوانە تا چەندە بیرو باوەڕی خۆیان دەخەنە چوارچێوەی کردەوە؟ چەندە هەوڵ دەدەن ڕاستی قسەکانیان بسەلمێنن؟ ئایا بەڕاستی باوەڕیان بە قسەکانی خۆیان هەیە یان لە بەر بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان ئەم دروشمانە هەڵدەگرن؟ ئایا تا چەندە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان دروشمەکانیان دەخەنە قاڵبی پراکتیکەوە؟ ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکە لە مێشکدا دروست دەبێت. دەمهەوێ وەک خۆم باسی ئەو مەسەلەیە بکەم و نامهەوێ بە شێوەیەکی گشتیی بڕیار لە سەر هەموو ئەو کەسانە دەر بکەم کە هەموویان دروشمەکانیان ناخەنە چوارچێوەی کردەوە. هەن کەسانێکیش کە دروشم و کرداریان یەک بێت و ئەو شتەی دەیڵێن باوەڕی دەروونی خۆیان بێت. بەڵام لە ڕاستیدا کەم نین ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا و ئەو شتەی بە قسە دەیڵێن زۆر جیاوازە لە کردەوەکانیان و ئەو شتە لە دەروونیاندا بوونی هەیە.

لێرەدا پێویستە باسی چەند نموونەیەک بۆ ئەو باسە بێنینەوە، گوترا کە توندوتیژی لە چەندین جۆردا خۆی دەنوێنێ، لە کاتێکدا زۆر کەس پێیان وایە توندوتیژی تەنیا بە لێدان و ئازار و ئەزێت و قسەی نارێک و بێڕێزی بە ڕەگەزی مێ دەڵێن. لە کاتێکدا ئەوە تەنیا لایەنێکی توندوتیژییە، زۆر جۆری دیکە لە توندوتیژی هەیە کە هەستی پێ ناکەین یان گرینگی پێ نادەین. لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کۆمەڵگای ئێمە زۆر کەس دەبینرێ کە دروشمی یەکسانی دوو ڕەگەز دەدەن و پێیان وایە کە لە ڕاستیدا توانیویانە هاوسەنگی خێزان ڕابگرن و بە هەموو جۆرێک لە دژی توندوتیژی ڕاوەستن و ئەو دیاردەیە لە ژیانی ئەواندا ڕەنگدانەوەی نیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر لایەنی دیکە هەیە کە ئەم جۆرە کەسانە گرینگیان پێ نەداوە. لە هەمووی گرینگتر زۆربەی ئەو کەسانە نەیانتوانیوە لە باری دەروونیەوە ڕەگەزی بەرامبەریان وا لێ بکەن کە هەست بە توندوتیژی و نایەکسانی لە نیوان خۆی و هاوسەرەکەیدا یان ئەندامانی بنەماڵەکەی نەکا.

توندوتیژی هەمیشە چاوێکی شینەوە بوو یان لوتێکی شکاو نیە، لەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین و لەو کۆمەڵگایەی خۆماندا دەبینین کە بە پەرەسەندنی دنیای مەجازی و هاتنە ئارای تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک و هەروەها بەشەکانی دیکەی ئەو تێکنۆلۆژییەی سەردەمی ئێستا، هەندێک کەس کە خاوەنی خێزان زۆربەی کاتەکانیان بەو شتانە بە سەر دەبەن کە لەوانەیە لە کاتی خۆیدا نەبێت و زۆر پرسی خێزانی لە بەر ئەوە لە بیر بکەن و کارەکەیان لە سنوور لا بدا. یان لەوانەشە زۆر جار لە کاتە شیرینەکاندا بێت کە ژن چاوەڕێی هاوسەری خۆیەتی لە گەڵیدا بێت، لە کاتێکدا هاوسەرەکەی بێ ئاگایە و هەستی پێ ناکا، نازانێ کە ئەو ژنە لە ناخیەوە چ ئازارێکی ڕۆحی هەست پێ دەکا. ئایا ئەو کەسانە پێیان وا نیە ئەمەش جۆرێک لە توندوتیژییە ئەنجامی دەدەن. ئێوە کە زۆر بە کەمی لە خۆشی و ناخۆشی خێزانەکانتان بەشدارن نازانن خێزانەکەتان چەندە پێویستی بە ئێوەیە و ئەویش مرۆڤێکە وەک ئێوە. هەڵگرتنی دروشمی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەز لە کاتێکدا ئێوە لە لایەنە دەروونیەکانی توندوتیژی بێ ئاگان هیچ ئازارێکی ئەوان چارەسەر ناکا.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە هەمووی جۆرەکانی دیکە دەتوانێ خراپتر و کاریگەرتر بێ و مرۆڤ تووشی نەخۆشیگەلێکی وەک نەخۆشیە دەروونیەکان و بە تایبەت خەمۆکی بکا و ئەمەش نە تەنیا کاریگەری لە سەر کەسەکە دەبێ بەڵکوو پەل دەهاوێژێتە سەر ڕەفتار لە گەڵ منداڵ و کەسانی دەورووبەر و هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش. تاڵترین ڕووداو کە تا ئەندازەیەک لەو جۆرە لە توندوتیژی سەرچاوە دەگرێ خوکوژی و خۆ سووتاندنی ژنانی کۆمەڵگای ئێمەیە کە لە زۆربەی کاتەکان ئەو کەسانەی خۆ دەکوژن زیاتر ئەو کارە بۆ دەرباز بوون لە کێشە دەروونیەکانیان ئەنجام دەدەن.

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی کە پێیان وایە هیچ چەشنە توندوتیژییەک ئەنجام نادەن ئەوانەن کە لە ماڵەکانی خۆیاندا ژن و منداڵەکانی خۆیان وەک بەندکراوانێک زیندانی کردووە و بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکەن تاکوو نەچنە دەرەوە و پێوەندی کۆمەڵایەتیان لە گەڵ کەسانی دیکە نەبێ، لە هەمان کاتیشدا خۆیان بە کەسێکی بیرکراوە دەزانن و دروشمی ئەوە دەدەن کە مافی ڕەگەزی بەرامبەریان دەپارێزن و خەڵکی دیکەش ڕێنوێنی دەکەن. ئەمانەی باس کرا هەموویان نموونەی زۆر ئاشکرای توندوتیژی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دایە کە هەستیان پێ دەکرێ. دەتوانین بەو کەسانە بڵێین چۆن دەتوانن تەنیا دروشم بدەن و بەس، ئایا تا کەی خۆیان فریو دەدەن و نایانهەوێ خۆیان بناسن. دەبێ لێیان بپرسین ئەگەر شتێک لە دەروونەوە ناتوانی باوەڕی پێ بێنی ئە ی بۆ لافی پێوە لێ دە دە ی .

کەسانێک کە هەوڵ دەدەن بۆ بنەبڕ کردنی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان دەبێ سەرەتا لە بنەماڵە و کەسانی نزیکی خۆیانەوە دەست پێ بکەن ئەو کات هەوڵ بدەن دروشمەکانیان بەرنە نێو کۆمەڵگا و کەسانی دیکەش تێ بگەیەنن.

هیوا دەخوازم کە هەر تاکێک بە تایبەت ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بۆ لە نێوبردنی ئەو دیاردەیە، دروشمەکانیان بخەنە چوارچێوەی کردەوە و هەوڵی جیددی بۆ بدەن. ئەوەش یەکێکە لە ڕێگاکانی ئەوەی کە ئێمە کۆمەڵگاکەمان بەرەو پێش بچێ و کۆمەڵگایەکی دوور لە جیاوازی ڕەگەزیمان هەبێ، کۆمەڵگایەک کە هەموو تاکەکان لە هەر دوو ڕەگەز هەست بە ماف و بوونی خۆیان بکەن بە تایبەتی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە کە قوربانی ئەم جۆرە دیاردانەی کۆمەڵگاکەمانن.



کتێبخانەی ڕەهبەری
www.rabari.org

# کۆبوونەوەیەک بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ساڵرۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان بۆ خاتوو خەدیجە مەعزوور



**بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر ساڵرۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەک بۆ هاوڕێ خەدیجە مەعزوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی ژنان، لە ساڵۆنی ئامووزش پێک هات، لەم کۆبوونەوەیە دا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ئەندامانی حیزب و ژمارەیەکیش میوان لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەشدار بوون. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین کورتەیەک لە باسی پێشکەش کراو بخەینە بەر دیدی خوێنەرانی(گۆڤاری ژنان)**

خەدیجە مەعزوور لەسەرەتای کۆبوونەوەدا پاش بەخێرهێنانی بەشداربووان گوتی: راستە قوربانیانی سەرەکی توندوتیژی ژنانن، بەڵام هەر لەسەر ژنان بەڕێوە ناچێ، بەڵکو لەسەر منداڵان هەیە کە کڕین و فرۆشیان پێ دەکرێ، لە ژێر تەمەنی یاسای کار دا لە شوێنە ئاستەمەکان دا کاریان پێ دەکرێ و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر و لە فیلمە پورنۆگرافییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ یان توندوتیژی دژی پیرو پەککەوتە و نەقوستانان، دژی زیندانیانی سیاسی، دژی پەنابەرانی سیاسی لە هەندەران، دژی دیلەکانی شەڕ، دژی کەمایەتییە مەزهەبییەکان و یا بەگشتی دژی نەتەوەکان، بەتایبەت دژی نەتەوەی کورد، ڕۆژ نییە بەتاوانی کورد بوون و لەسەر سەرەتایی ترین ماف کوردێک نەگیرێ ئەشکەنجە نەکرێ و ئیعدام نەکرێ یا بەهۆی ئەوەی کوردێک زگی برسی تێر بکا، کۆڵکێشی دەکا، لەو ڕێگایە دا نەکەوێتە بەر گوللەی پارێزەرانی قانوون و بریندار نەبێ یا نەکوژرێ. کەوایە توندوتیژی دژی مرۆڤ لە هەموو شوێنێک و وڵاتیک بەڕێوە دەچێ.

خەدیجە مەعزوور وێنەی وڵاتانی پێشکەوتووی بە تایبەت وڵاتانی ئیسکاندیناوی هێناوە کە چەندە لە بواری مەسەلەی ژنانەوە پێشکەوتوون و یەکسانی و دیمۆکراسی سەقامگیر کراوە وژنان لە پۆستە گرینگ و کلیدییەکان دا بەشدارن و بەتایبەت لە پارلەمانەکان دا قسەی یەکەم دەکەن، بەڵام رۆژ نییە ژنێک نەکەوێتە بەر توندوتیژی و لێی نەدرێ و نەکوژرێ.

کەوایە توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە یا بڵێین قەیرانێکی جیهانییە. خەدیجە مەعزوور لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەیەکی کورتی بە کوردستان و ئێران کرد و گوتی: مرۆڤ بەشێوەی جۆراوجۆر لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگا و لە نێو دامودەزگا دەوڵەتی و حکومەتییەکان دا دەکەوێتە بەر شاڵاوی توندوتیژی جەستەیی و رەگەزی و رەوانییەوە. هەر بەهۆی توندوتیژییەوە رۆژ نییە بە دەیان ژن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەت کوردستان دا ژنان خۆنەسووتێنن، خۆنەکوژن و یا لەلایەن پارێزەران و بەرێوەبەرانی یاساوە !! بێ حورمەتیان پێ نەکرێ، بێکار نەبن، تەڵاق نەدرێن، خۆ فرۆشی نەکەن و هەژار نەبن، لەراستی دا هەژاری لە ئێران دا فیمینیزە کراوە و زۆربەی ژنان لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین.

لەماوەی ئەم٣٣ ساڵە لە توندوتیژی نە تەنیا کونترۆڵ و کەم رەنگ نەکراوەتەوە، بەڵکو توندتریش بووە. هۆی ئەم توندوتیژی نواندنانە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتە چەوت و یاسا پڕ لە ناتەبایی و دژی ژن و دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی.

خەدیجە مەعزوور هەر لەم بارەوە گوتی: ئەو ماددە یاسایانەی کە لە راستیدا دەبێ پێش بە توندوتیژی بگرن و توندوتیژی کۆنترۆڵ بکەن و باس لە یەکسانی و بەرامبەری ئینسانەکان بکەن و فەرهەنگسازی یا بەستێنێکی لەبار بۆ مرۆڤ خۆشەویستی دروست بکەن ومادده یاساییەکان جێ بە جێ بکەن لەگەڵ جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەداخەوە، یاساکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو ماددانەی کە ڕێخۆشکەرن بۆ توندوتیژی نواندن و بێ حورمەتی کردن بە کەرامەتی مرۆڤەکان، لە ڕاستی لە قەوارە و پێکهاتەی یاساکانی ئێران دا هیچ ماددەیەک شک نابەی توندوتیژی کۆنترۆڵ بکا، بەپێچەوانە زیاتر پەرە بە توندوتیژی داوە.

بەڵام پێش ئەوەی سەرنج بدەینە هێندێک لە ماددە قانوونییەکان، با پێناسەی توندوتیژی بکەین کە لە لایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، کراوە، دەڵێ: هەر جۆرە هەڵسووکەوتێکی توندوتیژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر بناغەی ڕەگەز کە دەبێتە هۆی ئازار و ئەزییەتی جەستەیی و ڕەگەزی و ڕەوانی ژنان، یا هەر چەشنە هەڕەشەیەک بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی کردەوەیەکی ناحەز کە ئاکامەکەی بە ناچاری و بە دڵخواز ببێتە هۆی پێشێل کردنی ئازادی ژنان لە کۆمەڵ و ژیانی تایبەتی دا، یا جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە دەڵێ: هەموو ئینسانێک ئازاد و یەکسان لە دایک دەبێ و لە هەموو ماف و ئازادییەک بەبێ هیچ هەڵاواردنێک بەتایبەت هەڵاواردنی ڕەگەزی بەرخۆردارە.

خەدیجە مەعزوور لە کۆتایی ئەم باسە دا چووە سەر ماددە یاساییەکان و گوتی: ئێستا با بزانین ماددە قانوونییەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە لەگەڵ پێناسەکانی بەیاننامەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دێتەوە.

لە سەرەتادا ئاماژەی بە مەسئوولییەتی کەیفەری لە قانوون دا دەکەم کە چ کاتێک و لە چ تەمەنێکدا ئینسانێک لە بەرانبەر کردەوەیەکی دا مەسئوولییەتی کەیفەری هەیە. کچان یا ژنان لە ئێران دا ٦ ساڵ زووتر لە پیاوان دەبنە خاوەن مەسئوولییەتی کەیفەری.

ماددەی ٤٩ی قانوونی سزای ئیسلامی و هەروەها تەبسەرەی ١ لە ماددەی ١٢١٠ی قانوونی مەددەنی، تەمەنی مەسئوولییەتی کەیفەری بۆ کچان ٩ ساڵ بۆ کوڕان ١٥ ساڵی داناوە. لێرەدا کچان لە تەمەنی ٩ ساڵی بە دواوە، ئەگەر تاوانێکی عەمد یان غەیری عەمد ئەنجام بدەن. دەبنە مەسئوول لە بەرانبەر ئەو تاوانەدا، تەنانەت لەوانەیە مەحکووم بە سزای قورس بن.

ئەوە لە کاتێک دایە کە تەمەنی ئیستاندارد کە مەسئوولییەتی کەیفەری هەیە، بۆ کچ و کوڕ ١٨ ساڵە. لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکرات و عەدالەت ویست تەمەنی ٩ ساڵ بە منداڵ دادەنێن و سزای بۆ نییە.

یا لە ماددەی ٢٠٩ی قانوونی سزای ئیسلامی دەڵێ: هەر کات پیاوێکی موسڵمان بە ئەنقەست ژنێکی موسڵمانی کوشت پیاوە قاتڵەکە مەحکووم بە (قصاص) دەبێ، بەڵام لە پێشدا بابی ژنەکە پێش (قصاص)ی پیاوە قاتڵەکە دەبێ نیوەی دییەی پیاوەکە بدا.

بڕوانن ژنە کوژراوە و بۆ (قصاص)ەکەش دەبێ نیوەی دییەی پیاوە قاتڵەکەش بدا. بەڵام بە گوێرەی ماددەی ٢٢٠ی یاسای سزای ئیسلامی، ئەگەر باوک یان باپیری منداڵ، منداڵەکەیان بکوژن، سزای (قصاص) لە سەریان بەڕێوە ناچێ. ئەم ماددەیە تەرویجی قەتڵ دەکا یانی هەر کاتێک باب و باپیر لە نەوەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەزایەتیان نەبوو دەتوانن بە ئاسانی گیانی لێ بستێنن بێ ئەوەی سزایەک لە گۆڕێ دابێ.

یا لە ماددە ٢٥٨ی قانوونی سزای ئیسلامی هاتووە: هەر کاتێک پیاوێک ژنێک بکوژێ، خاوەن خوێن یان باوکی ژنە لە جیاتی حەقی (قصاص) لە قاتڵەکە بە وەرگرتنی نیوەی دییەی ڕەزایەت بدا یا دەتوانێ لەسەر ئەندازەی دییە پێکەوە سازش بکەن.

بڕوانن گیانی ژن چەندە بێ بایەخە کە تەنانەت لە (قصاص)یش دا جیاوازی هەیە و لەسەر خوێنیش معاملە دەکەن.

ماددەی ٣٠٠ی یاسای سزای ئیسلامی دەڵێ: دییەی قەتڵی ژنێک چ بە عەمد و چ غەیری عەمد بێ، نیوەی دییەی پیاوە. چاو لێ کەن جیاوازییەکە چەندە زۆرە.

لە ماددەی ١٠٢ی قانوونی سزای ئیسلامیدا هاتوە کە بۆ (زنای محصنه کە حوکمی سەنگسارە) سەنگسار کردنیش بۆ پیاوان تا نزیک نێو قەد دەچێتە ناو گڵ، بەڵام ژنان تا سینگ لە گڵ دەنێن و بەردە باران دەکرێن دیارە زۆر جاریش پیاو سەنگسار ناکرێن یا لە تەبسرەی ماددەی ٦٣٨ی یاسای سزای ئیسلامی دەڵێ: ئەو ژنانەی بێ پۆشش و حیجاب لە شەقام و کۆڵانەکان لەبەر چاوی خەڵک خۆدەرخەن، حبس دەکرێن یان بە سزای نەقدی مەحکوم دەبن.

ژنان لەسەر وەبەرچاو نەگرتنی ئەم ماددەیە، بەکۆمەڵ دەکەونە بەر بێ حورمەتی کردن و توندوتیژی، لەڕاستی دا ژنان ئیزنیان نییە جلو بەرگی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن و لەبەر بکەن.

بەگوێرەی ماددەی ٦٣٧ی یاسای سزای ئیسلامی، ئەگەر ژنێک پێوەندی ئەوینداری لێ ئاشکرا بێ بەمەرجێک پێوەندییەکەیان نەگەیشتبێتە پێوەندی جەستەیی، سزاکەی ٩٩ زەربە شلاقە، بەڵام ئەگەر لەوە تێپەڕێ ئەوە دووسزای هەیە یا ١٠٠ شلاق یا بەردەباران. ئەوە پەرەپێدانی توندوتیژی نییە چیە؟

یا لە ماددەی ١١٦٩ی یاسای مەدەنی دا لەسەر حەزانەت یا ڕاگرتنی منداڵ هاتووە و ئەم ماددەیە دەڵێ:

بۆ بەخێوکردنی منداڵی کوڕ تا ٢ ساڵ لەلای دایکە و دوای ئەم دوو ساڵە، حەزانەتەکە بە باب دەدرێ، بەڵام منداڵی کچ تا ٧ ساڵ حەزانەتەکەی بە دایکە و پاشان بە باوک، ئەگەر باوکیش لە ژیان دا نەمابێ بە باپیرە.

ماددەیەکی سەیرە دایک ٩ مانگ منداڵ لە زگیدا بەخێو دەکا تا دوو ساڵ کوڕ و تا ٧ساڵ کچ گەورە دەکاو لە پێناوی پێگەیاندنیان دا شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، بەڵام لە کۆتایی دا بەر و بومەکەی یەکی دیکە کەلکی لێ وەردەگرێ، هەستی دایک لێرەدا هیچ بایەخێکی بۆ دانانرێ. منداڵ دەدرێ بە باب، ئەگەر باب لە حزووردا نەبێ دەدرێ بە باپیر، ئەگەر تەمەنی ٨٠ ساڵیش بێ. .

یا لەماددەی ١١٠٨ی یاسای مەددەنی ئێران دا هاتووە، کە ئەگەر ژن لە ژیانی هاوبەشدا نەتوانێ بەو شێوەیەی کە پیاو دەیهەوێ و ئارەزوویەتی ڕەفتار بکات، دەبێتە هۆی قەتعی نەفەقە و خەرجی ڕۆژانە.

پرسیار ئەوەیە ئەگەر پێچەوانەی ئەوەبێ چی، بەومانایە کە پیاو، ژن (تمکین) نەکا ئەوە گرینگ نییە و نابێ سەرنجی بدرێتێ. ئەو ماددەیە لە هۆی ئەوە ناگەڕێ کە ژن بۆچی ناتوانێ (تمکین) بکا، ڕەنگە


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



ژن لە بواری دەروونی و فیزیکی بارودۆخی تەواو نەبێ و نەتوانێ بەو شێوەیەی کە پیاو حەز دەکات ڕەفتار بکا. یا ژن بە نابەدڵی بە مێرد دراوەو لە ژیانی و مێردی ڕازی نییە، ئەو ماددەیە بێجگە لە توندوتیژی و بێحورمەتی کردن و بە هێند نەگرتنی هەستی ژن چی تێدایە؟

هەروەها، زۆر ماددە گەلێکی دیکە لە بارەی حەزانەتی، (تمکین)، زنا، تەڵاق، میرات، شاهیدی دان، قصاص، دییە و زۆر مەسەلەی دیکە کە دژی مرۆڤن و توندوتیژی لە کۆمەڵدا دروست دەکەن، لە یاساکانی ئێراندا وەبەرچاو دەکەون.

لەڕاستیدا لە یاسای مەدەنی و یاسای سزای ئیسلامی و یاسای بنەڕەتیدا هەزار ماددەی یاسایی تێدایە کە باس لە دژایەتی لەگەڵ ژن دەکەن و توندوتیژی سیستماتیزە دەکەن و پەرەی پێ دەدەن و کەرامەت و کەسایەتی ژنان بە تایبەتی و مرۆڤ بە گشتی دەشکێنێ، مرۆڤ جێگای ئینسانی و شیاوی نییە لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

خەدیجە مەعزوور لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ: پرسیار ئەوەیە چی بکەین توندوتیژی کەم بکەینەوە، یان کۆنترۆڵی بکەین؟

دیارە تا ژیان بەردەوام بێ توندوتیژی هەر بەردەوامە. ئەوە ڕاستییەکە، زۆر دیاردەی وەک هەڵاواردنی ڕەگەزی، بە چاوی زەعیفە ڕوانینە ژن، گرینگی نەدان بە توانای ژن لە نێو خێزان و کۆمەڵگا و دامودەزگا دەسەڵاتدارە حکومەتی و دەوڵەتییەکان دا هەیە کە توندوتیژی توندتر دەکا، کە وایە یا دەبێ ئەم توندوتیژیانە وەبەرچاو نەگرێن و بێ تەفاوەت بین یا دەبێ ڕێگەیەک بۆ کەم کردنەوەی بدۆزینەوە کە چۆن ئەو توندوتیژیانە کەم دەکرێنەوە. یەکەم ناسین و هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بە تایبەت ژنان:

ناسین: لەسەر مافەکانیان و جۆری ئەو توندوتیژییە کە پێیان ڕەوا دەبینن.

هۆشیار کردنەوە: سەبارەت بە چۆنیەتی بەربەرەکانی کردن و ڕاوەستان و، بەربەرەکانی کردن لەگەڵ توندوتیژی.

ئەوەش بە ڕاگەیاندن و میدیاکان و بە پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و باس و سیمیناری بەردەوام جێ بە جێ دەکرێ

دووەم ئاڵوگۆر پێکهینان یا چاکسازی لە ماددەقانوونییەکان:

لەڕاستیدا دەبێ یاسا کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانەکان بپارێزێ، نەوەک بیخاتە مەترسییەوە. دەبێ پشتگیری لە ئینسان بە تایبەت لە ژنان بکاو هەڵاواردنی تێدا نەبێ دەبێ یەکسانی بە هۆی پارێزەرانییەوە لە ماددەی قانوونییەکان لە کۆمەڵ و بنەماڵەو دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا سەقامگیر بکا.

پاشان ئەگەر کەسانیک پیچەوانەی ماددە قانوونییەکان ڕەفتار بکەن، لە لایەن پارێزەرانییەوە بەردەوام سزا بدرێن، ئەگەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بێ، دەتوانرێ تا ڕادەیەک خۆش بین بین کە توندوتیژی بە شێوەی ئێستا دژی مرۆڤ ئەنجام نادرێ و کەم دەبێتەوە.

دیارە ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی زۆرە. هەر ڕێگایەک بۆ خۆی شوێن و تەئسیری هەیە، وەک بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سڕینەوەو لابردنی داب و نەریتە دزێو و کۆنەکانی نێو بنەماڵە، نەهێشتنی نەخوێندەواری و دەخالەت نەدانی ئایین مەزهەب لە نێو قانوونەکان دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی

و: فاتمە بوداغی «ڕووبار»–بۆکان

شەپۆلی دووەمی فێمێنیست، لە فەڕانسە، بە سیمون دوبوارەوە دەناسرێ. ئەو ئەدەبیات وەک گرینگترین مانای دەسەڵاتی باوکسالار لە بنەماڵەدا دەناسێنێ. دوبوار لەم باوەڕە دایە کە نووسەرانی پیاو ڕوانگەیەکی کۆنەپارێزانەیان سەبارەت بە ژن هەیە. نووسەرانی پیاو لە بابەت ژنانەوە دەنووسن تا باشتر و بە تەواوی خۆیان بناسن.

ڕوانگەی سیمون دوبوار لە جەرگەی هەمووی فێمێنیستە فەڕەنسییەکاندا شەپۆلێکی بەهێزە، ئەو لە کتێبی جنسی دووەمدا دەڵێ: «کاتێ ژنێک دەیهەوێ خۆی بناسێنێ بەم ڕستەیە دەست پێ‌دەکا «من ژنێکم». هیچ پیاوێک ئەم کارە ناکا. ئەم ڕاستییە، نەبوونی دۆستایەتی بناخەیی نێوان زاراوەی «پیاوانە» پیشان دەدا. بۆ تاریفی مرۆڤ لە وشەی «پیاو» کەڵک وەردەگرن نەک لە وشەی «ژن» ئەو لەم باوەڕەدایە کە: «ژنان لە نێو پیاوان دا بڵاو بوونەتەوە، نە مێژوویان هەیە، نە نەزمێکی سروشتی. ئەوان بە پێچەوانەی گرووپە چەوساوەکانی‌تر، پاڵ وێک نادەن و یەکێتییان نییە. ژن لەگەڵ پیاودا پێوەندیکی هاوسەنگیان هەیە. پیاو هەر ئەم «کەسایەتییە» و ژنیش «ئەمی‌تر». دەسەڵاتی پیاو، جۆری کەش‌وهەوای ئایدۆلۆژیای هێناوەتە ئاراوە: «یاسادانەران، کەشیشەکان، فەیلەسوفەکان، نووسەران، سپۆڕان تێکۆشاون نیشانی دەن ئەم پلەو پایەی ژێرچەپۆکە بوونی ژن لە ئاسمان دیاری کراوە و لە زەوی‌دا بە قازانجە. »

سیمون دوبوار دەڵێ: «بوونی ژنان بە پێچەوانەی پیاوان دوو لایەنی هەیە. » ئاستی مرۆڤایەتی پیاو بە هیچ جۆرێ لەگەڵ چارەنووسی ئەو لە بابەت پلەی نێر بوونی ئەودا دژایەتی نییە. بەڵام ئەم چاوەڕوانییە لە ژن دەکرێ بۆ سەلماندنی ژنێتی، خۆی وەک کەل‌وپەل یان نیچیرێک لێ‌بکا. مرۆڤایەتی ژن لەگەڵ مێینەبوونی ئەو جیاوازە و وەک دوو ڕێیانێک وایە، جا هەر کامیان هەڵبژێرێ، حاشا لە بەشێک لە بوونی خۆی دەکا. ژن تەنیا کاتێ لەم دووبەرەکایەتیە ڕزگاری دێ وا مرۆڤایەتی و جنسیەتی ئەو بە یەکەوە جیاوازیان نەبێ. »

مارگارت دووراس، یەکێک لە پێشڕەوانی ڕۆمانی نوێ و بزوتنەوەی ژنانە، لە بەرهەمەکانی‌دا زۆر کێشە و پێوەندی کۆمالایەتی لەگەڵ زەین و دەروونی مرۆڤ تێکەڵ کردووە.

مارگارت دووراس لە نووسراوەکانی‌دا لە ئەوین و مردن وەک، دوو دونیای خرۆشاو، بەرین و پڕ سۆزی ژن باس دەکا و قولایی دەرون و هۆگریەکانی ژن دەلێتەوە.

مارگارت دووراس لە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی ژنان‌دا دەڵێ: «نووسراوەی ژن لە «نەناسراویەوە» سەرچاوە دەگرێ، لە ئاکام‌دا بە جێی ئەوەی زمانێکی لە پێش‌دا دارێژراو بێ، پێوەندییەکی نوێیە. بەڵام بۆ دەسکەوتی ئەو جۆرە نووسراوەیە دەبێ بنەمایەکی پتەومان بێ. زۆربەی ژنان لەم باوەڕەدان دەبێ ڕێوشوێنێک ڕەچاوکەن وا تا ئێستا باو بووە. واتە بۆ هاتنە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە دەبێ وەک پیاوان بنووسن. کولێت، چیرۆک نووسێکی هاوچەرخی فەڕەنسی لە زمان کیژێکی یاخی و سەر بزێو و ژیکەڵەوە دەنووسێ. ئەو «ئەدەبیاتی ژنانە»ی بە خواست و سروشتی پیاوان دەنووسێ. لە ڕاستی‌دا ئەمە ئەدەبیاتی ژنان نییە. ئەدەبیاتێکە لە ڕوانگەیی پیاوانەوە ژنانە ناسراوە و هەر خۆشیان لە خوێندنەوەی چێژ وەردەگرن. لە ڕوانگەیی منەوە ئەدەبیاتی ژنان ئەدەبیاتێکە نەترس و بوێر و بێکەین‌وبەینە و ئیتر ئێمە نابێ لەگەڵ ئەم شتەی تا ئەمرۆکە نووسراوە هەڵی سەنگێنین و دادوەری بکەین ئەمجاریش وەک پیاوان لە بنکەیەکی تیۆریکەوە دەست پێ‌بکەین. پیاوان ئەو دارژتنە برست و وزەی پیاوانەیان کردە بنەما و ئەو شتەی وا لەم هێزە وەرگیراوە بریتین لە وشەکان، وشەگەلی یەک لایەنە بۆتە هۆی بێ‌دەنگی پتری ژنان. بە ڕای من ژنان هیچ کات خۆیان بە وتە ئاشکرا نەکردووە. ئەم باسە وەک ئەمە وایە پرسیارم لێ‌بکەن: بۆچی چینی کرێکار (پرولتاریا) نووسەریان تێدا نییە؟ بۆچی کرێکاری موسیقا زانمان نییە؟ بۆ خولقانی موسیقا دەبێ ئازادی تەواو هەبێت. موسیقا تێکشکانی سنوورەکانە، شێتییە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕەبەری www.rabari.org

شێتییەک وا ئازادانە بە گیان دان و خۆبەخت کردن وەدەست هاتووە. »

«ئیمەسزر» شاعیرێکی ڕەش پێست دەڵێ: «لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕەش پێستێکدا خەڵک لە خۆیان دەپرسن داخوا خوێنەکەشی ڕەشە؟ بەڵام هیچ کات ئەم پرسیارە نایەتە زەینیانەوە داخوا ئەو خوێنی سپی هەیە؟ کاتێ لەگەڵ پیاوێک ڕووبەڕووین دەتوانین لە خۆمان بپرسین: داخوا بەشێکی ژنانەی هەیە؟ خاڵی گرینگ ئەمەیە. واتا گۆڕانکاری لە هەر شتێکدا، بۆ نموونە ڕەخنە و ڕاقە و هاوێر کردن.

فێمێنیستە فەڕەنسییەکان هۆگری شکانی پێکهاتەی باوکسالارین. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی ڕەوان وێژی دەدا. بە پێی ڕوانگەی فرۆید کچۆڵەیەک بە دیتنی ئەندامی جنسیی پیاوان، تێدەگا ئەو ژنە و هەر ئەوەی وا ئەندامی جنسیی وەک پیاوانی نییە، خۆی بە شێوەیەکی کلۆل دەناسێنێ و لە ئاکامدا «بەخیلی بە ئەندامی جنسیی پیاو» دەبێتە گرێیەک لە بیر و مێشکیدا. بە پێی ڕوانگەیی فرۆید، بە خیلی بە ئەندامی جنسیی پیاو لە ژناندا بە گشتی و هۆی «ڕقی یەختەیی بوونی» Castration Complex دەبێتە هۆی ئەمە خۆیان بە «مرۆڤێکی ناتەواو» بە ئەژمار بێنن. لەم ڕوووەوە ڕوانگەی فرۆیدیان نێوناوە «نێرینەسالار» Phallocentric. ٣ فێمێنیستەکان لە هەمبەر ئەم ڕوانگەییە وا ژن بە «ژێرچەپۆکە، هۆگری خۆی، خۆئازاردەر و گیرۆدەی ڕقی بەخیلی سەبارەت بە ئەندامی جنسیی پیاوانە» دەزانێ بە توندی دژایەتی دەکات. هێندێ لە فێمێنیستەکانی فەڕەنسی لەم باوەڕەدان «ئەندامی جنسیی پیاو» لە ڕوانگەی فرۆیدەوە چەمکی «سیمبولیک» هەیە نەک ڕاستێکی بوونەوەر ناسانە. لاکان بە کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلی «ئەندامی جنسیی پیاوان» مانا دێرینەکانی ئەو وشانە لە ڕێوڕەسمەکانی زاوزێدا دەخاتە بەرچاو و بە ئاماژە کردن بەو مانا «سیمبولیک»یە ئەوە وەک دەسەڵات بۆ پیاوان دەناسێنێ.

پاڵپشتی بنەمایی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی فەڕەنسی دەقە. واتە جەخت کردن لەسەر تام و چێژوەرگرتنی بەهرەمەند لە نووسین و خوێندنەوە دەتوانێ بێتە هۆی گەشە سەندنی ڕواڵەتگەلی جیاواز و چەند لایەنەی زەینی. ئەوان زاراوەی «نووسراوەی ژنان» (Ecriture Feminine) لە کار دەکەن. ئەم زاراوەیە کریستوڤا٤ (K ristova)، ئیریگاری (Irigaray) و سێکسوس٥ (Cixous) لە کاریان کردووە. بنکەی بڵاوکراوەکانی ژنان لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٠ زایینییەوە پشتیوانی لەم باوەڕە کردووە و بەشێکی بەرچاوی «نووسراوەی ژنان» بڵاو کردۆتەوە.

ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی فەڕەنسی بایەخ دەدا بە داخوازییەکانی «ئەندامی ژنان وا لە نووسراوەدا بەیان دەکرێ لەم باوەڕەدایە وا ئەم شێوە دەربڕینە دەشێ دارێژەری بنەمای زمانێکی جیاواز بێ. ئەم خۆازیارییە لە زۆر بواردا بێئیختیار، دەر براوە. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی ئەم بێ ئیختیاریە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە ئاکام دا بەوە دەگا کە وێکچوونی ئەم بێئیختاریە لە ژناندا دەتوانێ کۆمەڵە وێنەیەکی جیاواز پێکبێنێ.

لە «نووسراوەی ژنان»دا نووسەران هۆگریان بە نووسین لە بابەت لەشی ژناندا هەیە. هێڵن سێکسوس توانی ئەم هۆگرییە لە ڕێگەی سەرنجدان بە ئۆستوورەوە ڕێکوپێکتر کا. سێکسوس دووبەرەکایەتی و دژایەتی نێوان چالاکی وداماوی یان ناچالاکی (Activity /Passivity)، ژێردەست ، باڵا دەست (Superior/Inferior) لە ئۆستوورەدا وەک شەرێکی جنسیی دەزانێ و پێوەندی نێوان زانیاری و دەسەڵات لە نووسراوەکانی خۆیدا دەخاتە بەر ڕەخنە. ئەو لە گەڵاڵەی وانە گوتنەوەی خۆی و نووسراوەکانیدا، بنەمای ئەم گەڵاڵەیە لە سەر دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ژن و لەشی ژن و نووسراوەدا دەڵێ: ئەو هەر لە بەرهەمەکانی شکسپیرەوە تا ڕۆمانتیسمی ئاڵمانی و بەرهەمی نووسەری هاوچەرخی برزیلی (Clarie Lispector )، هەموانی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

سێکسوس لە پێکەنینی میدۆزا (The Laugh of Medusa)دا ڕاگەیەندراوێکی ناسراوی نووسراوەی ژنانە و لە ساڵی ١٩٧٥ زایینیدا نووسیویەتی و پێشکەشی کردووە بە سیمۆن دوبوار،داوا لە ژنان دەکا خواستەکانی خۆیان لە نووسراوەکانیاندا بدرکێنن. ئەو ژنان بە بەردەنگ دادەنێ و دەڵێ: «خۆت بنووسەوە و خواست و پێداویستیەکانی تۆ دەبێ ببیسرێن. تەنیا بەم جۆرە کانگای بێ بنی زەینی بێئیختیاری تۆ هەڵ دەچێ. » لە ڕوانگەی سێکسوسەوە زەینێکی تەواو و بە گشتی ژنانە هەر نییە، بەڵکو خەیاڵاتی ژن بێ برانەوە و جوانە، ژنێکی نووسەر کە بە ڕاستی ڕزگار بووە کاتێ دێتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە دەڵێ: «من ... لێوڕێژم، داخوازی و خواستەکانی من خواستی نوێیان خوڵقاندووە. لەشی من گۆرانیی نەبیسراوەکان دەزانێ. زۆر جاران ... من هەست دەکەم هێندە سەر ڕێژم لە سێڵاوی نوور کەوا دەتوانم تێک بشکێنم ... . »

سێکسوس لە هەنگاوی یەکەمدا زانیارییە دارێژراوەکانی پیاوانە تێک دەشکێنێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا شتێک دەتوانێ بێت و جێی دەسەڵاتی پیاوانە بگرێتەوە، دارشتنی زمانی ژنانەیە وا نیشان دەری جیاوازی جنسییەتە. ژن دەبێ خۆی لە جەغزی بە ناو عەیبوعار ڕزگار کاو «ئەوەی وا شیاوی ئەوە، خواستەکانی خۆی، گۆڕەپانی بەرینی هەبوونی خۆی وا سەربەمۆر و دەست لێنەدراو

ماوەتەوە، وەدەستی بێنێتەوە. » لە ڕوانگەی ئەوەوە نەریتی باوکسالار توانیویەتی دەنگی ژنان لە گەرووەدا بێدەنگ کا و وای کردووە ژن هەست بە تاوانباری بکات. ژنان دەبێ هەست بە تاوانباری وەلانێن. تاوانی ئەوە وا لە ڕادە بەدەر گەرم وگوڕن یان لە ڕادە بەدەر بێهەست و سارد و سڕن. هەستی دایکانەیان لە ڕادە بەدەر یان تا ڕادەی پێویست دا یک نین و شتی لەم چەشنە.

لە ڕوانگەی هێلن سێکسوسەوە هۆگریەک وا ژنان بە «نووسراوەی ژنان» هەیانە، نووسین لە بابەت لەشیانەوەیە. سێکسوس بە لێکۆڵینەوەی ئۆستورەکان توانی ئەم هۆگریە ڕێکوپێکتر کات. چیرۆکی هێرا (Hera) و جوانی ڕازاو (Sleeping Beauty) چیرۆکێکن لە سەر داکۆکی ئەو، لەمەڕ پێوەندی نێوان ناوی ژنان و جنسییەتی وان پێک هاتووە. هێنانە بەرچاوی جنسیی (Sex) ژنانە لەگەڵ گڵێنەیەکی بچووکی هەنگوین وا لە دارستان گیرۆدە بووە، خوازەیەکی پیاوانەیە. سێکسوس لەناو بردنی جیاوازییەکان حاشا دەکا و دەخوازێ ئەو جیاوازیانە وەدەر بخرێن. سێکسوس « نووسراوەی ژنان» پەیوەند دەدا بە دەورەی پێش ئۆدیپی لاکان وا لەودا جۆرێ یەکێتی پێش ئۆدیپی لە نێوان منداڵ و لەشی دایکدا هەیە و جیاوازێک (Difference) نییە. ئەم گەڕانەوە ڕزگاری دەرە بۆ «دایکی باش» سەرچاوەی هەڵ قووڵینی ڕوانگەی شاعیرانەی سێکسوس لە نووسراوەی ژنانەیە وا ڕەنگبێ جۆرێکی نوێ لە جەزبەی جنسیی جیاواز پێک بێنێ. سێکسوس لە پێوەندی لەگەڵ جنسییەتی ژنانەدا دەڵێ: «خواستی ژنێک، بەو هەموو حەز و تاسە لەبڕان نەهاتووەوە ... بە هەزار ئاهەنگ قسەدەکا». لەراستیدا ئەو سەبارەت بە ژوی سانس (Jouissance) کە وا ئەو پەری چێژی جنسییەتە قسە دەکا.

هێڵن سێکسوس نەیاری لەگەڵ داب و نەریتی توندی باوکسالاری بە ئەرکی سەرشانی ژنانی نووسەر دەزانێ وا هەمیشە لە «چوارچێوەی» قسەدا لە ژێر دەسەڵاتی پیاوان کاریان کردوە. ژن دەبێ «جۆرێ زمانی دەربڕین پێک بێنێ وا نیشاندەری دەروونی ئەو بێ. » هێڵن سێکسوس لەم باوەڕە دایە زمان سیستمێکی دینامیکە (چالاک)ە نەک لەشێکی پێکهاتە لە چەند ئەندامی ڕێکوپێک و دابەشکراو. سێکسوس پێوەندی ناوەکی مانایی وشەگەل و مانای تێگەیشتن لە نووسراوەدا موتالا دەکا و چۆنیەتی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ماناگەل و تێگەیشتنی نەریتی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە بە هەر جۆرێ بێ ژنان نووسراوە جیاواز لە پیاوان دەخوێنەوە. جا کەوابوو دەبێ بزانین داخوا نووسەری ژن بیچمێکی وای خوڵقاندوە وا لە زەینی خوێنەردا پرسیار بێنێتە ئاراوە؟ دەبێ بزانین چ شتێک بایەخ گەلی جنسیی لە بێ دایە بۆ ژنان، چ سیاسەتێکی جنسیی لە پێوەندی نێوان دەنگی نووسەر و قارەمانی کتێب بە خوێنەری ژن پێشنیار دەکرێ. ئەگەر وایدانێین نووسەرێک لەگەڵ قارەمانی چیرۆکەکەی پێوەندێکی نزیک پێکبێنێ، لەم کاتەدا، داخوا زمان ئەم دەسەڵاتەی هەیە دڕدۆنگ بێ لە ناساندنی جنسییەت؟

ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی فەڕەنسی ئەم پرسیارە بنەماییە دێنێتەئاراوە، داخوا نووسین جنسییەتی هەیە؟ داخوا نووسەران سەبارەت بە جنسییەتی خۆیان هیچ زانیاریەکیان هەیە؟ داخوا ئەم زانیارییە لە نووسراوەیاندا پیشان دەدەن؟

مارگارت یورسنا (Marguerite yourcenar) لەم باوەڕە دایە نووسەرێک وا لە ژیاننامەی خۆیدا ئەزموونی دایک بوون بەیان دەکا، جنسییەت بە ئاشکرا لە نووسراوەکانیدا دەبیندرێ.

لە ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسیدا جگە لە «نووسراوەی ژن» باسی زمانیش بایەخێکی زۆری پێدەدرێ. ئەم ڕەخنەیە هۆگری هەیە بە لەناوبردنی گوتاربێژی باوکسالار لە زماندا. سیمۆن دوبوار لەم بابەتەوە دەڵێ: «لەگەشە کردنی زمانی ژن بەرگیری کراوە. لە فەرهەنگ و کۆمەڵناسیدا زمانی ژن وەک «ئەویتر» (Other) لە کار کراوە، نەوەک «خۆی» (Self). زۆربەی فێمینیستی فەڕەنسی ئەم ڕوانگەیان قەبووڵە و بە ڕەوای دەزانن.

نەریتی ڕەخنە، ئەدەبیات وەک ڕێکخراوەیەک وا بە هۆیدابونەریت و ژانری (Genre) مێژوویەوە ئیدارە دەکرێ دێنێتە ئاراوە. ئەم شتە دەبێتە هۆی ئەمە وا ئێستاش نووسراوە لەگەڵ مانا و تاریفی ڕابردوو هەڵدەسەنگێندرێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ژن چۆن دەتوانن بایەخگەلی مێژوویی‌داڕێژراو تێکشکێن و پێوەندی نێوان زمانی ژنانە و ئەدەبیات بێنە ئاراوە؟

ژنانی ڕەخنەگری فێمینیستی فەڕەنسی جەختی زۆر دەکەنە سەر زمان و بە سەرنجدان، جیاوازییەک وا لە زمان دا هەیە، زمانی ژن دەکەنە بەردەنگی خۆیان. جنسییەتی وان لە سەر پێکهاتەی زمانێکە وا ئیتر وەک زمانێکی ناکۆک و نێگەتیڤ، نەژمێردرێ.

ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی ئیستاکە لەم باوەڕە دایە بۆ خوڵقاندنی زمانی ژنانە دەبێ لە بواری رووناکبیریەوە بڕوانین. چونکە گۆڕانکاری دەسەڵاتی زمان هەموو کات، بەشێک لە گەلاڵەی رووناک بیرانەیە. لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی فەڕەنسییەوە زمان لۆسەیەکی ناوەندی بووە وا پیاوان بەم هۆیە دونیایان کردۆتە تایبەتی خۆیان و بە لەکارکردنی مانای زمانی دەستیان بەسەر ژندا گرتوە. ڕەخنەگرانی فێمینیستی فەڕەنسی شوێنەواری زمان لە ئەدەبیاتدا و ناساندنی زمانی ژنانە و پیاوانە بە ئەرکێکی بنەمایی دەزانن.

ئیریگاری ئەم پرسیارە دەوروژێنێ: «ژنێک بە زمانێک وا دژی ژن بێ! چۆن دەتوانێ قسە بکا و تەنانەت بیر بکاتەوە؟» ئەو هۆگری گۆڕانی پێکهاتەی زمان، وشەمەنی و شێوەی ناساندنی زمانە. ئەو دەڵێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تا زەمانێک ئێمە زمانی خۆمان نەئافراندبێ و زمانی لەش ('Body Language) وەدەست نەکەوتبێ، تەنیا هێندێک جوڵانەوە دەمێنێتەوە، چیرۆک لەگەڵمان هاوڕێ بێ.

لە ڕوانگەی ئیریگارییەوە سیستمی باوکسالارارانە کەوا بەسەر ژناندا سەپاوە لە سەر بنیاتێکی لاواز دارژاوە و لەگەڵ ڕوانگەی فرۆید سەبارەت بە جنسییەتی ژنانە پێوەندی هەیە. بۆ وێنە چەمکی «بەخیلی بردن بە ئەندامی جنسیی پیاوانە» لە سەر ئەو بنەما فیکریە دارژاوە وا پیاو، ژن بە «ئەوی‌تر» دەبینێ. ژن ئەندامی جنسیی پیاوانەی نییە. ئەم مەسەلە وەک لایەنی بۆشایی و لاوازی کەسایەتی ژن کەڵکی لێوەرگیراوە. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە ژنان، لە ژێر چاوەدێریی کاتی و هەمیشەیی پیاواندا نابینرێن تەنیا دەتوانن لە کەشو هەوایەکی نالەبار یان عیرفانیدا بوونێکی وەک تارماییان هەبێ. ژن وەک عارفێک، تەنیا دە توانێ لە بوونی تاکەکەسی خۆی حاشا بکا و هەر بەم بیچمە پێ بنێتە هەرێمی باوکسالارییەوە.

لوس ئیریگاری، هێز و توانای خۆی خستە سەر نووسراوەی ئەم پیاوانەی وا کاری تیۆری دەکەن. ئەو بە ڕەخنە گرتن، کاری پلاتۆ (Plato) هێگێل و فرۆیدی تێکشکاند و وێنەکی نوێی لەم زانیاریانە پیشاندا.

ژولیا کریستوڤا لە کتێبی ناسراوی خوی بە ناوی شۆڕش لە زمانی شێعریدا (La Revolution du language poetique)، لێکدانەوەیەکی ڕووناکبیرانە و ڕەوان ناسانەی قووڵ، لەمەڕ پێوەندی دوولایەنە، نێوان ئێشی ئاسایی و شاعیرانەدا، دێنێتە گۆڕێ. مرۆڤ لە سەرەتادا، لە کەشو هەوایەکیدا دەژی وا کردەوەی جسمی و ڕەوانی بە بیچمێکی ئاهەنگین لەواندا بەردەوامە، ئەم ڕەوتە بێبڕانەوەی ئاکارەکان، هێدی هێدی لەگەڵ قەید و بەندی بنەماڵە و کۆمەڵگا، فێرکاری دەورانی منالی، کەسایەتی جنسیی جیاکردنەوەی هەرێمی گشتی و تایبەتی و شتی لەم چەشنە، بەردەوام دەبێ. لە قۆناخی یەکەمدا، واتە قۆناخی پێش ئۆدیپی، ڕەوتی کارەکان لە دەوروبەری دایک دەسووڕێتەوە و ڕێ بەوە نادا کەسایەتی فۆرمێکی دیاری کراو بە خۆوە بگرێ. لەم قۆناخەدا قەوارەی ئازای لەش و پێوەندی ئەوان لەگەڵ یەکتری دیاری دەکرێ. ڕەوتی ناکۆکی بزووتنەوەکان، ئەداو ئەتواری منداڵانە، دەنگ و سەداکان، کێش و ڕیتمگەلی بەر لە زمانگرتنی منداڵ، دەبێتە بنەمای ناسینەوەی «نیشانە»گەل وا ئەویش، بە چاوەدێری کردەوەی زمانی کاملی گەورە ساڵان، هەر وا دەمێنێتەوە. کریستوڤا لە م باوەڕەدایە جنسییەتی ژن لە بواری بەرهەم هێناندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاعیرێتی ژن پێوەندی هەیە. شێعری «ئاماژەیی» لەگەڵ ئەندامی ژن سەروکاری هەیە لە کاتێکدا شێعری «سیمبولیک» لەگەڵدابونەریتی باوک پێوەندی هەیە و سانسۆر و سەرکوت دەکا تا قسە هەوێن بگرێ. ژن بێدەنگێکی «بێئیختیار» و پێشڕەو لە قسەدایە. ژن هەر ئەو «ئەوی‌تر»ەیە وا لە دەرەوە ڕادەوەستێ و هەڕەشە لە ڕێکوپێکی وریایانە و عاقڵانەی گوتار دەکات و دەیهەوێ بیشێوێنێ. کریستوڤا سیڵاوی هێزی ڕزگاری دەری سەرکوت نەکراو و غەیری سەرکوتگەر پێوەند دەدا بە ژنەوە. شاعیری ژێر و پێشڕەو، چ ژن، چ پیاو دەچێتە هەناوی‌دایکەوە و لەگەڵ ناوی باوکدا بەرەنگاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکا. بۆ وێنە، مالارمە بە بەراوەژوو کردنەوەی دەستوری نەحوی، دابونەریتی باوک سەروبن دەکا و بە گەڕاندنەوەی ئەم سێلاوە ئاماژەیی و دایکانەیە، خۆی وەکدایک و تێکەڵ بەدایک دەکات. کریستۆڤا ئەم شۆڕشە شێعرییە لە پێوەندیکی بەر تەسک دا لەگەڵ شۆڕشی سیاسەتی بە گشتی و ئازادی ژن بە تایبەتی، دەبینێ.

ڕەخنەی فێمینیستی دەبێ وێنەیەک لە ئانارشیسم پێک بێنێ وا لەگەڵ «قسەی پێشکەوتوو» بتوانێ بەرابەری بکات یان یەکیتی بێ. لایەنگرێکی ڕەخنەی فێمینیستی بە ناچار دەبێ ڕێوشوێنی فەلسەفی، سیاسەتی ئانارشیسم قەبووڵ بکا تاکوو بتوانێ دەسەڵاتی مەنتق (Phallocentric) نێرینەسالار خاپوورکا. کریستوڤا، جیاوازیدانانێ لە نێوان زوڵمێک وا لە ژن دەچێ و هەر وەها لە گروپەکانی تری کۆمەڵگا پەراوێزەکان یان لە وانەی چەوساونەتەوە. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی لە پێکهاتەشکێنی کەڵک وەردەگرێ و لەم باوەڕە دایە وا تێگەیشتنی گشتی لە سپی و ڕەش، ژن و پیاو، فەرهەنگ و سروشتدا دەبێ لە ناو بچێ. لەم مانا سازکراوانەدا لایەنێکیان وەک نەریت دەناسرێ بۆ وێنە (سپی ـ پیاو) و دەبێتە هۆی بێبەش بوونی لایەنیتری نەیار (ژن ـ ڕەش). فێمینیستی پێکهاتەشکێن دەست دەکا بە خاپوور کردنی باوەڕەکانی کۆمەڵگای باوکسالار. بۆ وێنە ئەم حاشا لەم گریمانەیە دەکات وا دەڵێ سروشتییە ژن خوازیاری منداڵ بوونن و ئەمەش نیشاندەری سروشتی ئەوانە و دەڵێ ئەمە پێوەندی لەگەڵ سروشتی بیولۆژیکی و دەروونی ژندا نییە. ئەو لەم باوەڕەدایە فەرهەنگ، ئەدەبیات و کەرەسەی پێوەندی گشتی بە بیچمێکی حاشا هەڵنەگر پێکهاتوون وا کەسایەتی جنسیی خۆمان و کەسانیتریش قەبووڵ کەین و بە کردەوەیەکی سروشتی بزانین. پێکهاتەشکێنی ئەم مانایە تێکدەڕمێنێ.

پێکهاتەشکێنی لە لایەن ژاکدریدا Jacques Derrida، فەیلەسوفێکی فەڕەنسییەوە هاتە ئاراوە. ژولیا کریستوڤا، لوسئیریگاری و گایاتریئیسپیواک Gayatri Spivaوەرگێڕی دریدا لە نووسراوە پێکهاتەشکێنییەکانیدا بوون، پێشوازیان لەم ڕوانگەیە کرد. دریدا پێیخۆشە ناوەندیکی «لۆگۆسانتریسم» Logo centirsm پێک بێنێ. «لەو جێیەی وا وشە هەبوو» «وشە» وەک سەرەتا بۆ هەر شتێک، ئەرکی پێکهێنان یان پەیداکردنی لە ئەستۆدایە، دەستەبەری وەدیهاتنی هەمووی دونیایە، بەس هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم هۆیە. ئەگەر چی ئینجیل بەرهەمێکی نووسراوەیە، بەڵام وتەی خوا هەر لە بنەڕەتەوە «گوتارییە». وا وێدەچێ وتەیەکی گوتاری لە گیان لەبەرێکەوە هەڵ دەقوڵێ، لەو بیروڕایەی وا سەرچاوەی لێ گرتووە، نزیکترە تا وتەی نووسراوە. لە ڕوانگەی دریداوە، ئەم دەسەڵاتەی گوتار بە سەر نووسراوەدا (وا ناوی ئاوا ـ تەوەرەیی لێ ناوە) یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کلاسیکی لۆگۆسانتریسمە. دریدا وشەی «difference» جیاوازیدادەنێ تا بەم جۆرە سروشتی بەش کراوی دیاردە وەدەرخا.

خوێندنەوەی دەق بە بیچمێکی پێکهاتەشکێنانە، بە سەرنجدان بە قۆناخە یەک لە دوای یەکەکان، دەس پێدەکات و بە هەوڵدان بۆ بەراوەژوو کردنەوەی دەق درێژەی دەبێ و لە ئاکامدا ناهێڵێ بەشی دوویەم ـ ی (دەق) بگوازێتەوە بۆ قۆناخی سەرتر و بەم جۆرە قۆناخێکی نوێ لەم زنجیرەیەدا پێک نایات.

بۆ وێنە بلیک لەم باوەڕەدابوو میلتون لە خوڵقانی سەرکەوتنەگەورەکانی خۆیدا لایەنگری شەیتانە و شێلی وای دەزانی شەیتان لە بواری ئاکاری دا لە خوا گەورەترە. ئەوان زۆر ئاسایی زنجیرەی ئەم باسەیان بەراوەژوو کرد، شەڕیان کردە جێنشینی خێر. پێکهاتەشکێنی کاتێ دەست پێدەکا دەقێک خۆی لەو چوارچێوە یاساییەی وا بۆی دانراوە، لابدات. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕنسی بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەشکێنی زۆرتر سەرنج دەداتە زمان و ئەو مکانیزمە دواخەرانەی زمانی باوکسالاری ئاشکرا دەکا و تێکی دەشکێنێ. ڕەخنەگرانی فێمینیستی فەڕنسی هۆگریان هەیە بە خوڵقانی زمانی ژنانە لە نووسراوەی ژناندا و مسۆگەری دەکەنە سەر لایەنی ژن ، پیاو و ئەم ڕوانگەیە وا ژن وەک لایەنێکی ناکۆک و زیادی دەناسرێ، تێکی دەشکێنین.

ڕەخنەگرانی فێمینیستی فەڕەنسی بە دوای ڕێوشوێنی ژنانە نووسین و ژنانە خوێندنەوەی ئەدەبیی و فەلسەفی لە بەرهەمدان. لە ڕەخنەی فەڕنسیدا، نووسینی لەش Writing the body، گرینگە. ئیریگاری لەم باوەڕەدایە بۆ لە ناوبردنی بیچمی پیاوانە، ڕەخنە پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە تەسویری ژنانە. ئەمە تەنیا نمادێکە، وا ژن پێکیان هێناوە و دەتوانێ لەگەڵ زۆربەی ژنان قسە بکا. خوازەی لەشی ژنانە ڕەخنەی فەڕەنسی لە هەمووی ڕەخنەکانیتر جیا دەکاتەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی سەرنجی بنەمایی خۆی دەداتە «نووسراوەی ژنانە» و هەر وەها دەقیش یەکێ لە سەرنجە بنەماییەکانییەتی. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی هۆگری زۆری بە ڕەخنەی ڕەوانتوێژانەوە هەیە. سەرنج دەداتە بەرهەمی نوسەرانی پیاو و ڕەخنەیان لێ دەگرێ. ئەم ڕوانگەیە ڕەد دەکاتەوە و بە نارەوای دەزانێ وا دەڵێ نووسەرانی ژن دەنگی ژنانە لە بەرهەمەکانیاندا دەخوڵقێنن. ڕەخنەی فێمینیستی فەڕەنسی کاریگەری ڕوانگەگەلی جیاوازی بە سەرەوەیە. ئیرادێک وا لە «ژولیا کریستوڤا و هێلنسێکسوس » دەگیرێ ئەمەیە وا لە نووسراوەکانیاندا لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی پیاوان قسەی باوی (پیاوانە) لە مەڕ خوێندن و نووسیندا بەرزتر دەفرن. هەر بەم هۆیە نووسراوەکانیان سەرەتا بە بیچمێک دەکەونە بەرچاو هیچ کەس تێیناگا.

وەرگێڕاوە )لە وێبلاگی یوونس ڕەزایی (



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شانامەی فێردەوسی و ژنانی ناو شانامە

ن: نیعمەت مەلا

لە ناو گەلانی ئێراندا کتێبی شانامەی فێردەوسی یەکێک لە هەرە کتێبە بەرزوبەنرخەکان ئەژمار دەکرێ و کوردەکان تاکو ئێستا کە شانامەو چیرۆکەکانی ناو ئەویان زار بە زارو و نەوە بۆ نەوە گێڕاوەتەوە و ئێستاکەش زۆرکەس بە هۆگریەوە ئەم کتێبە دەخوێنەوە.

ئەو کتێبە بەناونگە بەیەکێ لە شاکارەکانی جیهان ئەژمار دەکرێ کە بەچەندین زمانی جۆراوجۆری جیهان وەرگێڕدراوە و کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەش لەم وەرگێرانە بێ بەش نەبووە.

یەکێ لەو کەسانەی کە شانامەی فێردەوسی کردۆتەوە کوردی ئەڵماس خانی کەلهوڕە کە بە ئەلماس خانی کوردستانی بەناو بانگە و لە ساڵی(١١٦٥)ی کۆچی لە دێی ماراۆ لە نیزیک شاری سنە لە دایک بووە و شانامەی بە دەسناڵ وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی شیرینی گۆرانی و ئێستاکەش لەم کتێبە یەک نوسخەی ماوەتەوە کە لە دێی «گاوارە»ی سەر بەشاری کرماشان دایەو هەروا بەدەست نووس پارێزراوە.

بەڵام شانامە چۆنەو نووسەری شانامە کێیە؟

شانامە باس لە ئازایەتی گەورە پیاوانی کۆنی ئێران و جیهان و باس لە تێکشکانەکان، سەرکەوتنەکان، ئازایەتی و مەردایەتی، هەروەها چەندین چیرۆکی کۆنی ئێران دەکات.

شانامە لە نووسینی حەکیم ئەبوالقاسمی فێردەوسی لە دایک بووی ساڵی (٣١٩)ی هەتاوی بەرابەر بە(٣٢٩)ی هـ . ق و هاوکات لەگەڵ (٩٤٠)ی زایینی لە دێی «باخر» یک «باز»ی «کۆنوو»پاژی»ئێستا کە لە ١٥ کیلومیتری شاری مەشهەد سەر بە پارێزگای خۆراسان هەڵکەوتووە.

لە بارەی منداڵی ئەو شتێک لەبەر دەست دانیە بەڵام بەچاو لێکردن لە شانامە و خوێندنەوەی دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو لە دەورانی منداڵیی دا کاتی بە فیرۆ نەداوە و خەریکی فێربوون بووە و شارەزایەکی باشیشی لە سەر زمانی عەرەبی و شاعیرانی عەرەب و زمانی پەهلەوی هەبووە.دەورانی منداڵیی ئەو لە سەردەمانی سامانیەکان تێپەڕ بووە و سامانیەکان گرینگیەکی تایبەتیان بە ئەدەبی فارسی داوە.

زۆر لە شارەزایانی بواری ئەدەبی فارس، سەرەتایی دەست پێ کردنی شانامە لە لایەن فردوسی لە تەمەنی سی ساڵی و لەو شانامەی ئەبوومەنسوری دەزانن، بەڵام بە پێی هەندێک بۆچوونی لاواز وتراوە کە گوایە فردوس هەر لە سەرەتایی دەورانی لاوەتیەوە خەریکی نووسینی شانامە بووە.

فێردەوسی لە ناو شانامەدا باس لە دەسەڵاتدارەتی(٤) دەسەڵات دارێتی ئێران دەکات کە بریتیە لە:

١-پێشدادیەکان
٢-کیانیەکان
٣-ئەشکانیەکان
٤-ساسانیەکان

جگە لەم مێژوانە فێردەوس لە ناو شانامەکەی دا زۆر چیرۆکی کۆنی ئێرانی هێناوەتەوە کە بە پێی قسەی زۆر کەسان و نووسراوە و بەڵگە دەردەکەوێ کە ئەو چیرۆکانە هەر لە کۆنەوە و لە پێش فردوسی لە ناو ئێران دا باویان هەبووە و زار بە زار و نەوە بە نەوە گەڕاون.

لەناو چیرۆکەکانی فێردەوسی دا دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کە ئەم چیرۆکانە زیاتر لە چیرۆک بوون هەروەک چیرۆکەکانی ڕۆستەم و سۆهراب، ڕۆستەم و ئێسفەندیار و چیرۆکی سیاوەش.

چیرۆکەکانی شانامە لەمانە پێک هاتووە.

١-بیژەن و مەنیژە
٢- ڕۆستەم و سۆهراب
٣-ڕۆستەم وئێسفەندیار
٤-چیرۆکی سیاوەش
٥-چیرۆکی ئەکوان
٦-زاڵ وڕودابە
٧-بیژەن و بەرازەکان(کە بەشێکە لە چیەوکە دووروو درێژەکەی بیژەن و مەنیژە)

کە هەموویان لە شارەکانی ئەدەبی ئێران ئەژمار دەکرێ.

فێردەوسی کاتێک شانامەی دەست پێ کرد کە لە پێش ئەودا ئەبوو مەنسووری دەستی بە نووسینی کردبوو بەڵام نیوە تەواو مابۆوە.

فێردەوسی کاتێک زانیوێتی کە کارەکەی ئەبوو مەنسووری نیوە تەواو ماوەتەوە بۆ دیتنەوەی شانامەکە بەرەو بۆخارا پایەتەختی فەرمانڕەوایی سامانیەکان وەڕێ دەکەوێ تاکوو ئەم کتێبە بدۆزێتەوە و بە شێعر بینووسێتەوە.

بەڵام کە دەگاتە ئەوێ و دەگەڕێ بۆی نادۆزرێتەوە و بە نائۆمێدی دەگەڕێتەوە.

لە کاتی گەڕانەوەی بۆتوس تووشی یەکێ لە دۆستانی بەناوی ئەمیر مەنسوور دەبێ، ئەمیر مەنسوور بە ئەمیری باوکی محەمەد کوڕی عەبدولڕەزاق، تەواوی شانامەی ئەبوو مەنسووری لە پێشتردا نووسی بۆوە و لە ئێختیاری فێردەوسی دەنێ.

فێردەوسی شانامە بە دووجار تەواو دەکات.

جاری ئەوەڵ لەسەر بنەمای شانامەکەی ئەبوو مەنسووری لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ساڵی (٣٧٠)ی هیجری قەمەری دەست پێدەکا و لە ساڵی(٣٨٤)هـ٠ق هاوکات لەگەڵ ساڵی(٣٧٢)ی هەتاوی بە کۆتایی دێنی.

دووهەم جار لە کاتی لەسەر کار لاچوونی دەوڵەتی سامانیەکان بە هاتنە سەرکاری سوڵتان مەحمودی غەزنەوی لە ساڵی(٣٩٤)هـ . ق هاوکات لەگەڵ (٣٨٢)ی هەتاوی لەتەمەنی ٦٥ ساڵی خۆیی دا بەو هیوایە کە کتێبەکەی پێش کێش بە سوڵتان مەحمود بکات دەست پێ دەکاتەوە. بە پێی نووسینەکانی فێردەوسی ساڵی تەواو بوونی بەشی دووهەمیش لە ساڵی( ٤٠٠ هـ٠ق لەتەمەنی حەفتاو یەک ساڵیدا دا بە کۆتایی دەگەێنێ.

فێردەوسی شانامەکەی لە (شەش ـ حەوت) بەشدا بۆ سوڵتان مەحمود دەنێرێ بەڵام بە پێی نووسراوەکان فێردەوسی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی تەنانەت سەیریشی نەکردوون و هەر وەک بۆخۆی دەڵێ: (زکر اندر این داستانها نگاه) هەر بۆیەش وڵامی بۆ فێردەوسی نەناردۆتەوە.

لەبەر ئەمەش دوای ڕووداوی ئەم ڕووداو فێردەوسی تەنیا زەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی کردووە. بەڵام مردنی فردەوسی تاکوو چوار سەدە دوایی خۆی ڕێکەوتی مردنی لە شانامەبایسە نەفەری دا دەنووسرێ و لە پێش ئەودا کە نەینووسیوە ئەویش ساڵی(٤١٦)ی هـ٠ق نووسیوە.

لە کاتی مردنی نەیان هێشتووە کە تەرمەکەی لە ناو گۆرستانی موسڵمانەکان منێژرێ و هەر لەبەر ئەم هۆیە لە ناو باغی خۆی یان کچەکەی لە تووس دەنێژرێ.

دەگێرنەوە کە هۆکاری ئەم نەهێشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکێ لە زاناکانی شاری تووس بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوەکانی نیزامی عەرەبی.

هەروەها عەتاری نەیشابووری لە ناو نهێنی نامەکەی دا دەڵێ: کە گوایە شێخ ئەکابەر، ئەبوالقاسم بە پێی ڕەوایەتێک لەسەر تەرمی فێردەوسی نوێژی نەکردووە و حەمدوواللای مستەفیش لە پێشەکی کتێبی زەفەرنامە ئەو کەسە بە شێخ ئەبداقاسمی کۆرکانی ناو دەبات. تەرمی فردەوسی ئێستا کە لە شاری تووسی خۆراسانە،

کاتێک سەیری زۆربەی ناوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری دەکەین دەبینین کە زۆربەی ناوەکان لەناوی ناو شانامەی فێردەوسی وەرگیراون لەو ناوانە دەتوانین باس لە ناوەکانی وەک: کەیوومەرس، هوشەنگ، جەمشید،کاوە، فەریدوون، گوڵئەندام، مەنیجە، تەمینە و لەم چەشنانە.

شانامە لەسەر بەحری موتەقاریبی موسەمەنی مەحذوف(یان مەقسوور) نووسراوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر بەحری (فعولن، فعولن، فعولن، فعل (فعول) )لە ناو شانامە و بەشی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی باس لە ٢٤ ژن دەکرێ کە لێرە دا بە کورتەیەک ئاماژە لە ژیانی ٩ لەم ژنانە دەکرێ کە بریتین لە:

١- ئارەزوو:ژنی سەلەم کوڕی فەریدونە.

فەرەیدوون کە سێ کوڕی هەبوو سێ کچەکەی پاشای یەمەن بۆ کوڕەکانی دەخوازێ و ئارەزوو کە گەورەترین خۆشک بووە دەبێتە ژنی سەلەم گەورەترین کوڕی


کتێبخانەی ڕەهبەری www.rabari.org

فەریدون.

٢- ئازادە: ئازادە کەنیزێکی چەنگ ژەنی ڕۆمی بووە کە لەگەڵ بارامی گۆڕ زۆر چووە بۆ ڕاوو جارێکیان بارامی گۆڕ لێی توورە دەبێ و دەیخاتە ژێرپێی ئەسپەکەی.

٣- ئازەرمی: ئازەرمی یا ئازرم لە ساڵانی (٦٣٠یان٦٣١ی زایینی) سی و دووهەمین پاشای ساسانی و کچی خوسرەو پەرویز بوو کە دوایی خوشکەکەی پووراندۆخت فەرمەندەکانی ئەویان لە تیسفوون کرد بە پاشای وڵات.

ئازەرمی دۆخت بە مانای کچی دێت کە پیرنابێ. فەرمانڕەوای خۆراسان فەرۆخ هۆرمۆز کە یەکێ لەو کەسانە بوو،کە پێداگری لەسەر هاتنە سەرکاری خۆی دەکرد ئەوی بە هاوسەری خۆی خواست.

لەکاتێک دا لە ئازەرمی بەڵێنی هاوسەری بەو دابوو، بە نەهێنی پیلانی کوشتنی ئەو دادەڕێژێ و دوایە دەیکوژێ.

ڕۆستەم فەرۆخ هۆرمۆز کوڕی فەرۆخ هۆرمۆز بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە هێرش دەکاتە سەر پایتەخت و دوای گرتنی پایتەخت ئازەرمی دۆخت دەگرێ لە پێش دا کوێری دەکات دوایە دەیکوژێ.

٤- ئەرنەواز: ئەرنەواز لە کتێبی ئەوێستایی دا ئەرنەوەک یەکێ لە دوو خۆشک یان کچی جەمشید پاشای ناوداروو ئەفسانەی ناو چیرۆکەکانی شانامە ئەژمار دەکرێ کە لە پێشدا دەبێ بە هاوسەری زوحاک و دواتر کە فەرەیدوون زوحاک دەکوژێ دەبێتە هاوسەری فەرەیدوون. (خوشکەکەشی ناوی شەهرزاد بووە).

٥-خاتوونی گازۆر: لە ناو شانامە دا خاتوونی گازۆر بەژنی پیاوێکی گازۆر ناو دەبرێ.

گازۆر بەو کەسانە دەوترێ کە کاریان شۆردنی جل و بەرگە.

٦- خاتوونی مەهبوود: خاتوونی مەهبوود لە ناو شانامە دا ئیشارە بەوە کراوە کە خێزانی مەهبوود یەکێ لە وەزیرەکانی ئەنووشیرەوان بووە.

فێردەوسی باس لە نەجیبی و پاکی ئەو ژنە دەکات کە خواردنی شای لە ناو سێ جامی زێرین دا ئامادە کردووە و هەموو جارێ خواردنەکان بە دوو کوڕەکەی خۆی بۆ شەهریارشا دەبات.

بەڵام بەهۆی پیلانی زەروان ناوێک کە لە ناو کۆشک دا ژیاوە دەکەوێتە بەر تووڕەیی شاو بۆخۆی و هەردووک کوڕو مێردەکەی دەکوژرێن.

٧- پووراندۆخت: پووراندۆخت یان پووران بە مانای سور دێت و یەکێ لە ژنە پاشاکانی ئێران بوو کە لە سەردەمی ساسانییەکان سی هەمین پاشای وڵات بووە و لە ساڵی ٦٣٠ی میلادی دوایی کوژرانی جوانشێر و شەهرباز دێتە سەر دەسەڵات.

پووراندۆخت بە کچی پەرویز ناو دەبرێ لەناوشانامە دا.

٨- فەرانەک: فەرانەک دایکی فەرەیدوون و هاوسەری ئابتینە بووە. ئەو لەگەڵ کوڕەکەی لە ئاوایەک بە کاری کەشاوەرزی خەریک بوونە و دوایی کوژرانی هاوسەرەکەی بەدەستی زوحاک لە ترسی ئەوەی کە کوڕەکەی بکوژرێ کوڕەکەی هەڵدەگرێ و دەیباتە بناری چیایە کوو لەلای پیاوێک بەجێی دێڵێ و دەگەڕێتەوە.

شایەنی باسە کە لە ناو شانامە دا ئاوا باس کراوە کە دوای ئەوەی کە زوحاک خەون بە فەرەیدون دەبینێ فەرمان دەدا کە بیدۆزنەوە و بیکوژن بۆیە کە دایکی ئاگادار دەبێتەوە ئەمە دەکات، بەڵام دوایی ماوەیەک دیسان دەچێتە لای کوڕەکەی و لەگەڵ خۆی دەیباتە لای پیاوێکی دەرویش لە بناری چیای ئەلبۆرزو لەوێ دەمێنێتەوە تاکوو کوڕەکەی فەرەیدوون گەورە و بەهێز و پتەو دەبێ.

٩-گۆرد ئافەرین:گۆرد ئافەرین یان گۆرد ئافەرید ژنە پاڵەوانەکەی ئێران بووە کە بەکچی هەژدهەم ناودەبرێ و لە ناو چیرۆکی ڕۆستەم و سۆهراب دا گۆرد ئافەرین لەگەڵ سۆهراب شەر دەکاو دوایی بە دیل دەگیرێ بەڵام بە زیرەکیەک کە هەیبووە خۆی لە دیلی سۆهراب ڕزگار دەکات.

گۆرد ئافەرین یەکێ لە پارێزەرانی سنووری ئێران بووە لە خۆراسان.

هەروەک باسم کرد لە ناو شانامە دا باس لە ٢٤ ژن دەکرێ کە بەم شێوەیەن:

١- ئارەزوو ٩- پووراندۆخت
١٧ – فەرانک ٢- ئازادە ١٠- تەهمینە
١٨- فەرەنگیس ٣- ئازەرمی دۆخت
١١- حەریرە ١٩- کەتایوون ٤_ ئەرنەواز ١٢-ڕودابە ٢- گۆرد ئافەرین ٥-ئێسپەنووی ١٣-سودابە
٢١-گوڵ شەهر ٦-خاتوونی گازۆر
١٤-سەهی ٢٢- ماەئافەرین
٧-خاتوونی گۆردی ١٥- سین دۆخت ٢٣-هوومایی ٨- خاتوونی مەهبوود ١٦شەهرناز
٢٤- مەنیژە

ئەمانە ناوی ئەو ژنە پاڵەوان و شاژنانی ناو کتێبی شانامەی فێردەوسی بوون کە هەرکامیان بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێک بابەت و نووسراوەن کە ئەگەر بمانهەوێ لەسەر هەرکامیان بە تێرو تەسەلی بنووسین ئەوە زیاتر لە چەندین کتێب هەڵدەگرن بۆیە لە چەند ژن لە ناو شانامە کورتەیەکم هێناوە.

لەکۆتایی دا بابەتەکەم بەم شێعرەی فێردەوسی کۆتایی دێنم کە دەڵێ:

پی اخکندم از نظم کافی بلند
که از بادو بارانش نیابد گزند

سەرچاوەکان سایتی فارسی ویکی پدیا

شانامە وەرگێردراوەکەی د. سەدیق بۆرکەیی(مفی زادە)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا

ن: کوێستان فتوحی

ئەو دایکەی کە پاش ئێعدامی ڕۆڵەکەی بەشانازییەوە باس لە خەباتی نەتەوەکەی دەکا و خۆی بەسەربەرز دەزانێ کە ئەو ڕۆڵەیەکی ئەوتۆی پەروەردە کردوە، کە گیانی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کردوە، چی ناو بنێین؟ ئەو دایکەی کە هاوار دەکا و بە لاوەکان دەڵێ ڕێگەی شەهیدەکانی کورد و کوردستان درێژە بدەن، چی ناو بنێین؟ ئەو ژنەی لە کاتێکدا هاوسەرەکەی بە هۆی کاری سیاسی و خەباتگێڕانە لە زینداندا بووە، یان پێشمەرگە بووە، و بە مانگان و ساڵان لە بنەماڵەکەی دوور بووە، لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا فیداکاریی کردوە و باڵی بە سەر منداڵەکان ـ بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان_ دا کێشاوە و نەیهێشتوە منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش بن، چی ناو بنێین؟ ئەو کچەی لە سەر بیروباوەڕی ئازادیخوازی دەکەوێتە زیندان ، ئازار دەدرێ و تەنانەت ئێعدام دەکرێ، شایانی چ ناوێکە؟ ئەی ئەو ژنەی بەبێ ترس لە کاتی شەڕە سەختەکاندا نان و ئاوی دەگەیاندە پێشمەرگەکانی کوردستان، کێیە؟

ئایا ژنانی پێشمەرگە هەر ئەو ژنانەن کە لە ڕیزی حیزبەکاندا چەکیان پێیەو ناویان پێشمەرگەیە؟ ئەدی هەموو ئەو ژنانەی کە چەکیان هەل نەگرتوە بەڵام لە هەموو کات و ساتێکدا لە ڕێی ئازادیی و بەختەوەریی نەتەوەکەیان خەریکی خەبات و تێکۆشان بوون ناچنەی خانەی پێشمەرگەوە؟

چاو لە هەر بەشێکی کوردستان دەکەین بە سەدان کچ و ژن لە بەندیخانەکانی دوژمندا ئەشکەنجە دراون و گوللەباران کراون. ئەوانە ئەگەر لە ڕێکخستنێکی سیاسیدا نەبووبن و هاوکاری بزووتنەوەی کورد نەبووبن، بۆچی ئەمە چارەنووسیان دەبوو؟ بەڵام بەداخەوە ئەگەر ڕۆڵیان دیار نیە، یان کەم دیارە، ئەگەر ناویان نیە، ئەگەر بەبێبایەخی چاو لە ڕۆڵ و نەخشیان کراوە، وەک هەموو بوارەکانی دیکە، لە ئاکامی زاڵبوونی بیروبۆچوونی پیاوسالارانە دابووە کە بە کەمبایەخ سەیری کردوون و نەخشی ئەوانی بەشاراوەیی هێشتۆتەوە و نەهێڵراوە بەو جۆری کە هەن دەرکەون. ئەگینا زۆر روونە هیچ خەباتێک بەبێ بەشداریی ژنان نەکراوە و ناکرێت و قەتیش سەرناکەوێت.

ئەمە ڕاستییەکە و حاشای لێناکرێ کە ڕێژەی ژنان و کچان لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە و چالاکیی پێشمەرگایەتیدا لە چاو پیاوان بە داخەوە زۆر کەم بووە، ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە بۆچی ڕێژەی ژنان لەو جۆرە لە خەباتەدا کەمترە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ژنان خۆیان لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دزیوەتەوە. ژنانی کورد ئەگەر بۆیان نەکرابێ بە فراوانی بچنە نێو هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵام هەمیشە پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بە سەدان و هەزاران نموونە هەن لە پشتیوانی و هاوکاریی ژنان لە گەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان. ئەگەر ئەمڕۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەڵدەڵێن و هەمووکات بە پشتیوانانی پێشمەرگەکانیان ناو دەبەن، بۆ بەشی زۆری ئەو پشتیوانییە مەدیونی ژنانن.

هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا و بە یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک، توانیویەتی ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی بەڕێوە بەرێ. پێشمەرگە ئەو کاتەی برسی و تینوو و چلکن بووە و سەری بە ماڵی خەڵکدا کردوە ، ئەو کاتەی بریندار بووە و لە هەڤاڵانی هەڵبڕاوە و پێویستی بە شاردنەوە بووە، ئەو کاتەی هاوسەر و دایک و خۆشک و منداڵەکانی لە نێو شار و لە ناوچەیەکی دیکەوە هاتوونە سەردانی، ئەو کاتەی گۆرەوی و زەنگاڵ و دەستەوانە و شالگەردنی پێویست بووە، کاتێک ویستوویەتی دەوا و دەرمان و کەلوپەلی دیکەی لە شارەوە بۆ بێت، بەر لە پیاوانی گوند، رووی لە ژنان و کچان بووە و ئەوان بە هانایەوە هاتوون. کاتێکیش، تووشی دوودڵی ورارایی بووبێت و نیازی چەکدانان و سەنگەر چۆلکردنی بووبێت، لە گەڵ لۆمە و سەرکۆنەی کچان و ژنانی بە هەست بەرەوروو بووە.

دیارە ئەگەر لە مەتەرێزی خەباتی چەکداریدا، ژنان و کچان لە پیاوان کەمتر بەشدار بووبن، لە مەتەرێزەکانی دیکەی خەباتدا، کە خەباتی چەکداری بێئەوان نەیدەتوانی دەوام و بەرەوپێشچوونی هەبێ، بە خۆشیەوە ژنان و کچان دەورێکی دیار و کاریگەر و پڕرەنگیان هەبووە. مامۆستایانی قوتابخانەکانی شۆڕش، کادری دەرمانی و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی پێشمەرگە، کادری ڕاگەیاندنی حیزبەکان و زۆر خزمەت و ئەرکی دیکە، بە زۆری لە سەرشانی ژنان و کچان بوون. هەر بۆیە ژنان و کچان ڕۆڵ و جێگای خۆیان هەیە لە خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتیدا و بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە هیچ جۆر نابێ ئەوەندە بەشدارییەیان بە کەم دابنێین.



کتێبخانەی ڕەبەری
www.rabari.org

# ژن، ڕەگەز، پلە

ن: ئەکرەم پدرامی نیا

وەرگێڕان: نەسرین حەداد

لەنێو کەسایەتیە ناسراوەکانی گۆڕەپانی هەوڵ و خۆڕاگری دونیای ئەمڕۆ بێ شک ئەنجێلا دیویس (مرۆڤێکی ئازار کێشتووە) چونکە ئەو ژنێکی ڕەش پێست، مارکسیست، فمنیست و جیاواز بووە......

ئەنجێلا دیویس یەکێک لە تێکۆشەرانی سیاسی و مامۆستای خانەنشینی زانکۆی کالیفرنیا و لە زەمانی مامۆستایەتیشدا سەرپەرستی گروپی توێژینەوەی فمنیستی زانکۆی بە ئەستۆوە گرتبوو.لە دەورانی شۆڕشەکانی مافی مەدەنی لە کەسایەتیە پرکار و هەڵ کەوتووەکانی گروپی بلک پنتر بووە. ئەنجێلا لە بواری مافی ژن، گیروگرفتی ئەمریکاییەکانی بەرەچەڵەک ئەفریقایی، تیۆری قەیران، مارکسسیم، مۆسیقای پاپ، وشیاری کۆمەڵایەتی، زیندان و ئەشکەنجە، توێژینەوەگەلی زۆری کردووە لێرە دا دوای پێشەکیەکی کورت هێندێ لە بۆچوونەکانی لەو بابەتە دا دەخەینەڕێتەوە ئەنجێلا لە گوزارشی ژیانی دا لە زانکۆی «والتم ماساچوست» لەگەڵ بیرۆکەی «ئالبرکامووژان»، «پل پۆەسارتر» ئاشنا دەبێ، پاشان کاتی بەربەرەکانی و پشتیوانی لە ئاشتی قەیرانی موشەکی کوبا لەگەڵ فەیلەسۆفی گەورە، «هربرت مارکۆزە» دیدارێک پێک دێنێ و بەبێ ڕاوەستان دەچێتە زانکۆی «فرانکفورت» تا ببێتە قوتابی ئەو فەیلەسۆفە. لە دوای گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەی لاوان و خوێندکاران لە «هلسینکی» فینلەند بەهۆی تێکۆشانی کۆمۆنیستی لەو کۆبوونەوەیە دا لە لایەن اف بی آی(F.B.A ) لێپرسینەوەی لێ کرا.

لە ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە ئۆستادیاری زانکۆی (UCLA )بەلام دوای ماوەیەک بەهۆی ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بە پێشنیاری ئۆستانداری ئەو کاتی کالیفورنیا «ڕونالد ڕیگان» وەزیفەی ئۆستادی لێ ساندرایەوە. هەڵبەتە دوای هەوڵدانی یاسایی و پێداگری، دوبارە دەگەڕێتەوە زانکۆ. لە ساڵی ١٩٧١ دا، دادستانی گشتی کالیفورنیا «هالی» دەکوژێ ناوی کەسێک کە دیویس دەبێت تۆمار دەکرێ نێوی ئەنجێلا دیویس بە شەریکە جورم دەچێتە ناو لیستی ڕەش (F.B.A) ماوەیەکی پێی ناچێت کە ئەنجێلا دەگیرێ و زیندانی دەکرێ. «جان لنون» و «یوکواونو» بۆ پشتیوانی لە ئەنجێلا سروودێک بە ناوی ئەنجێلا، Angele دەچرن و میک جەگر، ڕێبەری تیپی بەناوبانگی ڕولینگ ئەستون بۆ ئازاد کردنی ئەنجێلا سرودی فریشتەی ڕەش و خۆشەویست (Sweet Angele Biack) بەڕێوە دەبەن. دوای ماوەیەک بێ گوناهی ئەنجێلا دیویس دەردەکەوێ و لە زیندان ئازاد دەکرێ.

ئەنجێلا لە دەورانی سەرکۆماری ڕیگاندا دوو جار خۆی بۆ نەفەری دووهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا کاندید کرد، بەڵام لە دوای دەیەی نەوەد بەهۆی بوونی ناکۆکی بیروڕا لەگەڵ هێندێک لە سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست دەست لە کار دەکێشێتەوە بەلام ئێستاش هەر بە مەرامی کۆمۆنیست وەفادارە.

ماوەیەکی پێ ناچێ کە ئەنجێلای سوسیال دێمۆکرات ڕێکخراوی «بنیاتی خۆڕاگری چارەنووس ساز» دادەمەزرێنێ و بە دژی چەوساندنەوەی زیندانیان و بەرزبوونی بەرهەمی کارخانەکان لە بەرابەر هەقدەستی زۆر کەم بەربەرەکانی دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ یاسای ئێعدام بەربەرەکانی دەکا و داواکاری بەرابەری مافی زیندانیان لەگەڵ هاو وڵاتیانی دیکەی کۆمەڵگا دەکا. هاوکات ئەنجێلا دیویس چەند کتێبی نووسیبون، لە یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی «ژن، ڕەگەز، پلە» نەخشی خاوەنداریتی تایبەتی و شێوازی سەرمایەداری لەسەر بار و دۆخی ژیانی ژن تاووتوێ دەکات و نیشان دەدا کە ژن پێش خاوەنداریتی تایبەتی لە سەربەخۆیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێزی بەرهەم هێنان دا زۆر سەرکەوتوو بووە. بە بۆچوونی ئەنجێلا ئەوە سیستەمی سەرمایەداری نیە کە ژنی لە ماڵەوە هێناوەتە نێو کۆمەڵگاوە. بەڵکو پێش هاتنە سەرکاری ئەو نیزامە ژن ستونێکی کۆمەڵگەی لەسەر شان بووە. بە پێچەوانەوە نیزامی سەرمایەداری ئەو بەر پرسایەتییە گرینگانەی کە لەسەر شانی ژنان بووە لێ ئەستاندونەوە و لە دوای ئەو ڕووداوە دا کە دڕووشمی گەلێکی پیاوسالارانە وەک ژن سەرمەشقی خەرج کردن و دەست بڵاوییە برەویان پەیدا کرد.

ئەنجێلا لە بەشی سێزدەی کتێبەکەیدا دەنووسێ ئەو کارە بێ ئەژمارانەی کە لە ژێر چەتری ماڵداری یانی شوشتن، لێنان، لە ئاشپەزخانە، خاوێن کردنەوە، گسک لێدان و کڕین و زۆر کاری دیکە کە دەکرێ، زیاتر لە سێ هەزار کاتژمێر لە کاتی ژنێک لە ساڵێک دا پڕکاتەوە. ئاشکرایە کە ئەو ژمارە دڵتەزێنە ئەو کاتە بێ کۆتایانە و حیساب نەکراوانە کە ئەو دایکانە بۆ منداڵەکانیان دەکاری دەکەن و هەژمار ناکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چونکە ئەو کارە ئەرکی سەرشانی دایکە وەک کار بە حیساب نایات نرخی ماندوو بوونی دایک لەماڵەوە لەلایەن کەسانی بنەماڵەوە بە دەگمەن دەبینرێ و هەموو ئەو زەحمەتانەی کەلەماڵەوە دەیکێشێ کەم تا کۆرت نادیارە. هیچکەس ئاگاداری ئەو هەموو کارانە نیە کە دەیکات مەگەر ئەو کارانەی کە تەواو نەبووبن، ئەگەر جلەکانمان نەشۆردرابن یان پێ خەفەکانمان هەڵ نەگیرابن تەنیا ئەوانە دەبینین، بەڵام چاوەکانیان ماڵ خاوێن کردنەوە و کارەکانی دیکە نابینن. نادیارەکان، پەیتا پەیتا، بێ کۆتایی، تاقات پرووکێنن، بێ بەرهەم، بەبێ هیچ شێوە نوێگەری باشترین خەسڵەتەکانن کە لەگەڵ جەوهەری کارەکانی ماڵەوە پێوەندیان هەیە.

هەڵبەتە هوشیاری و ڕون بوونەوەی، ژنانی ئەمرۆیی لە دوای شۆڕشە جۆراوجۆرەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لەو هاوسەرانە، بەشێک لە کارە قورسەکان کە لە سەر شانی ژنان بوو هەڵ بگرن و ڕۆژبەڕۆژ بە ژمارەی ئەو پیاوانەوە زیاد دەبێت، تەنانەت هێندێکیان بە ئەندازەی ژنەکان کات بۆ کاری ماڵەوە تەرخان دەکەن، بەڵام ئایا چەند کەسن لەوان هزریان لەو گریمانەیە کە ژن ئەرکی تەنیا کاری ناو ماڵە دەرباز کرد؟ وە چەند کەسن لەو پیاوانە کە لەسەر ئەو بڕوایەن کە کارکردن لە هاوکاری کردنی شەریکە ژیان نییە؟

ئەگەر گونجا ئەو گومانەی کە کاری ماڵەوە هی ژنە لە ناو ببەین کارەکان لە نێوان ژن و پیاودا بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێن، بڵێی ئەوە ببێتە ڕێگاچارە بۆ قایل بون؟ لەوانەیە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕۆژگار و ئاڵوگۆڕانە ژنان زیاتر لە هاوسەرەکانیان پێشوازی لێ بکەن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەڵگرتنی پێوەندی ڕەگەزی لە کارەکانی ماڵەوە سروشتی سەرکوتگەر ناگۆڕێ. بە بۆچوونی من هیچ ژن و پیاوێک نابێ ئەوەندەی کاتی خۆیان بۆ کارێک دابنێن و کە نەوروژێنە سەر بەرهەمهێنان...

ڕەنگە ڕۆژێک کاری ماڵەوە بە شێوەیەک کە ئەمرۆ دەیناسین، بێتە ناو مێژووە بەڵام بۆچوونی باوی کۆمەڵگا سەبارەت بە شوێن و پێگەی بەردەوامی ژن شێوەیەکی لەگەڵ گەسک و خاوێن کردنەوە، بەرهەڵبێنەو چێشت لێنان و قابلەمە هەر دەمێنێتەوە، ڕاستە کاری ژنان لە هەموو قۆناغەکانی مێژوو لەسەر یەک شێوە ڕۆیشتووە پێوەندی بە ماڵەوە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ قۆناغێک کاری ژن وەک ئەمرۆ نەبووە چونکە کاری ماڵەوە وەک هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمی گۆڕانکاری مێژوویی مرۆڤایەتی بووە بە سەرهەڵدانی نیزامی ئابووری نوێ و لە ناوچوونیان، پانتایی و چلۆنایەتی کاری ماڵەوە تووشی شێوەگۆڕینێکی بنەڕەتی بووە.

بە وتەی «فردریک ئەنیگلس» لە کتێبی سەرچاوەی بنەماڵە پێش سەرهەڵدانی خاوەنداریەتی نابەرانبەری ڕەگەزی بەو شێوەیە کە ئێمە ئەمرۆ دەیناسین نەبووە لە قۆناغی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی دا دابەشکردنی کار و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروست بوونی ئابووری لەسەر پایەی ڕەگەزی ژن و پیاو یان نێر و مێ بەڕێوە نەدەچوو.

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگا دا کاری پیاو ڕاوکردنی ئاژەڵە کێویەکان بوو کاری ژنان کۆکردنەوەی گیا و گوڵ و میوەکانی جەنگەڵ بوو. هەردوو ڕەگەزەکە لەنەزەر ئابوورییەوە ئەرکیان لەسەر شان بوو و بۆ مانەوەی کۆمەڵگا و گرینگی پێ دان بە هەر دووکیان وەکو یەک بەشدار بوون. چونکە ئەوکات کۆمەڵگا لە ڕاستی دا بنەماڵەیەکی پان و بەرین بوو نەخشی بنەڕەتی ژن لە کارەکانی ماڵەوە دا مانای تایبەتی خۆی هەبوو بەجۆرێک کە ئەندامێکی بەحورمەت و بەنرخی کۆمەڵگا بوو.

ئەنجێلا دیویس هەر لەو کتێبە دا دەنوسێ لەساڵی ١٩٧٣ کە سەفەرێکم کرد بۆ وڵاتی تانزانیا نەخشی تایبەتی ژنان لە ماڵەوە و کۆمەڵگەی پێش سەرمایەداریم بۆ ڕوون بۆوە. لە جادەیەکی دوور کەوتووە و خۆڵاوی ئەو وڵاتە دا چاوم بە شەش ژن کەوت کە ئەشیای سەربان دروست کردنی ماڵەوەیان لە سەر سەری بوو دەیان برد بۆ شوێنێکی دیکە بۆ دروست کردنی دێیەکی تازە، هەروەک تێگەیشتم لەو کۆمەڵگایە دا ژن هەموو کارەکانی ماڵیان لەسەر شانە تەنانەت دروست کردنی سەربانی ماڵەکانیشیان بەئەستۆیە.

ژن لە بەرهەم هێنان و ئابووری کۆمەڵگە دا نەخشی سەرەکی لەگەڵ پیاوان دەگێرا...

بەڵام لە کۆمەڵگای سەرمایە داری پێشکەوت دا، ئەو خزمەتانەی کە ژنی ماڵدار دەیخاتە ڕوو، وەک بەرهەم کەمتر لەبەر چاو دەگیرێ لە سەریەک ژن هەتا مردنی خزمەتکاری هەمیشەیی مێرد دەمێنێتەوە و ئەوەش پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ژن دێنێتە خوار.

لە مێژووی کورتی ئەمریکا ژن وەک ماڵدار نە بەرهەم هێنەر،تەنیا زۆر کەمتر لە سەد ساڵ دامەزراوە. تەنانەت سەد ساڵ پێش ئێستا ژن لە کاروباری ئابووری کشت و کاڵی دا پێش سەنعەت قوماشی دروست دەکرد، گۆرەوی و کڵاوی دەچنی، نانیان دەکرد، مۆمیان دروست دەکرد، سابونیان ساز دەکرد، گیاو گوڵیان خردەکردەوە و لەو گیاو گوڵانە دەرمانیان ساز دەکرد. هەر ئەو ژنانە ڕۆڵی دوکتور و پەرستار و مامانی بنەماڵە و کۆمەڵگایان بەڕێوە دەبرد.

بە پێشکەوتنی سەرمایەداری سەنعەتی، دوبەرەکی لە نێوان نیزامی ئابووری نوێ و ئابووری بنەماڵەیی زیاتر و زیاتر دەبوو جێگۆرکێ بە بەرهەمەکانی کارگەیی و پەرەگرتوویی شۆڕش بەرهەم کە لە دوای نیزامی ئابووری نیوەی داهات ئاڵ و گۆڕێکی گەورەی بەردەوام بەدودا هات، ئەو شۆڕشە لە بەینی بەرهەمی بنەماڵەیی و بەرهەمی کارگەیی جیاوازی پێکهاتەیی بنەڕەتی دامەزراند، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی بنەماڵەیی سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو ئەو حەقدەستەی کە کرێکاران لە ماڵەوە وەریان دەگرت لە براورد لەگەڵ کرێکاری کارگەیی دا لە خوارتر بوو.

بەرهەمی لاوەکی گرینگی دیکە ئەو ئاڵ و گۆڕە ئابوورییە لە دایک بوونی «ژنی ماڵدار» بوو.

ژن لە نەزەر ئیدئۆلۆژیەوە دوبارە پێناسە کراوە و سەرپەرستی کارە بێ نرخەکانی ماڵەوەی وە ئەستۆ گرتەوە. دیارە کە «ژنی ماڵدار لەهەل و مەرجی کۆمەڵایەتی بورژوازی دا بە پلەی ناوەندی کۆمەڵگا ناوی دەرکرد.

بەڵام لەڕاستیدا ئایدۆلۆژی سەرمایە داری سەدەی نۆزدە بوو کە ژن و ماڵ و دایکی بەباشترینەکان لە جیهانی ژنان دا ناساند. بەو پێیە کە پروپاگەندەی گشتی ئەرکی ژنانی ماڵداری بێ مەعاش پێناسە دەکرد ژنانیش ناچار بوون بۆ وەرگرتنی حەقدەست و وەرگرتنی ماف لە ماڵە کانیان بێنە دەر و کار بکەن. هەرئەوە بوو کە لە نێوان دونیای ئابووری پیاوانە دا نامۆ ئەژمێردران. بە هاتنە دەرەوەیان لە دونیای سروشتیان نرخێکی قورسیان دا. کاری درێژخایەن، خۆڕاگرتنی لە هەلومەرجی خراپی شوێنی کارو وەرگرتنی حەقدەستێکی کەم، تەنانەت ئێستاش لە پێشکەوتووترین وڵاتان لە بەرابەر کاری بەرابەر لە گەڵ پیاودا ژن حەق دەستی کەمتری پێ دەدەن.

ئەو کەڵک وەرگرتنە کە لە ژن وەردگیرا تەنانەت زیاتر بوو لە و کەڵک وەرگرتنە کە لەگەڵ هاوکارەکانیان کە پیاو بوون و هەر ئەو جیاوازیە ڕەگەزیە بوو بە سەرچاوەی داهاتی زۆری سیستمی سەرمایەداری.

ژنانی ڕەش پێستیش هەتا ئەو جێگایە کە دەیانتوانی کاریان دەکرد. زۆر جار بە هۆی نەترسی و سەربەخۆیی تەشویق کراون زۆر جاریش لۆمە کراون ڕەنگدانەوەی ئەو کارو تەقەلا دژوارانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کردویانە. بەڵام ئەوانیشیان وەک دەستە خوشکە سپی پێستەکانیان وەکو ژنی ماڵدار ناویان بردون ئەوانیش چێشتیان لێ ناوە، شۆردویانە، خاوێنیان کردۆتەوە، منالی زۆریان بەخێو کردووە.

بە پێچەوانەوە ژنانی ماڵداری سپی پێست کە فێربوون بۆ پارێزراوی دارایی خۆیان پشت بە هاوسەرەکانیان دەبەستن، بەڵام هیچ کەس داکۆکی نەکرد لە هاوسەرو ئەو دایکە ڕەش پێستانەی کە زیاتریان کرێکار بوون، وە هیچ کەسیش داوای لێ نەکرن کە وزەو کاتیان تەنیا سەرفی کاری نێو ماڵ بکەن.

ئەوانیش هەر وەک ژنانی کرێکاری سپی پێست کە بارگرانی کاری دەرەوەو خزمەت کردنی هاوسەرو منالەکانیان لە سەر شانە هەمیشە پێویستیان هەبووەو دەیان بێت کە لەو چەرمەسەریە تاقەت پرۆکێنە رزگاریان بێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هێرۆ مەولوودی:

# کچ نەیتوانیوە راستگۆ بێ لەگەڵ خۆی هەموو کات شتی حەشارداوە

### لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری ژنان دا

دیمانە: یەسنا



**بە ڕێزت تکایە زیاتر خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنە ؟**

هێرۆ مەولودی لەدایک بووی پاییزی ١٩٨١ لە ناو خیزانێکی کورد پەروەر و ئەدیب و هونەرمەند لە بۆکان. تەمەنی مندالیم وەک هەموو مندالانی کورد لە کۆلان و قوتابخانە دا بە سەر برد و تا قوناغی کۆتایی خویندن هەر لە بۆکان بووم و پاشان و بۆ خویندن لە زانکۆ لە زانکۆی تاران بەشی کۆمەلناسی وەرگیرام و دوای خویندنی چەند کورسیی خویندن بە چەند هۆکاریک سالی ٢٠٠٣ هاتمە باشووری کوردستان و بەردەوام بووم لە خویندن و هەروەها سەرقالی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن بووم لە ناو دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولیر و ئیستاش هەر بەردەوامم

**خاتوو هێرو جەنابت چۆن بوو دەستت دایە کاری شێعر نووسین؟**

لە تەمەنی نەوجەوانیدا هەستم ئەکرد بەهرەیەکم هەیە بەلام نەمئەدۆزیەوە چونکە ئاشنا نەبووم و کەسەکانم نەدەناسی و شوێنم کەم دیبو ئەوەش بۆ کاتی ئەگەریتەوە کە سیبەری باوک لە سەرم نەبو و لە ناو بەندیخانە بوو بەلام پاش ئازاد بونی منی ئاشنا کرد بە کتیب و باسی ژیان و تالی و سویری و زۆر شتی بۆ کردم و هەموو کات نووسینەکانی بابم جێی سەرنج بوو بۆ من کە گەورەتر بووم هەولم دا بنووسم و ئەویش بە زمانی فارسی بوو هەستم ئەکرد هەستەکانم لەو زمانە خۆی نابینیتەوە بۆیە هەولم دا فیری کوردی بم و خۆم رابینم بە نووسینی کوردی هەر واشم کرد و هێدی هێدی دەستم پیکرد و هۆنراوەیەکی کورتم نووسی و بە نیشاندانی بە بابم و کەسانی وەک مامۆستا ئاسۆ و نەمر رەحمان تەرەغە توانیم سووچیک بدۆزمەوە و خۆم بخەمە ناو هۆدەی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان و ئیتر بنووسم و بخوینمەوە بەکوردی و ئەوانیش رای خۆیان بلێن و منیش بەردەوام بم.

**پێت وایە کە خانمێکی شاعیر لە کۆمەڵگای ئێمە دا تا چەند سەرکەوتووە ؟**

• سەرکەوتن ئەگەریتەوە بە ئەوەی ئەو خانمە چەند متمانەی بە خۆی هەیە و تا چەند ئەتوانی قسەکانی دەوروبەری خۆی قبول بکات و خۆی رابینی کە خۆی ئەبێ کار بکا و خۆی خۆی رابینی و تەنیا هەلگری دروشم نەبێ و بە کردەوە بیسەلمێنێ کە بوونی هەیە و بیر لە مانەوەی ناوی بکات بۆ دوای نەمان و هەول بدا خزمەت بکا ئەگەر وا بوو بێگومان سەرکەوتوو دەبێ.

**ئایا لە شێعرەکانت دا چەمکی فێمنیزم رەنگدانەوەی هەیە ؟ چەندە بڕوات بەو چەمکە هەیە و پێناسەت بۆی چییە ؟**

نالێم تەواو بوونی هەیە بەلام بەو پێیەی ئافرەتم بێگومان دەتوانی بوونی هەبێ .کاتی لە رۆژهەلات بوم ئەو رەنگدانەوەی نەبو و زیاتر لایەنی نەتەوەیی و ئازارەکانی ئەو دیو ناو ئاخنی نووسینەکانم بوو بەلام لە باشوور زیاتر رەنگی دایەوە ئەویش بە بینینی ئەو ئازارانەی کە کچان خۆیان لە خۆیان ئەکەن و رەگەزی بەرامبەر بەرامبەریان ئەنجامی ئەدەن

ئەگەر فیمینیسم بەو مانا هەڵەیە بێ کە من دیتومە و ئەیبینم و سەرکوت کردنی بەرامبەر بی نا بروام پێی نیە چونکا من بروایەکی تەواوم بە یەکسانی هەیە و شەر ئەکەم بۆ ئەم مەبەستە.

**لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دەگمەن کچان بە سەر کوڕانیان دا هەڵکووتوە، پێت وایە ئەو بۆشاییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، لە خودی ژنانی شاعیرەوەیە یان بەربەستی دیکە هەیە ؟!**

کچ نەیتوانیوە راستگۆ بێ لەگەل خۆی هەموو کات شتی حەشارداوە بێگومان کاریگەری کۆمەلگای بە سەرەوەیە و کاریگەری دایکان کە خۆیان پەروەردەی بیرۆکەیەکی سەقەت بوون و ئەم رەوتە بەردەوام بووە و لە سەر کچانی خۆیان بە کاری دێنن بۆیە بە رای من بەرەی ئیستا دەتوانن ئەو ئالوگۆرە دروست بکەن و ئەو ناخی خۆیان بدرکینن و وابکەن هەستەکان کچانە بێ. بینیومە کەسانێک بە نووسینی بەرهەم گەلیک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەکار هێنانی وشەگەلیک و ئاماژە کردن بە ناوی جەستەی ژنان و ...... ڕچە شکێنیان کردووە بەڵام بەڕای من هەست گرینگە کچانە بێ نەک ناوبردنی بەشێک لە جەستە. کاتێ خوێنەر بەرهەمەکەی خوێندەوە بزانێ نوسەرەکەی کچ بووە .

**پێت وایە ئەرکی شێعری ژنان لە هەلوومەرجی ئێستاکە دا چییە؟**

• لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەلگەکان لە ڕووی تەکنۆلۆژیا یی و ئاڵوگۆڕی کۆمەلایەتی گۆڕانی زۆر بە سەر هاتووە بەڵام بەداخەوە بە تایبەت لە کوردستان چوارچێوەکان زۆرتر بووە بۆ کچان و ڕەنگە ڕۆژانە شتی سەیر و سەمەرە و ڕوودانی ڕووداوی ناخۆش زۆر ببیستین و لەم ڕوانگەوە ئافرەتان و نووسینەکانیان لە هەر بوارێکدا و کارەکانیان ئەتوانی ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی تێفکرین و هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی دەتوانی نموونە بێ بۆ کەسانی تر و کچانی تر و هەوڵ بدەن ئەو کەسانەی قەڵەم بە دەستن بنووسن بە شێوەیەکی گشتی نەک تەنیا بۆ دڵی خۆیان کە بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی خۆیان بە نووسەر و شاعێر دەزانن ئەم ڕەوتە لەبەر چاو ناگرن. شێعر دەبێ هەڵگری پەیام بێ و لەم بارەوە خزمەت بکا ئەگەر نا نەبێ باشترە

**– ئایا پێت وایە ئەدەبیاتی ژنان لە پیاوان جیایە ؟**

ئەدەب و ئەدەبیات و ڕێبازەکانی و شێوازەکانی هەموو یەکە و جیا ناکرێتەوە و پێویستە لە ڕووی زمانەوانی و لایەنی ئەدەبی هەموو شێوازەکان و ڕێبازەکان بپارێزرێ بۆ نموونە ئەگەر کلاسیکە خاوەنی کێشی عەروزی تایبەت بە خۆی بێ و دەبێ لە بیر نەکرێ ئایا غەزەلە، قەسیدەیە یان هەر قالبێکی تر و یان ئەگەر شێعرێکی ئازادیش بێ دەبێ ڕیتم و ڕێبازەکانی بنووسرێ. ئەوەی نووسینی پیاو و ژن لە یەک جیا دەکاتەوە هەست و خەیاڵ و درکاندنی وشەکان و قسەکانە و پێویستە لە ڕێگای هەستی نووسراو خوێنەر بزانێ کە ئەمە شاعێرەکەی ژن بووە یان پیاو. بە ڕای من جوانە پۆلێن هەبێ و ئەوەش بە مانای جیا کردنەوە نابێ و ژنانیش ئەو کات دەبنە خاوەن ئەدەبیات و شێوازی نووسینی تایبەت بە خۆیان

**– هەر وەک دەبینین ژمارەیەکی زۆر شێعرلە زمانەکانی دیکەوە وەرگێردراوەتەوە سەر زمانی کوردی دەمانەوێت بپر سین ڕوانگەت لە سەر وەرگێڕانی شێعر چییە ئایا پاش وەرگێڕانی شێعر تام و چێژی هەر وەک خۆی دەمێنێ ؟**

• وەرگێران لە زمانێک بۆ زمانێکی تر گەورەترین خزمەتە بۆ ئاڵوگۆڕی کولتوری و ئەدەبی و لایەنەکانی تر

**شێعر هەروەکو لە پێناسەی دەگوترێ ناسکە و تێکەڵی ڕۆحە بۆیە ئەو کەسەی وەرگێڕان دەکا دەبێ زۆر بە پارێز بێ و شارەزا بێ لە ڕووی دەرک و هەست و زمانەوانی. بە ڕای من زۆر باشە و دەبێ کار بکرێ بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی زیاتر بۆ کوردی و بە پێچەوانەوە**

و دەبی کاری زیاتر بکرێ بۆ ئاشنا بوون بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهانی و بۆ نەتەوەی کوردیش زۆر پێویستە و کاری زۆر باشیش بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات کراوە و لە باشووریش دەبینین بەڵام لە بواری شێعر و هۆزان زۆر کەم کار کراوە و ئەگەریش کرابێ زۆر خراپ بووە و نەیتوانیوە پەیامی خۆی بگەیەنێتە خوینەر. شێعر هەروەکو لە پێناسەی دەگوترێ ناسکە و تێکەڵی ڕۆحە بۆیە ئەو کەسەی وەرگێران دەکا دەبێ زۆر بە پارێز بێ و شارەزا بێ لە ڕووی دەرک و هەست و زمانەوانی. بە ڕای من زۆر باشە و دەبێ کار بکرێ بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی زیاتر بۆ کوردی و بە پێچەوانەوە

**– تا ئیستا بەرهەمەکانت چۆن بلاو کردۆتەوە ؟**

• بە بەشداری کردن لە فیستیوالی گەنجان و لاوان و ژنان لە هەولێر و سلێمانی و هەروەها لە چەندین بەرنامە و پرۆگرامی ڕادیۆیی و لە ڕێگای ماڵپەڕەکانی وەک کوردستان نێت و دەنگەکان و چەندین سایت و هەروەها ویبلاگی خۆم و چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی هەولێر و ئافرەتان و گەنجان و ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیک لە ڕێگای سی دی و لە ڕێگای دەنگ پێشکەشی بکەم.

**هێرو خانم چ پێشنیارێکت هەیە بۆ ئە و خانمانەی تازە دەستیان داوەتە کاری شێعر نووسین ؟**

نووسین و بوون بە شاعیر کارێکی ئاسانە لەم سەردەمە و زۆر کەس هەیە ئێستا ناوی خۆیان دەنێن شاعیر و شێعر دەنووسن و ڕایان وایە ڕۆژانە دەبێ بنووسن بۆیە من دەڵێم بە دوای کوالیتی نووسین بن و نەیکەنە زۆری بۆری. شێعری شاعیران بە تایبەت هی ژنانی سەرکەوتوو بخوێننەوە و هەوڵ بدەن لەگەڵ نووسین و ئەدەبیاتی ژنان بە تایبەتی بیانیەکان زیاتر ئاشنا بن. نالێم تەقلید بکەن بەڵام با بیانناسن و بتوانن فێری بن و بەکاری بێنن لە نووسینەکانیان و بوێر بن لە نووسین و هەوڵ بدەن بە ئاڵوگۆڕی لە ناو ئەدەبیات.

**هێرۆ خانم سپاس بۆ بە شداریت لەو دیمانەیەدا دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان چییە؟**

زۆر سوپاس بۆ گۆڤارە جوانەکەتان و هیوای سەرکەوتن بۆ ستافەکەی و بەو پێیەی بە ناو ئافرەتان و ژنانە بەو هیوایەم هەموو ئافرەتی کورد لەو قالبە کلاسیکیە بینە دەرێ و وەدوای دروشمەکان نەکەون و لێی تێبگەن و بە کاری بێنن لە ژیان و متمانەیان بە خۆیان بێ و کوڵ نەدەن و باش بیر بکەنەوە و شتی باش بخەنە مێشکیان و هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیان و خەباتی خاتوو کوبرا ئەڵلاوەیسی

خاتوو کۆبرا ئەڵلاوەیسی ئەندامی چالاکی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە نۆرویژ کە لە ٢٨ ئۆکتوبری ٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەیەکی ئۆوسلووی پێتەختی نۆرویژ لە تەمەنی ٦٢ ساڵی دا ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمان کرد. ئەو لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دلسوز و نیشتیمان پەروەری مام ناوەندی مەهاباد لە دایک بوو. منداڵێکی زیرک و دڵسوز بوو و زۆری هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. ئەو بە مشور بوونە و هەست بە بەپرسایەتیەی ناوبراوی لە نێو بنەماڵە و خزم و کەسان و جیرانان دا گەلێک خۆشەویست و جێگای ڕێزی کردبوو. خۆشکە کوبرا لەگەڵ کورێکی زۆر خەباتگێر و کوردپەروەر ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ کە هەست بە دڵسوزی و کورد و کوردستان خۆشەویستی زۆر لە ئەو دا زیاتر کرد دڵسوزی و هەست بەرپرسایەتی و نیشتمانپەروەری خۆشکە کوبرا لە بنەمەڵەی خەباتگێری و نیشتمانپەرەری باب و دایکی و گەلێک زۆرتر لە بنەماڵەی دیکەی واتە ماڵە مێردی ئەویان زۆر چالاک و بەتوانا بار هێنا. پێویستە نموونەیەک لە ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی بهێنینەوە کاتێک کە هاوڕێی تێکۆشەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێز کاک عەزیز یوسفی کە ماوەیەکی کورت بوو ئازاد ببوو و لە مەهاباد بۆ موعالیجە دەچێتە تاران بەڵام بە داخەوە لە تاران فەوت دەکا. هێنانەوەی لەگەڵ پێشوازی زۆری خەڵک بەرەوڕوو دەبێ و چەند ڕۆژ بەرنامەی ڕێزگرتن لەو ئەندامەی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مزگەوتی عەباس ئاغای مەهاباد بە شێوەی ڕێزگرتن و بە گوتنی شێعر و باسی شۆرشگێری بەرێوەدەچێ. ڕێ و ڕەسمێکیش بە بەشداری چەندهەزار کەس لە سەر گۆڕی ئەم شەهیدە مەزنە بەو پەڕی نەهێنی کاریەوە ڕێک دەخرێ چۆنکە مەبەست ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر کە بەرنامەی ڕێزگرتنەکە بەرێوەدەبەن بە دەست ساواکی جەهەنەمی شا نەگیرێن و تووشی ئەشکەنجە و ئازار نەبن. ئەوەی کە لەگەڵ چەند کەس نەقشی گرینگی لەو بارەوە گێرا کە ئەوانی شێعر و پەیام و ئاهەنگی شۆرشگێرانیان هەبوو نەگیرین ئەوە باجە کۆبرا بوو. پاش چەند ڕۆژێک ناوبراو لەگەڵ بابی بۆ ساواک بانگ دەکرێ و ئەو پرس و بازجویە هەتا چەند مانگ درێژەی دەبێ کاتێک خۆپیشاندانەکانی کورستان بەو پەڕی خۆی دەگا خۆشکە کۆبرا لەو هەموو محاکمە و هێنان و بردنەی ساواک ڕزگاری دەبێ.

خۆشکە کۆبرا لە شەڕی سێ مانگەی کوردستانیش دا بۆ کار و باری تەداروکاتی ڕۆڵی هەبوو و هەروەها کە شاری مەهاباد لە ئاخری ساڵی ١٣٥٩ بە دوای چەند شارێکی کوردستان دەگێرێتەوە. ئەوڵ کاک خەلیل و پاش چەند مانگێک باجە کوبرا دەست لە ژیانی ئاسایی هەڵدەگرێ و لەگەڵ منداڵەکانی دێنە شاخ و ڕێگای سخت و سەربەرزانەی پێشمەرگانەیان گرتەبەر. لە زۆر کاتدا خۆشکە کوبرا زۆر خزمەتی بەرچاوی کرد بە تایبەت لە کاتی شەڕی جادەی پیرانشار و سەردەشت لە ساڵە ١٣٦٢ کە بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ و حەیاتی بوو، لە لایەن حیزبەوە بە پێشنیاری شەهید دوکتور قاسملوو بە ناوی مانگی دیفاع و هێرش ناوی نرا. لە کاتی ئەو شەڕە دا باجە کوبرا بە هوی نەقشی باشی بۆ تەداروکات لەلایەن دوکتور قاسملووەوە ناسناوی شێرە ژنی دێموکراتی لە سەرنرا. کاتێک کە حیزب بڕیار دەدا کە پێشمەرگە و کادرەکان تێبکۆشن کە بنەماڵەکانیان لە شوێنی دیکە جێ بکەنەوە و لە دەروبەری بنەماڵەکان نەمێنن و بۆ زۆر شوێنی دیکە نێردران. باجە کۆبرا لەگەڵ کوڕ و کچەکانی لە گوندی چوارگای ناوچەی مەنگورانی مەهاباد گیرسایەوە. بە شاهیدی خەڵکی ئەم گوندە چەند جار لەم ئاوایە کە کێشە و هەرا لە نێو پیاوانی ئاوایی ڕووی داوە و ئەوە باجە کوبرا بوو کە کێشەکانی چارەسەر کردون. هەر لەم گوندە لە زستان و بە

کتێبخانەی ڕەبەری
www.rabari.org



هۆی نەبوونی نەوت و ئیمکاناتی پێوست تووشی زۆر ناراحەتی و چەرمەسەری دەبن بەڵام نە ئەو و نە مێردەکەی قەت لە سەر کەم و کوری ژیان و خەبات گلەییان لە حیزب و شۆرش نەکرد.

ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی باجە کوبرا بە داخەوە کاک خەلیلی هاوژیانی لە دەست دا. ئەم جار خۆشکە کوبرا دەبێتە باب و دایک بۆ جگەرگۆشەکانی. پاش چەند مانگ هاوکاری باجە کۆبرا دەکرێ کە لەگەڵ منداڵەکانی و چەند منداڵێکی خزمەکانی بۆ دەرەوە بنێردرێ، باجە کۆبرا نیزیک بە ٢ سال تووشی زۆر سەختی و چەرمەسەری هات، هەتا توانی ئیزنی مانەوە وەک پەنابەری سیاسی لە ساڵی ١٩٩٠ میلادی لە نۆرویژ بۆخۆی و منداڵی و ئەوانی دیکە مسۆگەر بکا.

لە دەرەی وڵات لە نۆرویژ، وەک دایکێکی نموونە ئەو ئەرکی خۆی زۆر بە باشی جێ بە جێ دەکا و وەک پێشتر باس کرا هەم باب بوو و هەم دایک. هەروەها هەر لە ساڵەکانی هاتنی بۆ نۆرویژ وەک ژنێکی دێموکراتی چالاک لە زۆربەی هەرە زۆری خۆپیشنادانەکان بەشداربوو و هەمیشە ئاڵای پیرۆزی کوردستانی یان پلاکاتێکی بە دەستەوە بوو. ئەو بەوپەڕی باشی بۆ تەربیەت و پێگەیاندنی منداڵەکانی هەوڵی دا کە لە چوار ئەولادی سێ یان دانشگایان تەواو کرد. ناوبرا لە چەند دەوەرە دا ئەندامی کۆمیتەی حیزب بوو و چەند دەورەش ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەرێ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بوو. چالاکی ئەو هەم لە خەبات و تێکۆشانی و هەوڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی جگەرگۆشەکانی و کۆمەڵایەتی بوونی زۆری نەخایاند کە ناوی خۆشکە کوبرا کرد بە ناوێکی ئاشنا و جێگەی رێز بۆ کۆر و کۆمەڵگەی کورد لە هەندران.

خۆشکە کۆبرا زۆر تایبەتمەندی گەورەی لە خۆی دا کۆکردبووە. دڵسوزی ومروڤ دۆستی، رۆح سووکی، هەست بە بەرپرسایەتی، خۆش مەجلیسی و دڵپاک و ماندویی نەناسی و عێشق بە ئازادی و سەربەستی کوردستان. کاتێک لە نەخۆشخانەی ریکس هوسپیتالی ئووسلوو کەوتبوو رۆحیەیەکی زۆر بەرزی هەبوو و دلخۆشی برا و ئەولادەکانی دەداوە، دیگووت ئەمن نامرم و ئارزویەکم هەیە کە هیوادارم وەدی بێ ئەویش ئاڵای کوردستان لە شار و گوندکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبدەین و من خۆم حەز دەکەم بۆ هەڵدانی ئەم ئالا پیروزە لە چوارریێ ئازادی مەهاباد لەگەڵ بم. بەداخەوە باجە کوبرا وەک هەزارانی دیکە بەئاوات و ئارەزووەکانی نەگەیشت. بەڵام هەموو ئەوانی خۆشکە کوبرایان ناسیووە دەزانن مروڤێکی گەلێک فیداکار و گەورە بوو. بە کۆچی دوایی خۆشکە کوبرا ئەللاوەیسی خێزانی کاک خەلیل گادانی و خۆشکی تێکۆشەر کەریم ئەللاوەیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەندامێکی گەلێک فیداکار و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکێک لە باشترین کادرەکانی خۆی لە دەست دا.

یادی بەخێر و رێگای پڕ لە سەرەوەری ئەو و هەزارانی دیکە پڕ رێبوار بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئا: مەندانە حەبیبزادە

خوێنەرانی بەڕێز!
بۆ ئەمجارەی لاپەرەی «کەیبانوو»، سازکردنی «گیپەی مریشک» و «کەیک»مان بۆ لە بەر چاو گرتوون، کە خاتوو گوڵاڵە محەممەدزادە چۆنیەتیی ئامادەکردنی ئەم دوو جۆرە خواردنەمان بە وردی بۆ باس دەکا. هەربۆیە لە ڕۆژی ٢٠١١\١٢\٣ چووینە خزمەتیان، تاکوو شێوەی سازکردنی ئەو دوو جورە خواردەمەنییەمان بە کردەوە بۆ باس بکا.

## گیپەی مریشک

ئەم چێشتە، جۆرە خواردنێکە لە کۆنەوە لە ناو کوردەواری دا هەبووە، هەرچەند ئێستا کەم بنەماڵە دروستی دەکەن، بەڵام لەسەریەک خواردنێکی بەتامە.



بۆ ٦ کەس ئەم پێداویستییانەی دەوێ:
مریشکێکی ٢ کیلۆیی دێنین، جوان خاوێنی دەکەینەوە و لە دوایی‌دا نێو زگی مریشکەکە ئەم شتانەی خوارەوەی تێ‌دەکەین:
ـ برینج
ـ گوێز
ـ زەردە چێوە
ـ خوێ
ـ سەوزی
ـ هەڵوچەی ترش
ـ ٥٠ گرەم گۆشت (دەبێ پێشتر کوڵابێ)

**چۆنیەتی دروست کردن**

هەموو ئەم پێداویستییانە دەکەینە ناو زگی مریشکەکە و بە دەرزی درومان دەیدورین، بۆ ئەوەی لێک‌هەڵنەوەشێ. لە پاشان پیوازو ڕۆنی بۆ دروست دەکەین و زەردە چێوەو ئاوی تەماتەی تێ‌دەکەین. ئەم خواردنە، دەبێ بۆ ماوەی ١ سەعات بکوڵێ؛ لە دوایی‌دا دەریدێنین و دەیخەینە ناو فێڕەوە بۆ ماوەی نیو سەعات، تا بە جوانی سور دەبێتەوە



٭٭٭

## ساز کردنی کەیک

پێداویستیەکان:
ـ هێلکە ٤ دانە
ـ شیر ١ لیوان
ـ شەکر ١ لیوان
ـ ئارد ٢ لیوان
ـ ڕۆن نیو لیوان
ـ یەک کەوچکی غەزاخۆری «بێگین پوودر»
ـ یەک کەوچکی مرەباخۆری وانیل

**چۆنیەتیی دروست کردن:**

٤ هێلکەکە دەکەینە ناو قاپێکی گەورەوە و جوان دەیشڵەقێنین. دواتر ١ لیوان شەکری تێدەکەین و دیسانەوە دەیشلەقێنینەوە. پاشان ١ لیوان شیری تێدەکەین، ئینجا دووبارە لێکی‌دەدەین، دواتر ڕۆن و وانیلی تێدەکەین. پاشان ٢ لیوان ئاردی تێدەکەین و جوان لێکی‌دەدەین بۆ ئەوەی جوان حەل ببێ. لە کۆتایی‌دا، ١ کەوچکی غەزاخۆری بێگین پوودری تێ‌دەکەین و تێکی‌وەردەدەین. لە دوایی دا قاپی کەیکەکە چەور دەکەین و کەیکەکەی تێ دەکەین و دەیخەینە ناو فێرەوە بۆ ماوەی نیو سەعات.
بۆ ڕازاندنەوەی کەیک ئەم کەرەستانەی پێویستە:
١ـ خامە ٣ بەستە
٢ـ نارگیل و مۆز یان هەر میوەیەک کە پێتان خۆشە بۆ ڕازاندنەوەی دەتوانن بەکاری بێنن.



کتێبخانەی ڕەبەری
www.rabari.org

# وتووێژ لەگەڵ خاتوونێکی بەرگ دروو

**ئا: سروه فەتاحی**



**تکایە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنە؟**

من خەیاڵ محەممەدی، لە دایک بووی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویم و لە شاری بۆکان هاتوومەتە دنیا.

**ماوەی چەندەیە کە کاری بەرگدووری (خیاطی)ی دەست پێکردووە و هۆی رووهێنانت بۆ ئەم کاە چی بوو؟**

ماوەی چوار ساڵە خەیاتیی دەکەم، لە پێش دا ماوەی ساڵێک بۆ فێر بوون لای دوو کەس دەورەم دیوە و کارم کردوە و دوای فێربوون دەستم بە دوورینی جلوبەرگ کردوە. لە راستی دا هۆی رووی هێنانم بۆ ئەم کارە لە سەرەتا عەلاقەیەکی زۆرم بەم کارە هەبوو و پاشانیش لە باری ئابوورییەوە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ بەرێوەچوونی بژیوی ژیان.

**بۆخۆت وەک بەرگدوورێک زۆرتر گرینگی بە دوورینی چ جۆرە جلوبەرگێک دەدەی؟**

من زۆرتر گرینگی بە داخوازی مشتەرییەکانم دەدەم و هەر جۆرە جلوبەرگێکیان بوێ بۆیان ئامادە دەکەم.

**ئەو ژنانەی کە وەک مشتەری سەردانت دەکەن زۆرتر بایەخ بە چ جۆرە جلوبەرگێک دەدەن؟**

زۆرتر گرینگی بە جلوبەرگی کوردی دەدەن بەڵام جۆری جلەکانیش لە هەر ناوچەیەک جیاوازە بۆ نموونە لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر داخوازی جلی کوردی موکریانین بەڵام لە باشووری کوردستان خوازیاری ماکسی و جلی کوردی (سۆرانیدار)ن.

**تکایە ئەو نموونەیەی کە ئامادەت کردوە شەرحێکی کورتی لەبارەوە بدە؟**

ئەو نموونەیەی کە بۆ ئێوەی خۆشەویستم ئامادە کردووە، سیخمە یان جلیقەی کوردیە. میزانی پارچەی پێویست بۆ سیخمە ٠/٥ میترە و زۆرتر لە پارچەگەلی وەک مەخمەر و زەری و ئۆباما ساز دەکرێت. ئەو ئەندازانەی کە بۆ دوورینی سیخمە دەمان هەوێ درێژایی سیخمەکە لە سەر شانەوە تا قووڵایی کەمەر، سەرشانە، پشت مل، پانایی سینگ و ژێر باغەڵ.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە سیخمەکە لە دوو تیکە بە نێوی پشتی سیخمەو بەری سیخمە پێک دێ. لە پێش دا پارچەکەمان لەبار پتەوایی بە چوار قەدی رادەخەین و لە لای چوار قەدی بەستراوی پارچەکەوە ئەندازەکەمان دادەنێین. درێژایی پارچەکە هەمان درێژایی سیخمەکەیە کە پێشتر ئەندازەمان گرتووە. لە پانی پارجەکەش دا پشتی مل کە زیاتر ٧cm دای دەنێین و پانایی سینگیش دادەنێین و ئەو ئەندازانە بە مەقەست دەبڕین. پشت و پێشەوە جیا دەکەینەوە و لە سەر پێشەوە لە نووکی ملەوە بە ئەندازەی ٢٠ تا ٢٣ cm دەیهێنینە خواری و بە حاڵەتی نیودایرە یان نووک تیژ بە خوارەوەی سیخمەکەی وەسڵ دەکەین. لە هەر تیکەیەکی پشتو پێشەوەش، دوو تیکەی دیکە لە سەر پارچەیەکی دیکە دەردێنین بۆ بەری سیخمەکە و دواتر تیکەکان لە سەر یەک دادەنێین و دەی دوورین.











کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند زانیارییەک دەربارەی ڕێگرتن لە منداڵبوون و وەستانی هەمیشەیی سووڕی خوێن

د. ئاوات واژەیی





مەنعکردن لە ڕێگەی دەرزییەوە یەکێکە لەو ڕێگە باوانەی کە بەکاردێت بۆ بەرگرتن لە سکپڕی و کاریگەری هەر دەرزییەک نزیکەی ٨ تا ١٢ هەفتە دەخایەنێت بەپێی جۆری دەرمانەکەی. ئەم دەرزییە ماددەی پرۆجیستۆجینی تێدایە کە ناوپۆشی منداڵدان ئەستوور دەکات و ڕێگە دەگرێت لە گەیشتنی سپێرم بە هێلکە. هەندێک جۆریان دەبنەهۆی وەستاندنی دروستبوونی هێلکە. ئەوەی پێویستە بزانرێت مەنعکردن بە دەرزی بە ڕێژەی ٩٩٪ کاریگەرە، واتە لە سەد ژن تەنها یەکێکیان دوگیان دەبن لە کاتی بەکارهێنانی ئەم دەرزییەدا.

سوودەکانی:

- هەر دەرزییەک کاریگەری ٨ بۆ ١٢ هەفتەی هەیە.
- بۆ ئەو ژنانە بەسوودە کە ناتوانن ئەو مەنعانە بەکاربێنن کە هۆرمۆنی ئیسترۆجینی تێدایە.
- هیچ دەرمانێک کاریگەری نییە بۆ سەر ئەم جۆرە مەنعە.
- بەسوودە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی منداڵدان و هەوکردنی درێژخایەنی ژنان.

**چەند زانیاریەکی تر دەربارەی مەنع بە دەرزی:**

لایەنە خراپەکانی لە کاتی بەکارهێنانیدا بریتین لە زیادبوونی کێش، سەرئێشە و ئازاری سنگ و تێکدانی سووڕی مانگانە. هەروەها ئەم دەرزییە بۆ ماوەی ١٢ هەفتە لە لەشدا کاردەکات واتە ئەگەر هەر کام لەو ئازار و نارەحتیانەی کە باسکرا ئەگەر ڕوویدا ئەوا تا ١٢ هەفتە بەردەوام دەبێت و باشبوونی نییە. ڕەنگە کاریگەری لەسەر پێتاندنی هێلکە و دروستبوونی کۆرپەلە تاکو ماوەی ساڵێک بمێنێت واتە ڕەنگە تاکو ساڵێک نەتوانیت دووگیان بیت. ئەم دەرزییە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی چری ئێسک هەیە.

**وەستانی هەمیشەیی سووڕی خوێن...**

لاوازبوونی هێلکەدانەکان و نەمانی توانایان لە دروستکردنی هێلکە بریتیە لەو قۆناغەی کە ناودەبرێت بە وەستانی هەمیشەیی سووڕی خوێن و هەموو ژنێک لەسەروو تەمەنی چل ساڵییەوە پێیدا تێپەڕدەبێت و چەند نیشانەیەکیشیان تیا دەردەکەوێت کە دەتوانرێت بەهۆیەوە ئەم بارە فیسیۆلۆژییەی ژنان دیاری بکرێت، لەوانە:

*زیادکردنی کێشی لەش یەکێکە لەو نیشانانەی کە لەدوای وەستانی سووڕی مانگانەوە دەردەکەوێت لە ئافرەتاندا، هەربۆیە پێویستە کە ژنان لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بەجۆری خۆراکەکانیان بدەن لەڕووی تەندروستیەوە بۆ کەمکردنەوە و ڕێگرتن لە زیادبوونی کێش و خۆپاراستن لە نەخۆشیەکانی دڵ.

* وشکبوونەوە و خوورانی پێست یەکێکی ترە لە نیشانەکان و ئەمەش بەهۆی گۆڕینی باری هۆرمۆنییەوە دەبێت لە لەشدا.

* چرچبوون و لاوازبوونی پێست کە ئەمەش لە پێشدا لە دەورووبەری چاو و چەناگەدا دەردەکەوێت.

* قژ ڕووتانەوە و لاوازبوونی بەهۆی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی ئیسترۆجینەوە.

* زیادبوونی مووی دەموچاو ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی مێینە و زاڵبوونی هۆرمۆنی نێرینەوە دەبێت.

* نینۆکی پەنجەکان تەنک و نەرمتر دەردەکەون.

* گۆڕانکاری لە باری دەروونیدا ڕوودەدات بەجۆرێک کەسەکە هەست بە دڵتەنگی و خەمۆکی دەکات.

* هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و تووڕەبوونی زیاتر.

* هەندێجاریش کەمبوونەوەی توانای مێشک و گرفتی بیرچوونەوە و کەمبوونەوەی توانای تێڕامان و سەرنجدان (تەرکیز).

* هەستکردن بە بێهێزی و بێتوانایی.

سه ر چاه مالپه ری خه ندان



کتێبخانەی ... www.rabari.org

# چاوەدێری کردنی پوک و ددانی منداڵان

وەرگێڕان لە فارسییەوە: گەلاوێژ پەیڕەوان

بۆ سلامەتی ئەوان پێویستە، فێرکردن و ڕاهێنانی زارەکی دەبێ لە تەمەنی زۆر کەم، تەنانەت پێش دەرکەوتنی یەکەم ددان بکرێ.

بەڵام چۆن دەتوانیت پارێزگاری لە ددانە چووک و وردەکانی منداڵ بکەین و خاوێن ڕایان بگرین:

کاتێک کە منداڵ لە نێو زگی دایکی دایە ددانەکانی دەست بە شکڵ گرتن دەکەن، کاتێک کە منداڵ لە دایک دەبێ کۆمەڵێک ددانی ۲۰ دانەیی لە ژێر پووکی دا شاردراونەوە.

چۆن ددانی ساواکان خاوێن بکەینەوە؟

پاککردنەوەی دەم دەبێ پێش دەرکەوتنی یەکەم ددان ئەنجام بدرێ، ئێوەش دەتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە ئاو و پارچەیەکی خاوێن یان فڵچەیەکی زۆر نەرم دوای شیر یان خواردن پێدان بە منداڵان، پووک و زمانییان خاوێن بکەنەوە. باشتر وایە ئەو کارە بەیانیان و عەسران ئەنجام بدەن. کاتێک لە یەکەم ددان دەرکەوت، لە فڵچەیەکی نەرم و تایبەت بە ساوایان کەڵک وەرگرن و ڕۆژێ دووجار دەم و ددانەکانی بۆ خاوێن بکەنەوە، بە تایبەت دوای یەکەم و دواین خواردن.

تەنیا خاوێن کردنەوەی دەم و ددانەکان گەرەنتی سلامەتی ئەوان نیە، بەڵکوو ژەمە خۆراکەکان و جۆری خۆراکیش لە سلامەتی دەم و ددانی منداڵ زۆر گرینگە.

شێوەی خاوێن کردنەوەی ددانی منداڵ:

١- منداڵەکەتان بە جۆرێک دانین کە بتوانن ناو دەمی ببینن و هەروەها منداڵەکەشتان هەست بە ئارامی بکات.

٢- چەنەگەی بگرن و سەری بە هێواشی بە خۆتانەوە بنووسێنن.

٣- بە هێواشی دەست بکەن بە شۆردن و خاوێن کردنەوەی ددانەکانی.

٤- لێوی منداڵەکانتان بکەنەوەو سەر زمان و پاش و پێشەوەی ددانەکانیان خاوێن بکەنەوە.

٥- کاتێک منداڵەکەتان بوو بە دوو ساڵ، فڵچە لێدانی ددانی بە خۆی بسپێرن، بەڵام دەبێ لە پێشدا ئەو کارەتان فێرکردبێ و لە کاتی فڵچە لێداندا چاودێری بکەن و ئەم کارە تا تەمەنی حەوت هەشت ساڵی درێژە پێ بدەن، واتە لە کاتی فڵچە لێدان ئاگات لێ بێ.

تا ئەو کاتەی ددانی منداڵەکانتان بە یەکەوە جووت نەبوون، پێویست بە کەڵک وەرگرتن لە داوی ددان ناکات، چونکە پاشماوەی خواردنەکان لە نێوان ئەو ددانانەی کە مەودایان هەیە نامێنێتەوە. دیارە کەڵک وەرگرتن لە داوی ددان دوای تەمەنی سێ ساڵی دەست پێ دەکات.

لەوانەیە منداڵەکانتان حەزیان لە خاوێن کردنەوەی ددانەکانیان نەبێ، ئەگەر ئەوان لەم بوارەدا هاوکاریان نەکردن، باشتر وایە بۆ ئەم کارە هۆنراوەیەک (شێعرێک فێر بن و بۆی بخوێنەوە تاکو هان بدرێ.

ئەگەر شێعرو گۆرانیەکانتان لەگەڵ هەندیک حەرەکاتی شاد بۆ بڵێنەوە، دڵنیابن زۆر ناخایەنێ کە هۆگری بەم کەرە پەیدا دەکەن.

* هەویری ددان و فلۆراید:

نابێ بۆ منداڵانی ژێر (٨)مانگ لە هەویری ددان کەڵک وەربگرن . هەویری ددان فلۆرایدی تێدایە.

فلۆراید جۆرێک ماددەی کانزاییە کە دوو کاری سەرەکی دەکات:

یەکیان دەبێتە هۆی پتەوبوونی ددان و ئێسکەکان کە ددانەکان وردە وردە لە شەویلکە دێنە دەرێ.

هەروەها ئەوی تریان، ئەوەیە کە ئەو مینایانەی کە بە هۆی بەکتریاکانەوە زیانیان وێ کەوتوون، سەر لەنوێ دەبووژێنەوەو هەروەها پێشگیری لە کرمۆڵ بوونی ددانەکانیش دەکات.

بەڵام ئەگەر منداڵان فلۆرایدی زیادە لە پێویست قووت بدەن، دەبێتە هۆی ژاراوی بوونییان و پێک هاتنی خاڵ گەلێکی سپی. دیارە ئەو پەڵانە تەندروستی منداڵەکەتان ناخاتە مەترسیەوە، بەڵام ڕووکاری ددانەکانیان کەمێک ناشیرین دەکا و دەیگۆڕێ.

کاتێک گەیشتە هەژدە مانگ، لە هەویری ددان بۆ فڵچە کردنی ددانەکانی کەڵک وەرگرن کە فلۆرایدی کەمترە.

سەرنج بدەن کە هەویر دانیکی کەم بکەنە سەر فڵچەکەیان.

لە کاتی شۆردنی دەم و ددانەکانی دا فێری بکەن کە هەویر ددانەکە تف بکاتەوە.

فڵچەی منداڵەکەتان خاوێن ڕاگرن:

١- فڵچەی منداڵەکەتان خاوێن بە ئاو بشۆرەوە، تا ئەو جێگایەی کە هیچ پاشماوەی هەویری ددانی لەناو نامێنێ.

٢- فڵچەکە سەرەوخوار دانین تا وشک ببێتەوە.

دیارە فڵچەی هەموو خێزانی بنەماڵەکە لە شوێنێک دادەنێرێت، بەڵام ئاگاتان لێ بێ کە فڵچەی منداڵەکەتان لەگەڵ فڵچەی ئەندامانی تری خێزانەکەتان وێک نەکەوێ، تاکوو بەکتریای دەمی ئەوانی دیکە نەگوازرێتەوە بۆ فڵچەی منداڵەکەتان.

هیچ کات بە شێوەی بەردەوام لە فڵچەیەک کەڵک وەرمەگرن. قالبی فڵچە لەم بوارەدا هاوکاری دەکات لە خاوێنی هەڵگرتنی فڵچەکە. وا باشترە هەر بە سێ چوار مانگ جارێک فڵچەکەتان بگۆڕن

هەر کە زانیتان ریشاڵی فڵچەکەتان کۆن بووە، خێرا هەوڵ بدەن بیگۆڕن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند زانیارییەک لەسەر شێرپەنجەی مەمک

ئا: شەونم

شێرپەنجەی مەمک یەکێکە لە بڵاوترین جۆرەکانی شێرپەنجە لە سەرانسەری جیهاندا و بەردەوام لە زیاد بووندایە، شێرپەنجەی مەمک لە وڵاتانی رۆژئاوا زیاتر لە گشت جۆرە شێرپەنجەکانی تر تووشی مرۆڤ دەبێت، یەک لەسەر نۆی ئافرەت قوربانی ئەم جۆرە شێرپەنجەن، ئەوانەی کە تووشی دەبن زیاتر تەمەنیان لەسەرووی (٣٠) ساڵیە تاوەکو ئێستا هۆی تووش بوون بەم جۆرە شێرپەنجەیە بە ڕاستی دیاری نەکراوە یان نەزانراوە، لەبەر ئەوەی شێرپەنجەی مەمک بە هۆرمۆنەوە بەندە زوو دەست نیشان کردنی دەبێتە هۆی بنبڕکردنی و چاک بوونەوەی بە ڕێژەی ٩٩٪ هەروەها هۆرمۆنەکان، بۆ ماوەیی، سیستەمی لەشی مرۆڤ خۆی و پیسی ژینگەش ڕۆڵی هەیە لەسەر دروست بوونی شێرپەنجەی مەمک، جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە زەرەی بچوک (ellC) کە هەر کامییان کاری خۆی دەکا بۆ بەردەوام بوونی کارەکانیان، (Cell)ە کۆنەکانی دەبێ لابربدرێن و لە جێگای ئەواندا دیسان (Cell)ی نوێ دروووست ئەبن بە شێوەی دابەشبوونی، لە ئەنجامی دابەشبوونی ئەم پرۆسەیە دا جاری وایە هەڵەیەک دەکرێت، بەهۆی هەندێک کێشەی ناپەیدا ئەگەر هاتوو پێنج جار هەڵە بکرێت دروست دەبێت لە پێکهاتەی (DNA)ی ژین(GEN)ی پێکهاتەی مەمک، ئەوەش دەبێت بە شێرپەنجەی مەمک کە خۆیان لە دابەشبوون کردنی پێ ڕاناگیرێ بەم شێوەیە بەردەوام (Cell)ی هەڵە،نارێک پێک دەهێنێ بەم جۆرە شێرپەنجەیەی مەمک لە ناو جۆگەلەی شیری مەمک دا درووست دەبێت،بە شێوەی گشتی شێرپەنجە لە مەمک دا درووست دەبێت.



تەندرووستی مەمک لەبەر چاوانی خۆتدایە ئەگەر دەتەوێ خۆت بپارێزی لە نەخۆشییەکانی مەمک وەک شێرپەنجە و بەناو گرێیەکان یان زوو بیانناسەوە زووتر دەست بە چارەسەری بکرێت و چاکبوونەوەی ئاسانتر بێت ئەوا پێویستە خۆت فێری پشکنینی مەمک بکەی و مانگی جارێک ئەنجامی بدەی.

ئەو ژنانەی زۆرتر تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن ئەمانەن:

١- ئەو ژنانەی شیر نادەن بە منداڵەکانیان.
٢- ئەو ژنانەی قەڵەون.
٣- ئەو ژنانەی سیگار دەکێشن.
٤- ئەو ژنانەی لە تەمەنێکی زۆر دەست دەکەن بە خواردنی حەبی بەرگری.
٥- ئەو ژنانەی هۆرمۆن وەردەگرن.
٦- ئەو ژنانەی مەی دەخۆنەوە.
٧- ئەو ئافرەتانەی بەتەمەن دا چوون.

گۆڕانکارییەکان لە مەمک دا چین؟

بەرچاوترین گۆڕانکاری لە مەمک دا پەیدا بوونی گرێیە، ئەوەش ئەو ئەستوور بوونەیە کە هەستی پێ دەکرێت و جیاواز، لە گرێکانی سرووشتی مەمک.

گرێکان دەبێت بە شێوەیەکی جیاواز هەستیان پێبکرێت، هەندێک لە مەمک دا نەرمتر یان ڕەقترە لە شوێنێکی تر، جاری وا هەیە گرێیەکان لووسن، ئەم خڕۆڵکانە بە ئازار نین.

گۆڕانکارییەکانی دیکە»

-خەتێکی بچووکی ئەستوور کە بەرەوگۆی مەمکەوە بڕوات.
-قوڵایەک یان قووپان لە پشتی مەمکدا.
- بە ناوەوەچوونی گۆی مەمک.
-گۆڕانکاری لە گۆی مەمک وەکو (سووربوونەوە)ی توێژی سپی پێست، تەڕایی لە گۆی مەمک(ئاوی وەک شیری ڕەنگی سەوز یان خوێناوی)
-مەمکێک کە هەستی پێ دەکرێت گەرم و سوورە.
-برینێکی پێستی مەمک کە ئاسان بەرەو باش بوون نەچێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org




– گۆڕانکاییەکان تووشی زۆرێک لە ژنان دەبن لەوانەیە هەندێک جار زۆریش کێشەیان بۆ پەیدا بکات بەڵام ئەوانە زیاتر گرێی بە زەرەرن بە تایبەت لە ناو کچانی گەنجدا.

*پشکنینی مەمک:

پێویستە لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک زوو سەردانی پزیشک بکرێت بەبێ دواکەوتن،پشکنینی مەمک بەوە تەواو دەبێت کە ساڵی جارێک لای پزیشکی کارامە پشکنینی سروشتی بۆ بکرێت.

–پێویستە ژنان خۆیان پشکنین بۆ خۆیان بکەن ئەمەش لە (٧) تا (١٠)یەم ڕۆژ لە یەکەم ڕۆژی مەمک سوڕی مانگانە ئەنجام بدرێت.

* چۆن ئافرت مەمکی خۆی دەپشکنێ؟

– لە بەرانبەر ئاوێنەدا بوەستە و بە جیا تەماشای هەر یەک لە مەمکەکانت بکە سەرنجی شێوە و قەبارە و ڕەنگ و قالب و ئاراستەی مەمک و گۆی مەمکەکانت بدە، ئینجا توانای دیاریکردنی هەر گۆڕانکارییەکت لە مەمکدا بدە وەکو لوول بوون، دەرپەڕین و گورجبوون و چاڵبوون و چرچ بوون و جیڕ بوون.

– باڵەکانت بەرز بکەرەوە سەر سەرت و بە دەم سووڕانەوەدا بەلای تەنیشتەوە تەماشای هەردوو مەمکت بکە.

– بە دەستەکانت هەردوو نێکەکانت بگرەو پاڵ بە شانەکانت بدە بۆ پێشەوە، بەجیا تەماشای هەردوو مەمکەکانت بکە.

هەست بکە:

– بەرامبەر ئاوێنەکە بوەستەو لە خوار ئێسکی چەڵەمەوە دەست بە پشکنین بکە.

– دەستی چەپت بۆ پشکنینی مەمکی ڕاست بە کار بێنە، نەرمی سەری پەنجەی ناوەڕاستت لە هەتوان هەڵسوو زەخت بکە سەر هەموو مەمک و دەستی پێدابێنە بە شێوەی بازنەو تیشک و لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە ڕاست بۆ چەپ و بەم پێیە هەموو هەریمەکانی مەمکت پەی بکە بە گۆمەکەوە.

– پشکنینەکە درێژ بکەوە بۆ ئەوەی ئەو شانەیەی مەمکت کە دەکەوێتە بن باڵتەوە بگرێتەوە.

– دەستەکەی دیکەت بێنەو هەر بە هەمان شێوە مەمکەکەی دیکە بپشکنە.

– پاڵکەوە باڵێکت بەرز کەوە بۆ ژوور سەرت وەک مەمکت بپشکنە، بەڵام بنباڵی لەگەڵ نەبێ، باڵەکەی دیت بەرزکەوەو فەحسی مەمکەکەی دیکەتی پێ بکە.

* چارەسەر کردنی:

لە کاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەک لە مەمکدا بە خێرایی سەردانی پزیشک بکرێت، کە پزیشک دەست نیشانی دەکات کە گۆڕانکارییەکە کێشەی پێوەیە یان نا، ئەگەر پزیشک شک بکات و نەزانێت چییە ئەوا داوای (ma mmogri lie) دەکات.

لێکۆڵینەوەی تر (punctic)

بەم شێوەیە ئەتوانرێت (cyste) یان کیسە ئاوییەکان لە ناو مەمکدا رابکێشرێت جاری وا هەیە لە ڕێگای نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت.

Biopsie

پارچەیەکی زۆر بچووک بە دەرزی لە نەرمە پێکهاتەی مەمک هەڵئەگری بۆ لیکۆڵینەوە لە ژێر (micros coop) بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەست نیشان بکرێت کە گۆڕانکاریەکە شێرپەنجەیە یان نا، ئەگەر هاتوو ئەنجامی لیکۆڵینەوەکە لەسەر گۆڕانکاریەکە باش بوو ئەوا پزیشک دەست نیشانی دەکات چۆن چارەسەری گرێیەکە بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەنجامەکە باش نەبوو شێرپەنجە بوو ئەوا پزیشکی تایبەتی بە شێرپەنجە چارەسەریەکە بە ئەستۆ دەگرێت، ئەم چارەسەر کردنەش بە چەند ڕێگەی جیاواز دەبێت:

١– چارەسەری ڕێگای تیشک Radiotherapie .

٢– چارەسەری ڕێگای کیمیایی chemotherapie .

٣– چارەسەری ڕێگای هۆرمۆنەکان Hormonale therapie .

بەو هیوایەی ئافرەتانمان ڕەچاوی ئەم دیاردەسامناکە بکەن و پەیرەوی ڕێنمایەکان پزیشکانبن،بە هیوای تەندروستییەکی باش بۆ هەمووڵایەک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەنجیر بۆچی باشە؟





شوێن و مێژووەکەی:
شوێنی سەرەکی هەنجیر ئاسیا و سوریا و وڵاتی ئێرانە.

پێکهاتەکەی:
پێکهاتەی سەرەکی بریتیە لە شەکری دیکستڕۆز، کە (٥٠٪)ی پێکهاتەی هەنجیر پێکدەهێنێت، ڤیتامیناتی A، B، C هەروەها خوێیەکانی ئاسن و کالیسیۆم و پۆتاسیۆم و مسی تێدایە، پرۆتین ٢-٤٪ی تێدایە، چەوری (٠,٠٥٪) لە هەنجیری وشکدا (١-٢٪) لە هەنجیری تەڕدا.

بەکارهێنان‌و سوودە پزیشکییەکانی:
١_ هەنجیر بۆ هێورکردنەوەی مێشک و ڕەواندنەوەی نیگەرانی بەکاردێت.
٢_ گورچیلەکان چالاک دەکات و سووڕی خوێن بەهێز دەکات.
٣_ ڕێگا نادات ئاو لەناو دڵ و سییەکان و لەشدا کۆببێتەوە.
٤_ خوێن بەربوون رادەگرێت.
٥_ هەروەها بۆ کەمکردنەوەی گازی سک و کەمکردنەوەی کێشەکانی هەڵامەت بەکاردێت.
٦_ جگەر بەهێز و چالاک دەکات و هەڵئاوساوی سپڵ ناهێڵێت.
٧_ چارەسەری نەخۆشییەکانی سووڕی خوێن و موولولەکانی دەکات بەتایبەتی مایەسیری.
٨_ یارمەتی هەرس کردن دەدات و توانایەکی باش دەدات بەلەش بە تایبەتی وەرزشکاران.
٩. میز هێنەرە و بەرد و لم لادەبات.
١٠_ نەرمکەرەوەیە بۆ گەدە و بەسوودە بۆ ژنانی دووگیان.
١١_ سوودی هەیە بۆ نەبوونی زیپکە لەسەر روخسار و دەمو چاو، یارمەتی دەرە بۆ کەم کردنەوەی چەوری لەش و لابردنی زیپکە و سپیکردنەوەی پێست.
١٢_ باشترین میوە بۆ چارەسەری کەمخوێنی هەنجیری وشککراوەیە، ئەو هەنجیرە توانای هەڵمژین و هەڵگرتنی کانزای ئاسنی هەیە، کە هاوکارە بۆ هەڵگرتن و دابەشکردنی ئۆکسیژن بۆ هەموو بەشەکانی جەستە، ئەگەر ئەم کانزایە کەمی کرد، ئەوا مرۆڤ دووچاری کەم خوێنی دەبێت.
١٣_ خواردنی بۆنی ناخۆشی دەم ناهێڵێت.
١٤_ خواردنی توێکڵی تازەی هەنجیر تەب دادەبەزێنێ.
١٥_ پەستانی خوێن دادەبەزێنێ.
١٦_ ئەگەر هەنجیر لەپێش خواردن بخورێت هەرسی خۆراک ئاسان دەکات.
١٧_ خواردنی هەنجیر لەگەڵ پستە و بادام، بیر و هۆش زیاد دەکات.
١٨_ سێ هەنجیری وشک کە چوارلەت کرابێ لەگەڵ دوانزە دەنک کشمیش لە قاپێکی شیردا بکوڵێنرێت بەیانیان بخورێتەوە قەبزی ناهێڵێت.
١٩_ شیرەکەی ئازاری ددان دەشکێنێ.
٢٠_ هەروەها شیرەکەی دومەڵ و مێخەکە و بالوکە چاک دەکات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## Kiciqendil.com



یەکەمین ماڵپەڕ کە دەمانهەوێ پێتان بناسێنین ماڵپەڕێکە بەناوی « کچی قەندیل » دات کام. ئەم ماڵپەڕە هەروەک لە ناساندنی خۆی بە بینەران و خوێنەرانی دا هاتووە:

ڕاگەیاندنێکە هەوڵ دەدات دەریچەیەک بێ بۆ کەسانی مرۆڤدۆست و ژنانی ئازادیخواز، بەتایبەت لە کوردستان و لە هەوڵ دایە ببێتە پێگەیەک دژی کارە نامرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی

گرینگی بدا بە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

وەستانەوە دژی سیستمی پیاوسالاری و توندوتیژی دژی ژنان و کۆتوبەندەکانی ژنان و هەروەها باس لە کێشە و گرفتی هەموو ژنانی کریکار وزەحمەتکێش و زیندانی.

ئەم ماڵپەڕە لە کۆتاییدا ڕادەگەیەنێ کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی سەرەوە لە هیچ هەوڵ وکۆششێک دریغی ناکا.

ماڵپەڕی کچی قەندیل جیا لە لاپەڕەی سەرەکی، چەند بەش وپرسی دیکەی وەک ژنان، مافی مرۆڤ، ئەدەب وهونەر، وێنەو بەشی ویدیۆی لە خۆگرتووە، کە هەر کام لەو بەشانەش چەندین وتاری بەپێزو وێنە و گرتەی ویدیۆیی جێ سەرنجی تێدایە کە هیواداریین جێی ڕەزامەندی ئێوەش بێ.

***




ماڵپەڕی ژیانەوە ماڵپەڕێکە سەر بە ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی کوردستان ئەو ماڵپەڕە لەم بەشانە پێک هاتووە هەواڵی پێوەندیدار بە ژنان، ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و وتار، وەرزش، هەمەرەنگ، کۆمەڵایەتی و چەند گۆشەیەکی دیکە. هەروەها لەم ماڵپەڕە دا دەتوانن سەیری بابەتەکانی هەفتەنامەی ژیانەوەش بکەن کە هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری تایبەتە و یەکێتی ژنانی کوردستان دەری دەکا.

لە گۆشەی کۆمەڵایەتی ئەو ماڵپەڕە دا وتارێکی سەرنج ڕاکێشی تێدایە لە ژێر ناوی «یاسا،ئابووری،پەروەردەو ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی،هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی دژی ژنان لە عێراق»

کە لە بەشێکی ئەم وتارە دا هاتووە، توندوتیژی دژی ژنان لەعێراق دا بۆتە دیاردیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو، هەرچەندە ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت، دەترسن لە ئاشکراکردنی ئەو دۆخەی بەسەریاندا هاتووە، بوونی گومانێک، بەسە بۆ ئەوەی نێرینەی خێزانە عیراقیەکان پەنا ببەنە بەر توندوتیژی بەرانبەر هاوسەر، یان خوشک و تەنانەت دایکیان.لەبەرانبەر دا ژنانیش کاتێک دەگەنە دۆخی نائومێدی و بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی و کێشە خێزانییەکان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن. بەو هیوایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن و کەڵکی پێویستی لێوەرگرن.

www.zhyanawha.com

## هانای کوێستان

مینبەرێکە بۆ گەیاندنی هاناو هاواری یەکسانیخوازانەو ئینسانیی منی ژن



ویبلاگی هانای کوێستان، یەکێکی تر لەو ویبلاگانەیە کە بەردەوام بابەت و نووسراوەی بە هەر دووک زمانی کوردی و فارسی تێدا بڵاودەبێتەوە کە لەلایەن خاتوو کوێستان فتوحی، چالاکی بواری ژنانەوە بەرێوە دەچێ. هەروەک لە تایتڵی سەرەوەی ویبلاگەکەدا هاتووە، مینبەرێکە بۆ گەیاندنی هانا و هاواری یەکسانیخوازیانە و ئینسانی منی ژن.خاتوو کوێستان لە ناساندنی ئەم ویبلاگە دا دەڵێ: « بۆ وڵامی هەموو ئەو بەرێزانەی ناوی ئەم ویبلاگەیان بۆ پرسیارە، دەڵێم: ناوی ویبلاگەکەم لە ناوی کچەکەم (هانا) و ناوی خۆم (کوێستان) پێک هاتووە، بەڵام مەبەستم هەر تەنیا لە تەنیشت یەکتر دانانی ئەو دوو ناوە نەبووە، (هانا) واتای داوای یارمەتی وگەڕان بە شوێن «فریادرس»ە و تەرخان کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی نووسین و وەرگێرانەکانی خۆم لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان دا.

www.kwestanftohi.blogfa.com

**ئامادە کردنی: ئایدا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# به سەرهاتی شەپۆل

ن: شاناز کاکەئازەر

شەپۆل هاورێیەکی لەمێژینەی خۆمە دەتوانم بڵێم لەوەتا چاوم پشکووتوە فامم کردۆتەوە دەیناسم. ئەو مرۆڤێکی زۆر دڵنەرم و هەتا بڵێی لەسەر خۆ بوو. بڕوایەکی قووڵیشی بە داب و نەریتی کۆمەڵگا هەبوو، پێی وابوو دەبێ هیچ کردەوەیەکی نەشیاو و ناباو ڕوونەدا و بە هیچ شێوەیەک سوننەت شکێنی نەدەکرد، ئەگەرچی تەمەنی کەم بوو بەڵام ئاستی تێگەیشتنی زۆر بەرز بوو، جگە لەوانەش زۆری بنەماڵەکەی خۆش دەویست و پێی خۆش نەبوو هیچ کات دڵیان بشکێنێ بە تایبەت دڵی دایکی کە ڕێزێکی تایبەتی بۆ دادەنا. باشترە بەسەرهاتی شەپۆل لە زمانی خۆیەوە ببیسن:

منداڵی بچووکی ماڵ بووم، بە قەول پاشەبەرەی دایکم . هەر بۆیە دایکم زۆر نازی دەکێشام و ئاگاداری لێ دەکردم. هیچ کات نەیدەهێشت خۆم ماندوو بکەم و کاری نێوماڵ لەسەر شانی خوشکەکانم و براژنم بوو. ئەگەرچی بەرەبەرە تەمەنم دەگەیشتە مێرمنداڵی بەڵام دایکم ئێستا وەک منداڵێکی بچووک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، ئەوەش شتێکی باش نەبوو، ببوو بەهۆی دروست بوونی هۆگرایەتیەکی زۆر هیچ قازانجێکی نەبوو و لە بەرژەوەندی هیچ لایەکمان دا نەبوو. بەڵام هیچ چارەیەک نەبوو، دایکم زۆر دڵی بە من خۆش بوو. منیش پێم خۆش نەبوو هیچ کات دڵی بشکێنم. ڕەنگە لەبەر ئەو هەڵسوکەوت و هۆگرایەتیەش بوو کە لە داهاتوودا بوو بە هۆی ئەوەی کە خۆم بە قەرزداری دایکم بزانم و ویست و ئارەزووەکانی خۆم لە ژێر پێ بنێم. ژیانمان بەم شێوەیە تێپەڕ کرد هەتاکوو دوو خوشک و برایەکم کە سەڵت بوون دوابەدوای یەک زەماوەندیان کردو ئەندامانی بنەماڵەکەمان کەمتر بوونەوە. لەم قۆناغەدا بوو کە بە داخەوە خوێندنم وەلانا و وازم لێ هێنا، جا هۆیەکەی هەرچی بێ بۆ هەتا هەتایە پشتم لە خوێندن کرد و بۆ هەتا هەتایە دەرگای قوتابخانەم لەسەر خۆم داخست. هەروەک هەموومان دەزانین لە نێو بنەماڵەکانی کۆمەڵگای ئێمە دا زۆرتر باوک دەسەڵاتدارەو سەرپەرستی خێزانەکەی دەکا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم جۆرە بنەماڵانە باوکی ئێمە پیاوێکی زۆر فەقیرحاڵ بوو و دەسەڵاتی ماڵیی بە تەواوی دابوو بە دایکم. دایکیشم ئەو ئەرکەی خستبووە سەر شانی براکانم. ئەوان هەرچی کردبایان، لە چاک و خراپن خێر یان شەڕ، ئەو پێی ڕازی بوو. هەر بۆیە هەمیشە کوڕەکان بۆ هەموو مەسەلەیەک بڕیاریان دەداو دوایین قسە هەر قسەی ئەوان بوو. بەرەبەرە گەیشتمە قۆناغی مێرمنداڵی و تەمەنم بوو بە ١٦ ساڵ. هەرەتی تازەلاویم بوو، زۆر دڵم بە دنیا خۆش بوو. لەو کاتە دابوو کە هەستم بە سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕێک لە ژیانم دا کرد. ماوەیەک بوو کەسێک دووراودوور ئاگای لێم بوو و لەسەر کۆڵان ڕادەوەستا. ئەگەر بۆ شوێنێکیش چووبام وەدوام دەکەوت. ئەم مەسەلەیە بۆم ببوو بە نیگەرانیەکی گەورە، پێم وابوو ئەگەر هاتووچۆی ئەم کوڕە لەوە زیاتر بێ خەڵک پێ دەزانن و ئابڕووی خۆم و بنەماڵەکەم دەچێ.بڕیارم دا کە دوور لە چاوی خەڵک لە شوێنێک کە کەسی لێ نەبێ بە زمانێکی خۆش داوای لێ بکەم وازم لێ بێنێ و چی دیکە وەدوام نەکەوێ. ڕۆژێک ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا و کاتێک لە کۆڵانی خوارەوەی ماڵی خۆمان لەگەڵی ڕووبەڕوو بوومەوە داوام لێ کرد کە پێش ئەوەیکە خەڵک بزانن و قسەو باسم بۆ دروست بکەن وازم لێ بێنێ و کێشە بۆ من و بنەماڵکەم ساز نەکا. پێم وابوو ئەویش وەک زۆربەی لاوانی هاوتەمەنی خۆی تەنیا بە مەبەستی کات پڕ کردنەوە دەیهەوێ هەر جارە لەگەڵ کچێک پێوەندی هەبێ و خۆی سەرقاڵ بکا. بەڵام ئەم بۆچوونەی من هەڵە بوو. ئەو لە وەڵامی ئەم داوایەی مندا زۆر بەڕێزەوە گوتی: تۆ بە هەڵە لەمن تێگەیشتووی. من بە تەما نیم ئابڕووی تۆ یان بنەماڵەکەت ببەم، بەڵکوو مەبەستم کاری خێرە. ماوەیەکی زۆر دڵم لە لای تۆیە. بێ ئەوەی کە بۆخۆت بزانی سەبارەت بە تۆ پرسیارم لە دەروو جیرانان کردووە. هەموو شتێک لە بابەت ژیانی تۆ دەزانم. پێیان گوتووم کە نازدار و کارنەکردوویە. من»کۆیلەم« ناوێ. کەسێکم ناوێ کە کاری لێ بکێشم. من تۆم تەنیا لەبەر خۆت خۆش دەوێ و ئەگەر تۆش بتهەوێ پێم خۆشە کلیلی قفڵی دڵم بە تۆ بسپێرم. ئەوەش بزانە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



من لاوێکی بێکارە نیم و ماوەیەکە سەربازیم تەواو کردووە و لە فلان شوێن دامەزراوم. تۆش حەقی خۆتە بە باشی بیری لێ بکەیەوەو لە هەرکەس پێت خۆشە پرسیار بکەی. نیونیشانی ماڵی خۆیانی دامێ و گوتی پاش چەند ڕۆژی دیکە وڵامم لێت دەوێیتەوە. ئەو قسەکانی خۆی کرد و ڕۆیشت، من مامەوە بە دنیایەک دوودڵییەوە. ئایا بڕوای پی بکەم یان نا؟ مەسەلەکەم لەگەڵ خوشکم باس کرد، ئەویش هێندەی دیکەی وەگومان خستم. ئێستاش ئەو قسەی خوشکم لە بەر گوێمدایە کە گوتی: پیاو هەموو وەک یەک وان،کاتێک دیتیان دڵیان بە دەست هێناوی دەڕۆن و ئاوڕت لێ نادەنەوە.» بەڵام ئەو بەدوور لە چاوەڕوانی من و خوشکم بڕیاری خۆی بردەسەرو ناردی بۆ خوازبێنیم. بە داخەوە من لە ترسی هەڵسوکەوتی بنەماڵەکەم کە پێیان وابوو ئێستا زۆر منالم و ئەو شتانە بۆ من زوویە نەمتوانی لەگەڵیان باس بکەم. هەر بۆیە هیچ ئامادەی ئەم خوازبێنیە نەبووم. هەڵبەت دەبێ بڵێم منیش بە تەواوی هەستمەوە خۆشەویستی ئەم لاوەم کەوتبووە دڵەوەو متمانەم پێ کردبوو. هەر لە یەکەم دانیشتنی خوازبێنی دا براکەم دەستی کچە چووکەکەی خۆی گرت کە ئەو کات تازە پێی هەڵگرتبوو، بردی بۆ ژووری میوانەکان و بە گاڵتە پێی گوتن کە ئێمە تەنیا ئەم کچەمان هەیە. بەڵام ئەوان داوایان کرد کە بۆ وڵام دانەوە پەلە نەکەن. لانی کەم ڕای منیش بپرسن. نەیاندەزانی کە ئەوەی دیتیان و بیستیان دوا وڵام بوو. ئاخر ئەوان کور بوون و هەرچی پێیان خۆش با دەیانبڕی و دەیاندروو، ئێمەش دەبوو لەبەرمان کردبا. ئەم هاتووچۆ و هەڵسوکەوتانە چەند جاری دیکە دووپات بوونەوە. بۆ دوایین جار وڵامی بنەماڵەی ئێمە ئەوە بوو: ئێمە بە هیچ شێوەیەک کچ نادەین بە کوڕی ئێوە. چونکە ئێوە هاوشانی ئێمە نین. جا چ شتێکی ئێمە لەو بنەماڵەیە زیاتر بوو یا چی ئەوان لە ئێمە کەمتر ڕاستیەکەی بۆخۆشم قەت نەمزانی. تەنیا شتێک کە دەمزانی ئەوە بوو « کوڕەکان ڕازی نین» لەبەر چی؟ ئەوە پێوەندی بە خۆیان هەیە. ئێمە نابێ کارمان بەو شتنانە بێ. ئەوان بێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان هەبێ بوون بە کۆسپ لە سەر ڕێگای ئەم زەماوەندەو نەیانهێشت سەر بگرێ. پاش ئەم وڵامە ڕۆژێک کوڕەکە هات بۆ دیتنم و پێی گوتم چی دیکە ناتوانم باوکم بنێرمەوە لای بنەماڵەکەت. چونکە هەمووجاری بێ ڕێزی پێ دەکەن و دەیشکێننەوە. هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نیە جگە لەوەی کە پێکەوە بڕۆین.تۆش ئەگەر بە ڕاستی منت خۆش دەوێ لەگەڵم وەرە. دەستێک جلی باش لەبەر کەو تەنیا ناسنامە و ئاڵبۆمی وێنەکانت لەگەڵ خۆت بێنە. ئەوە داوایەکی کەم نەبوو. دەبوو جگە لە ئابڕووی بنەماڵکەم کە لە مەترسی دەکەوت، دڵی دایکیشم لە خۆم ڕەنجاندبا و بە جێم هێشتبا. مۆڵەتم ویست هەتاکوو بیری لێ بکەمەوە. ماوەیەک عەقڵ و دڵم دەمەقاڵەیان کرد. عەقڵ دەیگوت: بەرامبەر بە بنەماڵەکەت بی ئەمەگ مەبە و گیرو و گرفتیان بۆ ساز مەکە. بەڵام دڵ دەیگوت: واز لە خۆشەویستەکەت مەهێنە و هێلانەی ئەڤین مەڕووخێنە. سەرم لێ شێوابوو نەمدەزانی چ بڕیارێک بدەم. زۆری نەخایاند عەقڵ توانی زاڵ بێ و گوێ بۆ سۆزی دڵ نەگری و بنەماڵە هەڵبژێری. بەم شێوەیە وڵامم داوە: ناتوانم بیر لە ئابڕووی بنەماڵکەم نەکەمەو، ئەوە زەربەیەکی قورس دەبێ بۆیان. ئەتۆش ئەگەر ناتهەوێ لە دەست من هەڵگری ماوەیەکی دیکەش ڕاوەستە بەڵکوو بتوانین ڕازیان بکەین. لەم بەینەدا بنەماڵەکەشم بێکار دانەنیشتن و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیلانێکیان بۆ دانایەوە. ئەوان لە ناکاو سەفەرێکیان ڕێک خست، هەتاکوو من نەتوانم هەواڵ بنێرم. بەناچار چووم بۆ سەفەر، بڕیار وابوو ڕۆژێک بمێنینەوە و ڕۆژی دوایی بگەڕێینەوە. بیریان لەوەش کردبۆوە، فێری خوشکمیان کردبوو کە بە زۆر من لە لای خۆی ڕاگرێ. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژە دا کە لە ماڵی خوشکم بەند کرابووم، ئەو ئێستا نەیزانیبوو کە من لە ماڵ نیم. توانیبووی باوکی ڕازی بکا بۆ دوایین جار بێنێرێ بۆ ماڵی ئێمە. ئەو جارەش وەک جارانی پێشوو باوکمیان وەک نوێنەری بنەماڵە دانابوو کە ئاوا وەڵامیان بداتەوە:

« کچەکەم لە داخی ئێوە ئەم شارەشی بەجێ هێشتووە، تکاتان لێ دەکەم وازمان لێ بێنن چی دیکە باسی ئەم مەسەلەیە مەکەن.»

هەر لەو سەفەرە دا بووم کە پێیان گوتم ئەو ژنی مارە کردووە و هەموو شتێک تەواو بووە. دنیا لە پێش چاوەم ڕەش بوو. کاتێک بە ناهومێدی گەڕامەوە بۆ ماڵ ئەو هاتەوە بۆ دیتنم، زۆر نارەحەت بوو، پێی وابوو بە ڕاستی من بە ویستی خۆم چوومەتە سەفەر و لە بەڵێنی خۆم پەشیمان بوومەتەوە. کاتێک ڕاستی سەفەرەکەی بۆ دەرکەوت گوتی: سەریان لە من شێواند، چونکە دەیان گوت کچەکە لە داخی تۆ ڕۆیشتووە و نایهەوێ چی دیکە بتبینێ. تۆش کە باسی ئەم سەفەرەت بۆ نەکردبووم پێم وابوو کە قسەی دایکت توانیویەتی کاریگەر بێ و منت لەبەر چاو کەوتووە. بەڵام من ڕازی بە ژن مارە کردن نەبووم، چونکە ئەم کچەم خۆش ناوێ. بڕوا بکە بە زۆر لێیان مارە کردووم. باوکم ویستی بە بنەماڵەی تۆ بسەلمێنێ کە هەر ئەوان کچیان نیە، ئێمە بووینەتە قوربانی ڕقە بەرقەی بنەماڵەکانمان، تکات لێ دەکەم با کۆتایی بە خۆشەویستی خۆمان نەهێنین. ئەو بۆ جارێکی دیکەش داوای لێ کردم کە پێکەوە بڕۆین و ئەم شارە بە جێ بهێڵین. بەڵام من بڕیاری خۆم دابوو. بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبووم ئەم کارە بکەم. من نەمدەتوانی بێ ڕێزی بە بنەماڵەکەم بکەم، لە لایەکی دیکەش پێم خۆش نەبوو کۆشکی بەختەوەری خۆم لە سەر وێرانەی ژیانی کچێکی دیکە دابنێم. ئاخر لەو بەینەدا تاوانی ئەم کچە بەستزمانە چی بوو، ئەویش بە ویستی بنەماڵەکەی درابوو بەم کوڕە، ئێستاش دەبووایە بەم شێوەیە تەڵاق درابا. نا ئەوە کاری من نەبوو. من نەمدەتوانی تەنیا خۆم ببینم. بەردم لە سەر دڵم دانا و بۆ هەمیشە خۆم تازیباری ئەم ئەڤینە بێ گەردە کرد. ئەم خۆشەویستیە بوو بە قوربانی خۆنەویستی خۆم و داب و نەریتی هەڵەی کۆمەڵگایەکی پیاو سالار. ئاخر تاوانی ئەم ئەڤینە چی بوو؟ هەوری ڕەشی کام گوناح خرابووە سەر ئاسمانی عەشق؟ ئەم خۆشەویستیە زوڵاڵە کە پاکتر لە شەونمی سەر پەڕەی گوڵ بوو، چ کارێکی قێزەون و کام بێشەرمی تێدا کرابوو؟ بڕوا بکەن لە ماوەی کورتی ئەم خۆشەویستیە دا دەستەکانیشمان قەت یەکتریان نەگرت، تەنانەت بۆ تۆقە کردنێکیش. کە وابوو بۆ دەبوو بشاردرێتەوە و بۆ هەمیشە کپ کرێ؟ لەپاش ئەو ڕووداوە منیان دا بەپیاوێکی ساماندار کەتەمەنی زۆر لەخۆم زیاتر بوو بۆشم ڕوون بوو کە هۆی نارازی بوونی ئەوکاتەی بنەماڵەکەم تەنیا لایەنی ماڵی بوو.

شەپۆل ئێستا پاش تێپەڕینی ساڵانێک بە سەر ئەم ڕووداوەدا دەڵێ: زۆرم داری خۆنەویستی خۆم و خۆپەرستی براکانم خوارد. پاش کوشتنی ئەم ئەڤینە زۆرم ئازار چێشت. بەڵام بڕوا بکەن هێندێک جاریش پێویستە وەڵامی ترپەکانی دڵ بدرێتەوە. نە دڵ بێ عەقڵ بە کار دێ و نە عەقڵ بێ دڵ کەڵکی هەیە. هەردووک لا بۆ ژیان پێویستن. بێ گومان دایک و باوک خۆشەویستن و جێگەی ڕێزن. بەڵام ئەوانیش نابێ جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕ دابنێن، بۆ کوڕ بۆی هەیە بە شانازییەوە باس لە خۆشەویستی بکا بەڵام شوورەییە ئەگەر کچ دڵداری بکا و بیهەوێ بۆخۆی شەریک بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێ؟ هەتا کەی برا ببێتە خاوەن دەسەڵات و بڕیار بۆ ژیانی خوشکی بدا؟ مەگەر ئێوە دایک و باوکی هەر دووک لا نین؟ کەوابوو دەوری ئێوە لەو بەینەدا چییە؟ ئایا ئەم جۆرە برایانە بۆ هەڵبژاردنی شەریکی ژیانی خۆیان پرس بە خوشکیان دەکەن؟ کەوا بوو لەبەر چی ئەوان دەتوانن لەمپەر بهاوێنە سەر ڕێگەی خوشکیان. ئەویش ئەگەر هۆکارێکی گرینگ و جێگەی تێرامانیان هەبێ بێ گومان بە گیان و دڵ لێیان قبووڵ دەکرێ، بەڵام ئایا هۆکاری تاکەکەسی و خۆبەزلزانین و شکاندنی لایەنی بەرامبەر دەتوانێ بەڵگەیەکی باش بێ بۆ نارازی بوون؟ هیوادارم ڕۆژێک هەموو لایەک وەئاگا بێن و چی دیکە ئەڤینداری بە تاوان نەزانن. چونکە بە دڵنیایی کوشتنی خۆشەویستی دەتوانێ تاوان بێ. بەو ئاواتەی کە کچانی نیشتمانەکەمان چی دیکە جەستەی ئەڤینیان نەنێژن و ئیزنیان پێ بدرێ بۆخۆیان ڕێگەی چارەنووس هەڵبژێرن.

**خوێنەرانی بەڕێز!**
**داوا دەکەین ئەگەر ئێوەش ئاگاداری نەهامەتییەکانی ژیانی ژنانێکن. بۆمان بنووسن لەو لاپەڕەیەدا بڵاوی دەکەینەوە.**
**سوپاس**


کتێبخانەی ڕەباری
www.rabari.org

# دایە تەورێز هەورامی، یەکەمین ژنی شاعیری ناسراوی کورد

وەرگێران: سروە فەتاحی



شارستانییەت، ئاوەدانی، کلتوور و زانست لە دنیادا تەنیا بە هیمەتی پیاوان پەرەی نەستاندوە، بەڵکوو ژنانیش شانبەشانی پیاوان، لەو رێگایەدا هەنگاوی زۆر گرینگیان هەڵێناوە و خزمەتی شایانیان بە نەتەوەکەیان کردوە. هێندێک لەو ژنە بەناوبانگانە، کە وەک پیاوان، بەرهەمی زۆر بەنرخیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە و لاپەرەی مێژووی ئەدەبیاتیان بەو بەرهەمانە رازاندۆتەوە.

یەکێک لەو ژنە شاعیرانە، کە خزمەتی زۆری بە زمان و کلتووری کوردەواری کردوە؛ «دایە تەورێز هەورامی» یەکەم ژنی شاعیری ناسراوی کوردە. ئەو ژنە تێگەیشتووە، وەکوو چرایەک لە تاریکی شەودا، لە ناوچەی مێژوویی «هەورامان» چاوی بە ژیان هەڵێنا. ناوبراو ژنێکی بە دین و ئیمان بوو کە بە شێوە سروشتی، دڵی بە کوڵ هات و بە دەنگی تەنبور و گۆرانییە بە سۆزەکانی خەڵکی سەرسام کردبوو.

«دایە تەورێز هەورامی» بە پێی کتێبی (سرانجام)، لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی چاوی بە ژیان هەڵێنا و لە نیوەی سەدەی چوارەم لە هەورامان کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ بە خاک سپێردرا.

دایە تەورێز هەورامی، یەکەم ژنە کە شێعرەکانی لە کتێبی (سرانجام)دا نووسراوە و زۆرتر بە شێوەی دوو بەیتییە.

بە پێی ئەو دەست نووسانەی کە پێشەوایانی یارسان لە پاش خۆیان بەجێیان هێشتوە،ماڵی ئەو ژنە کوردە، پەرستگا و قوتابخانەی عارفان بووە و پیاوان و ژنانی یارسان، لە زانیاری و زانستی ئەو ژنە کەڵکیان وەرگرتوە و لەگەڵ سازی (تەنبور)، دوو بەیتییەکانی ئەو شاعیرە گەورەیەیان لەبەر کردووە و خوێندوویانەتەوە.

زۆربەی دووبەیتییەکانی دایە تەورێز، پڕ لە وشەی عیرفانی بوون، ئەو وشانە لە رۆژگاری کۆنەوە لە شێعری زۆربەی شاعیرانی کورد و فارس دا بەکار هێنراوە و هەر کام لەو وشانە مانای تایبەت بەخۆی هەیە.

هێندێک لە شێعرەکانی ئەو شاعیرە کە بە شێوەی گۆرانی گوتویەتی بریتین لە:

رازەن پیاڵەم، رازەن پیاڵەم
سەر سامم جە بەزم، رازەن پیاڵەم
بادەی پیاڵەم، یاوا وە ناڵەم
چکمە ناڵەکەم بەرز بێ جە عاڵەم
***
جەم پەی راسانەن، جەم پەی راسانەن
یاران یاوەران، جەم پەی راسانەن
هەر کەس نیوەکی، کەرو ئاسانەن
جەم پەی رووشنی، زیل خاسانەن
***
زیل کەران رەوشەن، زیل کەران رەوشەن
یاران وە خوەرە، زیل کەران رەوشەن
سەرسپەردە بان، وەیاری وەشەن
بسازن پەری ویتان یوو جەوشەن

سەرچاوە:

١ـ تاریخ ادبیات کردی، دو جلد از صدیق صفی‌زادە ـ انتشارات ناجی

٢ـ بزرگان یارسان، صدیق صفی‌زادە ـ چاپ سوم، مؤسسەی مطبوعاتی عطایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاە زامزا (١)

ن: خەبات ڕەسووڵی

چاوە مەستەکانم دەبرمە پەرداخە بیرەکە.تۆقلە بچووکەکان بە پەلە دێنە سەری.بەری دەستم لە تەنیشت پەرداخەکە ، لە سەر مێزەکە لێک بڵاو دەکەمەوە و ساردی مێزەکە هەست پێدەکەم.چاوم دەقوچێنم. هێواش بە سەر قامکمدا هەڵدەگەڕێ. لە تووتەوە بۆ برای تووتە. بە خێرایی دەستم وەردەسوورێنم و دەیگرم. چاوی لێ دەکەم.دەیناسمەوە زامزا؟

سیدیەکە دەخەمە سەر ویدیۆ سیدیەکە و ولۆمی فوول دەکەم.تارایەکی سووریان پێداداوە.میرزا برایم دەستی ڕاستەی گرتووە و براکەشی دەستی چەپەی. گرێگۆر دەخەمە نێو پەرداخە بیرەکەوە. دەستی کردووە بە مەلە کردن.

زاوا دەستی دەگرێ و سواری ماشێنەکەی دەکات . بۆ چرکە ساتێک ئاور دەداتەوە. شڵپە شڵپ گرێگۆر. شڵپە شڵپ گرێگۆر.لێوم لە سەر لێواری پەرداخە کە دادەنێم و نیوەی پەرداخەکە دەخۆمەوە. خۆی بە تاڵێکی سمێڵمەوە هەڵدەواسێ .بە دەستم پاڵێکی پێوە دەنێم و دەیخەمەوە نێو بیرەکەوە.

دادەبەزێ .لە پێشی سەما دەکەن .منیش سەما دەکەم . تۆش گرێگۆر وەرە سەما بکە .وەرە سەما بکە. من سەمای فلامینکۆ دەزانم .سەمای بالەش دەزانم. دەتوانم سەمای عەرەبیش بکەم .تۆ چی دەزانی گرێگۆر؟وەرە با داغە هەڵپەڕین دەیزانی گرێگۆر؟ پارەی بەسەردا دادەبارێنن .لە پشتەوەی بووک لە لای دیوارەکە منیش لەوێم .چاوت لێیە گرێگۆر؟ ئەوە منم ملم خوارکردووەتەوە و سەیری بووک دەکەم. ئەرێ گرێگۆر پێم بڵێ ژنت هێناوە ،یان ؟



سەرچۆپی گرتووە . دەیناسییەوە گرێگۆر ؟ باوکمە .کەواپانتۆڵەکەی تازە ئوتووکراون. من ئوتووم کرد لە بیرتە گرێگۆر؟ ئینسان دەبێ لە شایی باوکیدا شتێک وە ئەستۆ بگرێت گرێگۆر. تۆ قەت لە شایی باوکتدا هەڵپەڕیووی گرێگۆر؟ نازانی چ تامێکی هەیە ، تامێکی تاریک تاریک .

یەکەم شتێک کە سەرنجی ڕاکێشام مەمکی بوو .بەقەت بەقەت چ بوو گرێگۆر ؟ پێم خۆش بوو دەستێکی لێدەم .پاشان سمتی . چاوت لێیە هەر سەیری بووک دەکەم.سەرمات نەبێ گرێگۆر؟ بۆ قسەیەک ناکەی ؟ سەرت زوو زوو بهێنە دەرێ با ئاو نەچێتە نێو گوێچکەکانتەوە. هێندەش مشە مش مەکە خۆ تۆ باوکم نی لە شەوی زاوایەتیدا؟

دیسان بیرەکەم بە لێومەوە دەنێم. ببورە گرێگۆر ببورە حەوزەکەت خەریکە دەگاتە سەر چۆکت .بەڵام ئەو بیرەیە تامی گۆڕاوە چت تێکردووە گرێگۆر . نا تۆ ناتوانی کاری وام لە گەڵ بکەی ؟ تۆ دەتوانی؟ ئەو دەنگی تۆ نییە ، دەنگی منیش نییە . دەنگی باوەژنمە کە دەقیژێنێ . بقیژێنە باوەژن .بقیژێنە چونکە تۆ دەبوایە ژنی من بوایایەی ،بەڵام تۆ ژنی من نی .ئاە ببورە زامزا ماندیم کردی .

وەرە دەرێ وەرە با سەرمات نەبێ .وەرە نێو مستمەوە. ئەوە بۆ ئاوا دەلەرزی. سارد بوو بیرەکە؟ بمبوورە زامزا . با ئەو نەختە بیرەیەش بخۆمەوە وشکت دەکەمەوە. دە قسە بکە ئەوە بۆ لە جووڵە کەوتی ؟ نا مەمرە تکایە ؟ من هەڵەم کرد . هەڵەم کرد. گرێگۆر باوکم لە جووڵە کەوت. باوکە . من نەم دەویست بتکوژم. من تەنیا دەمەویست بترسێنم. دەمەویست لە کۆڵم بییەوە. ئا لە کۆڵم بەوە باوکە.وەرە بیرە بخۆوە. ویسکیشمان هەیە. تۆ کە مەست دەبی چاوت چەندە خومارە باوەژن. دەڵێی چاوت دەڵێی چاوت لەچی دەچێ ؟ لە مانگ .وەرە سەرکۆشم . ناز مەکە دەزانم حەزت لەوەیە لێوی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆت بمژی. چاوت بقووچێنە گرێگۆر. بۆ سەیرم ناکەی گرێگۆر ؟ ئاور بدەوە گرێگۆر . کێ لە وێیە ؟ ئەی هاوار گرێگۆر مردووە.

لێم مەدە ،سەگباب .ئەو سەتڵە پیسە لە سەر سەرم لابەرە .ئەوە حەوزی گرێگۆرە .هەمووی خەتای ئێوەیە گرێگۆر مرد .

پەراوێز:

١ــ گرێگۆر زامزا پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی (مسخ)ی کافکایە، کە لەو ڕۆمانەدا بەیانییەک لە خەو هەڵدەستی و دەبێتە قالۆنچە.



کتێبخانەی ڕەبەری
www.rabari.org

# هۆنراوەی مادەم سارۆن

## لە زمانی منداڵێکی نابیناوە

وەرگێران : فەتاح کاویان

پیم ئێژن : تیرۆژ یەکجار قەشەنگە و دیمەنی گوڵانی کەنار جۆبار، کە بسکیان لە ئاو دەخشێن زۆر شیرینەو، فڕینی باڵندەکان فرە دڵرفێنە، پیم ئێژن : شەوانە کە رووناکییەکی دڵنەواز ڕوخساری ئاسمان دەرەنگێنێ و، لەسەر دەریا شەپۆلەکان باڵ دەگرن و کەشتییەکان بە ئاهەنگی لەرەی باوبانەکانیان بەلەنجە و لار دەخشێن، لە هەمووشتێک جوانترن .

پیم ئێژن : رەنگی گوڵان لە بۆن و بەرامەیان هەست بزوینترە.پیم ئێژن : دۆڵ و دەرە، کێو و تەلان و مێرگ و دارستان، بە تایبەت لە بەرە بەیاندا، ئەوندە جوان و دڵرفێنن کە مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو هەمووە شکۆمەندییەدا کرنۆش دەبا. بەڵام، من نە ئەو دەریایە دەبینم کە خرۆشی شەپۆلەکانی دێتە گوێم و، نە ئەو گوڵە رەنگاو رەنگانە، نە ئاسمان، نە خۆرەتاو، نە دارستان و نە ئەو باڵندە باڵ رەنگینانە، هیچ کامیان نابینم و، لە نەدیتنی هیچ کامیشیان پەژارەیەکم لە دڵدا نییە. خۆدایە ! دیتنی هیچ کام لەو دیمەنە رازاوانە بە ئاوات ناخوازم. بەڵام، برياو سەد بريا، جارێک، تانیا جارێک، ڕووخساری دایکی خوم دیبا !

# فیلمی کوردی لە سینەمای ئەرمەنستان دا

مێژووی سینەمای ئەرمەنیستان لە هەر ١٠ ساڵ دا فیلمێکی کوردی بەخۆیەوە بینیوە. دەستپێکی ئەو فیلمە کوردیانەش بەسەرهاتی ژنێکی کورد بە نێوی «زێرێ» یە کە بە شێوەی بێدەنگ وێنا کراوە.٨٠ ساڵ بەر لە مێژووی ئێستامان، یەکەم فیلمی کوردی بە نێوی «زێرێ» کە رەوشی ژنانی کورد باس دەکات، ساز کراوە و وەک یەکەم فیلم کە کوردی بە وێنە کێشاوە قەبوڵ دەکرێت.

دامەزرێنەری سینەمای ئەرمەنیستان «حەمۆ بەکنەزەریان» سازکردنی فیلمی «زێرێ»ی کە باس لە ژیانی کوردان دەکات، لە ساڵی ١٩٢٦ دا دەست پێکردووە. ئەو فیلمە سێناریۆکەی لە لایەن «هاکوب گازاریان» و بە زمانی کوردی نوسراوە کە بۆ یەکەم جار ئەلفوبێی کوردی لە سەر ئەساسی رێنوسی زمانی ئەرمەنی، کە لە لایەن رۆشنبیرانی ئەو کات ئامادە کرابوو، بۆ نوسینی سێناریۆکە بەکار هێنراوە. وێنە هەڵگرتنی فیلمەکە لە گوندێکی کوردەکانی ئەرمەنیستان ئەنجام دراوە.

وەک زانراوە نوسەری سێناریۆکە لە لایەن کوردەکانەوە زۆر خۆشەویست بووە و لەبەر ئەوەش بە لازۆ یان ئاپۆ نێویان هێناوە. چیرۆکی بەسەرهاتی زێرێی ئەو وە ک بنەمای فیلمەکە دانراوە. ئەو فیلمە کە ژمارەیەک هەژمرێک سینەماکاری بەناو بانگی ئەرمەنی رۆڵیان تێدا گێراوە، بەسەرهاتی دڵداری زێرێ و شوانی گوندەکەیان داوود و تەگەرە خستنی بەرێگای ئەو ئەوینە لە لایەن ئاغای گوند تەیمور بەگی دەگێرێتەوە.

ئەگەرچی فیلمەکە سەرەتا بە شێوەی بێدەنگ ساز کرابوو بەڵام ساڵی ١٩٧٠ دەنگی وەسەر خرا.

لە دەنگ خستنە سەری فیلمەکە دا چەندین کەسایەتی ناودار و لە نێویان دا نوسەری کورد «جاسمی جەلیل» و کچە موزیسیەنەکەی «جەمیلە جەلیل» رۆڵیان گێراوە.

بیرەوەریەکانی «حەمۆ بەکنەزەریان» باس لەوە دەکات کە پێش لە وێنەهەڵگرتنی فیلمەکە بو ماوەیەکی زۆر پێویست بووە کە شێوەی ژیان و کولتوری کوردان لێکۆڵینەوە بکات.

ساڵی ١٩٣٣ فیلمێکی دیکە بە ناوی «کوردە ئێزدیەکان» هاتە سەر ئەکران. فیلم باسی مامۆستاییک بە نێوی «زینێ» دەکات کە روبەروی هێزە پاشکەوتوەکانی گوند دەبێتەوە. ئەوان پێیان ناخۆشە کە مامۆستای گوندەکەیان زینێ ژنێکە و ناهێلن مامۆستایەتی بکات بەڵام زینێ لە بەرانبەریان رادەوەستێت.

سۆڤیەت و کوردەکان

لە ساڵەکانی ١٩٤٦ و ١٩٥٩ دو فیلمی دوکومەنتەری بە ناوەکانی «کوردەکانی ئەرمەنیستانی سۆڤیەت» و «کوردەکانی ئەرمەنیستان» ساز دەکرێت. لە راستیدا لێکۆلینەوەکان ئەوە دەردەخات کە لە سینەمای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرمەنیستان دا هەر ١٠ ساڵ فیلمێکی جیاواز سەبارەت بە کوردەکان ساز کراوە. سێناریوی فیلمی «کوردەکانی ئەرمەنیستانی سۆڤیەت» لە لایەن «ە.کۆچاریان»ی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی و هەروەها زانایەکی کوردان بە ناوی «حاجیە جیندی»یەوە ئامادە کراوە.

فیلم گۆرانکاریەکانی ژیانی کوردەکانی ئەرمەنیستان لە دوای دەرباز بوونی سۆڤیەت بۆ سۆسیالیزم باس دەکات.

سێناریوی ئەو فیلمەی ساڵی ١٩٥٩ سازکراوە، لە لایەن نوسەری کوردی سۆڤیەت «عەرەب شامیلۆڤ» نوسراوە و دەرهێنەرەکەشی «ج. ژامهاریان»ە .

لەو فیلمەدا سەرکەوتنی کوردەکانی ئەرمەنیستان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کولتوری نیشان دەدرێت.. فیلم بە دیمەنی کوێستانەکان و نیشان دانی کەمایەسیەکانی ژیانێکی بەختەوەر دەست پێدەکات و لە کۆتاییشدا دەگاتە وێنەکانی گوندێکی کورد بە ناوی «ئەلەگەز»، کە بەشی هەرە سرنج ڕاکێشی فیلمەکەیە.

ژیانی ژنان

فیلمەکانی «زێڕێ» لە ساڵی ١٩٢٦ و «کوردە ئێزدیەکان» لە ساڵی ١٩٣٣ بابەت گەلێکی وەک ناموس و هێزە پاشکەوتووەکانی هێناوەتە بەر باس. فیلمەکانی «کوردانی ئەرمەنیستانی سۆڤیەت» لە ساڵی ١٩٤٨ و «کوردەکانی ئەرمەنیستان» لە ساڵی ١٩٥٩ زیاتر بابەتی قازانجەکانی سۆسیالیزم و دۆستایەتی کورد و ئەرمەنی دەخاتە بەرچاو. ئەو فیلمانە نە تەنیا لە ئەرمەنیستان بەڵکو لە وڵاتانی تریش نیشان دراوە و پێشوازیەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٦ تا ١٩٥٩ ئەو چوار فیلمە کە سەبارەت بە ژیانی کوردانە و لە ئەرمەنیستان سازکراوە، وەک یەکەم فیلمەکانی کورد و سەبارەت بە کورد دەناسرێت و لەو ڕوانگەوە گرینگی مێژوویی‌یان هەیە و وەک دەرگایەکی ئاوەڵە و بە نرخ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی سینەماگەری کوردی لە بەرانبەر دەرمانە.

سە

ڕچاوە::: وبلاگی سینمای کوردی



گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە تیری سینەسۆزی نیشی موژگانت
بە زولف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بوو ئەوێشت خستە نێو چاهی زەنەخدانت

جەنابا عاشقان ئەمڕۆ هەموو هاتوونە پابووست
منیس هاتم بفەرموو، بمکوژن بمکەن بە قوربانت
تەشەککور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بەشەرتێ کفنەکەم بدرووی بە تای زولفی پەرێشانت

لە کوشتن گەردنت ئازاد دەکەم گەر بێیتە سەر قەبرم
بە ڕۆژی جومعە بمنێژن لە لای جەمعی شەهیدانت
کەسێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی قیامەت،زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەک من لە ئەم دنیایە سووتابێ لە هیجرانت

هەمیشە سوجدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە
ڕەقیب ڕووی ڕەش بێ نایێڵێ بگا دەستم بە دامانت
لە شەرت و هەم وەفاداری خۆتۆ مەشهووری ئافاقی
فیدای شەرت و وەفاتم بم، چی بەسەر هات مەیلی جارانت

ئەمن ئەمڕۆ لە مڵکی عاشقی دا نادرەی دەهرم
بە ڕەسمی بەندەگی،عاشق هەبوو هاتوونە دیوانت
بڕۆ مەستوورە، شوکرێ کە لە دەرگای پادشای داوەر
کەشۆڵەی ڕۆژی ڕووی والی،دەگاتە کۆشک و ئهیوانت

مەستورە ئەردەڵان


کتێبخانەی دیجیتاڵ www.rabari.org

# پدرم

پدرم، ای بر سرم افسر من — پدر محترم و سرور من
ای خواهم سر هر برزن و کووی — سایه‌ات سایه کند بر سر من
ای که یک دم نروی از نظرم — به خدایت همه مال و زرمن
میکنی یاد من آیا شب و روز — همچو من ای پدر و یاور من؟
دیدگانم به ره مقدم توست — رنجه فرما قدمی بر در من
دلم آزرده شد از دوری تو — شده مدفون همه شور و شر من
پدر از دوری ما از همه حال — زانوی غصه بود در بر من
تو بفرما که برآید غم دل — سخن نغز تو چون گوهر من
سنبل آن حال خرابش ثمریست — از فرق تو و هم مادر من

**سنبل حقیقی**

نشانت را نگاهم سخت پرسان است
دراین آشفته بازار سکوت و غربت و دود
دراین دنیای دلگرم شقاوت
تورنگ سبز لبخندی، تو ای زن
چو مهرت بردل تاری نشیند
هزاران پرتو عشقش شود گرمای سوزان
دمادم خنجر ناپاکی و ظلم
به‌سویت می رود هردم نشانه
ولیکن تو وجودی شعله ور داری
ز پاکی ورهایی ونوید عشق انسانی
برای کودکان مادر شدی و پرورش دادی
در این بیغوله یاس و پریشانی
جوان پیوسته می بالد به شوروشوق
چوباشد مادری دلسوز و آگاه
تو همسر گشتی و درکیش ایام
به مرد خسته جان مرهم شدی تو
به‌یکسر سوختی چون شمع تابان
ز نورت سایه ظلمت، پریشان
نمی دانم چگونه شکر گویم
تو دریایی ز خوبی و تلاش و مهر و احسان

**آرش لرستانی**

۱۳۹۰/۸/۲۸



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژنانی ئینتێرناسیۆنال دا

لە کۆبوونەوەی ژنانی ئینتێرناسیۆنالی کە ڕۆژی هەینی، ٨ ی ڕەزبەر بەرابەر لە گەڵ ٣٠ مانگی سێپتامبر لە شاری ڕەبات لە وڵاتی مەراکیش بەڕێوە چوو، بەڕێزان پییا لوکاتێللی سەرۆکی سوسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان، مارلێن هاس سکرتێری گشتی و ئەنتیگۆنی کاراڵی دیمیتر یادی جێگری سەرۆک و بەرپرسی ئەو ناوچەیە بەڕێوەبەرانی سەرەکی بەرنامە بوون. پییا لوکاتێللی دوای بەخێر هێنانی بەشداران، ئاماژەی بە گرینگی ئەو کاتە مێژووییە لە جیهانی عەرەبدا کرد و لە سەر کەلک وەرگرتن لە قەتعنامەی ١٣٢٥ ی نەتەوە یەگرتووەکان لە ناوچە دا دوا . دواتر عەبدولواحید ڕادی سەرۆکی یەکیەتی هێزە گەلییەکانی سۆسیالیست لە مەراکیش واتە (یوئێس ئێف پی) باسێکی لەسەر چۆنییەتی بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی لە مەراکیشدا پێشکەش کرد و ئەو هەوڵانەی بۆ ئاسانکاری و بردنە سەری ڕێژەی بەشداری ژنان لە پارلەمان، بەڕێوەبەری و شارەوانییەکاندا دراون خستە ڕوو. هەروەها ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە دەستوورییانە کرد کە بۆ چاکسازی لە مەر مافی ژنان لەو وڵاتە ئەنجام دراون .

ڕێژەی ژنان لە بازاری کاری ئەو وڵاتانە، لە کار و باری سیاسی و تەنانەت لە بواری ئابووریدا وەک ساحیبی پرۆژە ئاماژەیان پێکرا .

دواتر کاتی موداخیلە و پرسیارو وڵامی گوێگران هات کە لەو بەشەدا هەم خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەرنجەکانی خۆی لەسەر وەزعی ژنان بەتایبەت لە ئێراندا و دوا و ژنانی وڵاتانی عەرەبی ئاگاداری ئاکامەکان لە ئەگەری هاتنە سەرکاری ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتانە دابن، و پێداگری کرا کە تەنانەت بەباسی ژنانی عەرەبی ئێکتیفا نەکرێ و باسی ژنانی ئەو ناوچەیە هەموو ژنان تەنانەت ژنی کوردیش دەگرێتەوە و گرینگە باسی وەزعی ژنانی کوردیش لە بەرنامەیەکی سۆسیال ئێنتێرناسیۆنال دا شی بکرێتەوە .

نوینەری یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ئاماژەی بە بێدەنگی دونیا لە مەر بۆمبارانی خاکی کوردستان و کوژران و بریندار کردنی دەیان خەڵکی سیویل لە لایەن ئێرانەوە کرد . پاشان باسی وەزعی چالاکانی مافی مرۆڤ و چارەنوسی پارێزەرەکانیان و تەنانەت پارێزەری پارێزەرەکانیش لە زیندانەکانی ئێران دا کرد. نەسرینی ستودە وەک نموونە باسی کرا . باسی وەزعی ژنی کورد لە ئێران و بێ ئێعتنایی هەموو دونیا سەبارەت بە وەزعی ئەوان دەست نیشان کرا و داوا لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال کرا باسی ژنی کورد لە بەرنامەی کاری خۆی دا بگونجێنێ و داوا کرا هەموو ئەو ئازیزانەی دەچنەوە وڵاتەکەی خۆیان لە حیزبەکانی خۆیاندا باسی هاوکاری گەلی کورد بکەن و ئەو زوڵمەی لە ئێران لە ژنان دەچێ لە بیر نەکرێ و ژنان وشیار بن کە چۆن ئیسلامی سیاسی لە سیستەمی بەڕێوەبەری ئەو وڵاتانە دەتوانێ ببێتە هۆی مەترسی لە سەر ڕێگەی گەیشتن بە یەکسانی .

لە ئاخرین برگەی کاری کۆبوونەوەدا قەتعنامەیەک لە سەر ئەو خاڵانە کەدەبێ لە وڵاتی عەرەبی لە مەر مافی ژنان پرۆسەی بەرەو دیمکراسیدا ڕەچاو بگرن، دەنگی متمانەی پێ درا .

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە فنلاند بۆ باس لە سەر پرسی ژنانی کورد لە لایەن یە کیە تیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە

یە کیە تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فنلاند سمینارێکی بۆ خاتوو گوڵاڵە شە ڕە فکە ندی، ئەندامی کومیتە ی ناوە ندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێنا.



ئە و سمینارەکە ڕۆژی شە ممە٧ی خە زە ڵوە ر لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند و بە بە شداریی ئە ندامانی یە کیە تیی ژنان لە و وڵاتە بە ڕێوە چوو، دوو بە شی لە خو گرتبوو.

بە شی یە کە می سمینارە کە بۆ چە ندین باس و تە وە ری گرینگی وە ک باسێک لە سە ر کۆنگرە ی سێ هە می یە کیە تی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانتە رخان کرابوو کە لە مانگی گە لاوێژدا گیرا و هەروەها باس لە سە ر پلاتفۆرمی هاوبە شی ژنانی کورد و باس لە سە ر چالاکتر کردنی ژنانی کورد لە تاراوگە کرا.

ئە و باس و تە وەرانە بە پرسیار و تێبینیی بە شداران وا بە شیکردنە وە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە لایە ن خاتوو گوڵاڵە شە ڕەف کە ندی کۆتایی پێ هات



کتێبخانەی ڕەباری
www.rabari.org

# بە دەستپێشخەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، سێمیناری ژن و گرفتەکانی کۆمەڵگا لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو

ناوەندی هەواڵ– سوید: بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندو تیژی دژی ژنان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی نوامبر لە ساڵۆنی هوسبی تریف لە ستۆکهۆڵم سێمینارێک بە میوانداری یەکیتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئید لە ژێر سەردێری ژن و گرفتەکانی کۆمەڵگا بەڕیوەچوو.

سێمینارەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە



روحی گیان بەختکەرانی ڕێگای ئازادی ویەکسانی و روحی مادام میتێران دەستی پێکرد

لە بەشی پانێلدا بەرێز مەرزە جەوانمەرد لە لایەن ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، وەک یەکەم پانێلگێر باسێکی لە سەر گیرۆدەیی و ژن پێشکەش کرد. لەم باسەدا دوای شی کردنەوەی جۆرەکانی گیرۆدەیی لە گیرۆدەیی بە شەکر و کامپیوتێر را بگرە هەتا گیرۆدەیی بە توندوتیژی و گیرۆدەیی بە مەشروب یان دەرمان و مادەسرکەرەکان ئەمجار تیشک خرایە سەرچۆنییەتی گیرۆدە بوون، شێوە و ڕەفتارەکانی گیرۆدە و ئەو گرفتانەی بە هۆی گیرۆدەیی ڕووبەڕووی ژیان و کەسایەتی گیرۆدە دبنەوە. ئەمجار نۆبەی باس لە گیرۆدەیی ژنان هات و کارتێکەری قوڵی گیرۆدەیی لە سەر ژنان و خەسارەکانی کە بۆ ژنان قورسترە هەتا پیاوان خرایە ڕوو. گرینگی ئەم باسە بە ئاورووداوەوەیەک لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێیدا گیرۆدەیی بە مادە سرکەرەکان دەردێکی گرانی کۆمەڵگایە دەردەکەوێ و باسکردنی ئەم بابەتە هەنگاوێکی باشە بۆ ناسینی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە و چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵی.

پانێلگێری دووهەم بەرێز زیبا سەروەری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان باسێکی لە سەر منداڵانی شەڕ پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژە بە کارتێکەری شەڕ لە سەر ژیانی منداڵان و مێر منداڵان کرد و گوتی ئەمە ڕاستییە کە بە پێی ئامار گەورەترین قوربانیانی شەڕ سەربازان نیین بەڵکوو خەڵکی مەدەنی و بە تایبەت منداڵانن. پاشان باسی پۆست دراما سترێس واتە نەخۆشییەکانی دوای تەجرەبە کردنی شەڕ یان تەنگانە یان ڕووداوی سەختی کرد و گوتی کارتێکەری شەڕ لە سەر ئینسانەکان بە جۆرێکە کە ڕێژەی ئەوانەی دوای دیتنی شەڕ خۆیان دەکوژن جاری وایە تەنانەت لە کوژراوانی شەڕەکە زیاترە. منداڵانی ئەنفال، منداڵانی کورد دوای کۆچرەو و هەموو ئەو بەڵایانەی تەجرەبەیان کردووە و کارتێکەری ئەم ڕوداوانە لە سەر ئەو منداڵانە شی کردەوە و ئاماژەی بە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە شاراوانە کرد کە منداڵانی بێدەنگ بە دەستییەوە دەناڵێن.

پانێلگێری دوایی بەرێز گەلاوێژ حوسێنی پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵەو کارگێڕی ڕادیۆ دەنگی ژنان لە ستۆکهۆڵم، لە سەر هۆیەکانی بەردەوام بوونی توندوتیژی سەرەرای هەوڵ و تێکۆشانی ژنان دوا. ئاگادار بوونەوەی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان و وە جواب هاتنیان و دەسترەسی بە میدیا و بڵاو کردنەوەی خەبەری توندوتیژییەکان دەرحەق بەژنان وەک دوو هۆی سەرەکی بۆ چوونە سەری ئامارەکانی توندوتیژی لە سەر ژنان لە کوردستان دەست نیشان کرد. پێداگری کە توندوتیژی دەرحەق بە ژنان تایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری نییە و لە زۆربەی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان ڕەچاو دەکرێ. هەڵاواردن وەک هۆی سەرەکی توندوتیژی دژی ژنان باسکرا و ئەمجار سەرکوت، نەبوونی زانست، نەبوونی یاسای بەرگری لە ژنان، باوەرە ناڕەواکانی کۆمەڵگا، نەبوونی ئیرادە بۆ بەرەنگارە بوونەوەی ئەو باوەرە نادروستانە و نەبوونی دیمۆکراسی و هەروەها کار تێکەری توند ئاژۆیی ئیسلامی وەک هۆیەکانی ئەم دیاردەیە کەوتنە بەر باس.

لە بەشی هونەریدا شنۆ ئەحمەدی بە چەند گۆرانی ڕەسەنی کوردی و بە دەنگە خۆشەکەی بەرنامەکەی ڕازاندەوە.

لە بەشی پرسیار و وڵام هێندێک وردەکاری باسەکان زیاتر شی کرانەوە و چەند پرسیار لە سەر تەوەرەکان ڕووبەڕووی پانێلگێران کرا.

بەرێز ڕێواس ئەحمەد نووسەری بە توانا لە کۆتایی بەرنامەکەدا کتێبی چوارەمی خۆی بە نێوی لە ئامێزم بگرە پێشکەشی یەکیەتیی ژنان (کۆمیتەی سوئێد) کرد و سێمینارەکە لە ساعەت ١٧,٣٠ لە حاڵێکدا کۆتایی پێهات کە بەشداران سپاسی پانێلگێران و تازەیی باسەکانیان دەکرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێک هاتنی کۆنفڕانسی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ناوەندی هەواڵ_ سوید: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی نوامبری ٢٠١١ کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان یەکەم کۆنفرانسی خۆی بە بەشداری نوێنەرانی یەکێتی ژنان لە وڵاتانی ئوروپایی، لە ستۆکهۆڵمی پایەتختی وڵاتی سوئێد بەست. جێگای ئاماژەیە کە نوێنەری فەرمی کۆمیتەی بەریوەبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات واتە کاک رەحیم محەممەزادە و دوو ئەندامی کۆمیتەی بەریوەبەری دەرەوەی وڵات کاک حەسەن حاتمی و کاک حەمەرەسووڵ کەریمی ، هەر وەها کاک محەممەد ئیسمائیلی و کاک لەتیف حەداد ئەندامانی کۆمیتەی سوئێد لەو کۆنفڕانسە دا بەشدار بوون.

کۆنفڕانسەکە کاتژمێر ١٠،٣٠ سەر لە بەیانی بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی نەتەوەکەمان و هەموو شەهیدانی ڕێگای یەکسانی کۆمەڵگا دەستی پێکرد.

سەرەتا لە لایەن بەرێوەبەری کۆنفڕانس بە خێر هاتنی بەشداران کراو پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان- کۆیە بۆ کۆنفڕانس خوێندرایەوە. هەروەها پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد کە هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتبوو پێشکەش کرا.

پاشان کاک رەحیم محەممەدزادە بە پەیامی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە فەرمی کۆنفڕانسەکەی کردەوە.

لە سەرەتای دەستپێکی کاری دیوانی یەکەم، ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی ژنان لە لایەن خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی بەرپرسی ئەم کۆمیتەیە خوێندرایەوە. دوابە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت و دەربرینی ڕاو بۆچوون و تێبنی بەشداران، ڕاپۆرتەکە بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

کاتژمێر ١٢،٠٠ هەموو بەشدارانی کۆنفرانس هەستانە سەر پێ و بۆ یادی کۆچی دوایی دۆستی دێرینی گەلی کورد خاتوو دانیال میتران سێ دەقیقە بە بێدەنگی ڕاوەستان.

بەشی دووهەمی کاری کۆنفڕانس هێنانە بەر باسی ئایینامەی یەکێتی ژنان لە دەرەوەی وڵات بوو کە دوای باسێکی زۆرو دەبڕینی تێبینی لەسەر ئایینامەکە، کۆنفڕانس بە هێندێک دەستکاری پەسندی کرد.

بەشی کۆتایی کاری کۆنفڕانس تەرخان کرابوو بە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی ژنان. بە خۆشیەوە ڕێژەیەکی زۆر لە نوێنەرانی بەشدار لە کۆنفڕانس خۆیان بۆ ئەو ئەرکە پاڵاوت و لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی تەواو دێموکراتیک دا حەوت کەس وەک ئەندامی ئەسڵی کۆمیتە و یەک نەفەر وەک جێگر دەنگی متمانەی کۆنفڕانسیان بە دەست هێنا.

کاتژمێر ١٤،٣٠ کارەکانی کۆنفرانس بە ڕیز لێنان لە ئەندامانی کۆمیتەی پێشووی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنان بەڕێزان گوڵالە شەرەفکەندی، جەمیلە قادری، شەهێن زادەئەحمەد، شوعلە قادری و بەهار عەبدولاپور، لە لایەن کاک رەحیم محەممەدزادە کۆتایی پێ هات.

**کۆمیتەی دەرەوەی**
**یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠١١/١١/٢٦**

## هەڵبژاردنی ژنێکی کورد بۆ ئەوەڵین جار بە ئەندامی شۆڕای شاری ستاونگر لە وڵاتی نورویژ



ژنێکی کورد لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی وڵاتی نورویژ دا توانی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ.

گوڵاڵە سەمیعی ژنە چالاکی رۆژ هەڵاتی کوردستان لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دێموکراتی نورویژ بۆ شۆڕای شارەوانی شاری ستاونگر(Stavanger) وڵاتی نورویژ هەڵبژردرا.

جێگای ئاماژەیە کە گوڵاڵە سەمیعی خەڵکی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵی ١٩٨٩وە لەڵاتی نورویژ دەژی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

# سەدا چل و پێنجی ژنانی ئێران لە ژیانی هاوسەری ناڕازین



سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتی زانکۆی تاران زیا هاشمی، رایگەیاند کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا دەرکەوتووە کە زۆربەی ژنانی ئێران لەژیانی هاوسەری ناڕازین، بەڵام نایانەوێ تەڵاق وەربگرن». ناوبراو گوتیشی»زۆربەی زۆری ئەو حاڵەتانەی جیابوونەوە کە تۆمار کراون لەسەر بنەمای جیابووونەوە و نەمانی هەستی سۆزداری و مەیل لەنێوان هاوسەران بڕیاریان لەبارەوە دراوە».

هاشمی، روونیشی کردەوە، لە کۆمەڵگای ئێراندا پرسی جیابوونەوە کارێکی نابەجێیە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بەربەستی نەریتی و زانستی و کۆمەڵایەتی فراوان لەبەردەم ئەو پرسەدا هەن و ئەمەش وایکردووە کە رێژەی جیابونەوەو بڕیاری تەڵاق لەئاستی ئەو نارەزایەتییەدا نەبێ کە لەنێوان ژنان و هاوسەرەکانیاندا هەیە.

# بۆ یەکەمجار سعودیە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی دایە ژنان



شا عه بد و للا عه بد و لعه ز یز، شای عەرەبستانی سعودی مافی دەنگدانی داوەتە ژنان کە دەتوانن لە چوار ساڵی داهاتوو لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری خۆجێی ببن بە پاڵێوراو.

ولاتی عەرەبستان ئەو مافەی دایە ژنانی سعودیە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ بتوانن دەنگ بدەن و خۆشیان بپاڵێون،

شای ئەو ولاتە هەروەها گوتویەتی ژنان لە گەڕی داهاتوو دەکرێن بە ئەندامی ئەنجومەنی شورا کە رێکخراوێکی راوێژکارییە و شا بۆخۆی ئەندامانی هەڵدەبژێرێت کە تا ئێستا هەموویان پیاو بوونە.

لە عەرەبستانی سعودی ژنان مافی کەمتریان لە پیاوان هەیە. ئەمساڵ ژنێکی سعودی بەهۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل رووبەرووی سزای یاسایی بووەوە. چونکە لەو ولاتەدا تا ئێستا رێگە بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نەدراوە لەلایەن ئافرەتانەوە.

# براوەکانی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١



کۆمیتەی دیاری کردنی براوەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ئەم خەڵاتەیان بە هاوبەشی بە دوو ژنی ئافریقایی و ژنێکی یەمەنی بەخشی

براوەکانی خەڵاتی ئەوساڵی ئاشتیی نۆبێل بە هاوبەشی بە «ئەلێن جانسۆن سێرلیف» سەرۆک کۆماری لیبیریا، «لیما گبۆوی»ی چالاکێکی مافی مرۆڤی ئەو ولاتە و «تەوەکول عەبدولسەلام کەرمان»، خەڵکی یەمەن دراوە.

کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بەیاننامەیەک بەو بۆنەیەدا رایگەیاند کە ئەم خەڵاتە بەهۆی هەوڵە ئاشتیخوازەکانی ئەم ژنانە لە پێناو دابینکردنی ئازادی وئەمنیەت بۆ ژنانی جیهان و مافەکانیان بۆ بەشداری کردنی تەواویان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی بۆ هاوبەشی بەو سێ کەسە دراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبوونەوەی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان





ڕێکه وتی ١٣٩٠/٦/٢٩ هه تاوی بەرامبەر بە ٢٠١١/٩/٢٠ زایینی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە سکرتێری ژنان و سەرجەم ئەندامانی بە ڕێوەبەری و جێگرانی بەڕێوەبەری سەردانی سکرتاریەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد و لەگەڵ هاورێی تێکۆشەر کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دانیشتن . لەم دانیشتنە دا کە زیاتر لە٢ کاتژمێری خایاند هەیئەتی یەکیەتی ژنان ویست و داخووازی و پلان و پرۆگرامی داهاتووی خۆی هێنایە بەر باس لە بەرانبەریش دا هاورێی بەڕێز کاک خالید سەرەڕای پیرۆزبایی گوتنەوەی دووبارە بە بۆنەی کۆتایی کۆنگرەی سێهەمی ژنان بە دڵ ئاواڵەییەوە پێشنیار و داخوازییەکانی قەبووڵ کرد، ئاواتی خواست کە بەڕیەوەبەری تازەی یەکیەتی ژنان بە هاوکاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستاکەی خەباتی ژنان دا رۆڵێکی کاراتر و ئەکتوتر لە خۆی بخاتە ڕوو . شایانی باسە بەرێز خالیدی عەزیزی لەم دانیشتنە دا ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرینگ کرد کە یەکیەتی ژنان پێویستە بۆ کاری داهاتووی خۆی دەبێ ئیمتنای زیاتریان پێ بدا، ئەو دانیشتنە لە کەش و هەوایەکی دۆستانە دا کۆتایی پێ هات .

# سەردانی خاتوو پەخشان فەلسەفی

لە درێژەی سەردانەکانی بەرێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتی... ژنانی دێموکراتی کوردستاندا،رۆژی دووشەممە (١٣٩٠/٧/٤) هەتاوی سکرتێر و دەستەی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان سەردانی ئەندامی چالاکی یەکیەتی ژنان بەرێز «خاتوو پەخشان فەلسەفی» هاوسەری شەهیدی نەمر بەرێز کاک «عوسمان رەحیمی»یان کرد.

گرینگی دان بە سونەت و کەلەپووری کووردەواری ئەرکێکی زۆر گرینگە کە خاتوو پەخشان لەو ژنانەیە کە بایەخێکی تایبەتی بەو پرسە داوە بە چەشنێک کە لە ماڵەکەی پەخشان خانم دا هەست بە جۆرێک ئارامشی ڕۆحی دەکەی. ئەم خاتوونە بەرێزە ، لە چەند مانگی ڕابردوودا چەند پێشانگایەکی بۆ نمایش کردنی ئەو شتە فۆلکلۆریانە کە زۆربەیان مێژوویەکی کۆنیان هەبوو کردەوە، لە چەند شاری باشووری کوردستان وەک(سلێمانی، هەولێر، کۆیە) لە لایەن بەشدارانی پێشانگەکان پێشوازییەکی زۆریان لێکراو بە شتێکی پیرۆز باس کراون.



# سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی یەکیەتیی ژنان



رۆژی ١٣٩٠|٥|٢٧ بەرانبەر ٢٠١١|٨|١٨ هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان کۆبوونەوە.

لەم دیدارەدا چەند باس وە گفتوگۆیەک کرا ،هەروەها باس لە هاوکاری زیاتری نێوان هەردوو رێکخراوی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنان کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

# سەردانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە بنکەی یەکیەتیی ژنان



لە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٥/٢٩ بەرانبەر بە ٢٠|٨|٢٠١١ بەڕێزو تێکۆشەر (مامۆستا عەبدواللە حەسەنزادە سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کرد بەمەبەستی پیرۆزبای سەرکەوتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، لەلایەن بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی ژنانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

***

# سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنانی کوردستان / ناوچەی کۆیە



لە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٧/٢٧ هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان پێک هاتبوو لە نەسرین حەداد بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە و ڕۆژە عەزیزی ئەندامی بەڕێوە بەری پەخشان فەلسەفی و سورەیا پەیرەوان و نەسرین خزرئاقایی ئەندامی یەکیەتیی ژنان سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی کوردستانیان لە کۆیە کرد لەو دیدارەدا هەردوولا جەختیان لەسەر هاوکاری زیاتری ڕێکخراوەکانیان کرد.

شایەنی باسە هەیئەتی خانەخوێ پێک هاتبوو لەبەڕێزان چیمەن ڕفیق عبدالکریم،نازەنین خان و چیمەن خان بەرپرسی ڕێکخراوەکە.

# سەردانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لیژنەی ناوچەی کۆیە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٧/٦ هەتاوی بەرانبەر ٢٠١١/١٠/٢٨ زایینی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/ لیژنەی ناوچەی کۆیەیان کرد بە مەبەستی دیدار نوێکردنەوە و هەروەها باس کردنی چەند بابەتی گرینگ لە بارەی پرسی ژنان و دووپات کردنەوەی هاوکاری و هاودەنگی زیاتری نێوان هەردوو ڕێکخراو بە مەبەستی تێکۆشان بە دژی هەرچەشنە توندوو تیژیەک کە بەرانبەر ژنان دەکرێت.

شایەنی باسە لەم دیدارەدا چەند باسێکی دیکەی تایبەت بە بواری ژنان تاوتوێ کرا.

هەیئەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێک هاتبون لە بەڕێزان (ڕووناک خان، نەجیبە خان، نەرمین خان، سارا خان، وە هەیئەتی یەکیەتی ژنان پێک هاتبوو لە ڕۆژە عەزیزی، گەلاوێژ پەیرەوان، ئایشە عیسانژاد، مەندانە حەبیب زادە، ئامینە شەفیعی، ئەسرین وەنەوشە.

پێویستە بگوترێ دوای نیزیک یەک کاتژمێرو نیو سەردانەکە لە کەشێکی تەواو دۆستانەدا کۆتایی پێ هات.

***

# سەردانی ئەندامان لە ناوچەی سۆران

ڕیکەوتی ١٣٩٠/٨/١٢ هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کۆردستان پێک هاتبووله نەسرین حەداد بەرپرسی یەکیەتی ژنان و شەهێن مۆرتەزازادە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ژنان فریشتە بەهاری جێگری ئەندامی بەڕێوەبەری سەردانی شاری دیانایان کردوە لەنزیکەوە لەگەڵ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کۆبوونەوە، باسی ڕێکخستنەوەی ژنانیان لە شانەکانی ئەو یەکیەتیە کرد، هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا باسێک لەلایەن نەسرین حەداد لەسەر ژنانی جیهان و پاڵنەرەکانی توندوتیژی و تێنەگەیشتن لە توندوتیژی بەرێوە چوو.

# کۆبوونەوە لەگەڵ کچانی ئەندام لە کەمپی ئازادی

ڕیکەوتی ١٣٩٠/٨/١٨ هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە گەڵ کچانی کەمپی ئازادی پێک هات، لەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن شەهێن مورتەزازادە باسێک لە سەر شانەبەندی و ڕۆڵی لاوان لە ناو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و دەورو کاریگەری کچان لە پێگەیاندنی ژنان لە کار و ئەرکەکانیان بەرێوەچوو، کچان بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارییان کرد و بە ڕەخنەو پێشنیارەکانیان باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات



لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٣٩٠/٨/٣٠ هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١١/١١/٢١ زاینی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە نەسرین حەداد، خەدیجە مەعزوور، گەلاوێژ پەیرەوان، رۆژە عەزیزی و هێرۆ عەبدوڵلاهی، سەردانی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵاتیان لە کەمپی زرگوێز کرد.

هەیئەتی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات پێک هاتبوو لە بەڕێزان: ناهید بەهمەنی بەرپرسی رێکخراو،بەهار ئیسماعیل پوور، نەرمین محمدزادە، ماریا حەسەن پوور، لیمۆ بایەزیدی، گوڵێ پەریزادی، کەژاڵ رەحیمی، رۆژین شەریفی.

مەبەست لەو دیدارە پیرۆزبایی کردنەوەی ئۆفیسی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات بوو.

هەروەها لەو چاوپێکەوتنەدا هەردوولا باسی هەلوومەرجی ئێستای ژنانی رۆژهەڵات و ئێرانیان کرد کە تووشی پێشێلکاریەکی زۆری مافەکانیان دەبنەوە.

باسی تواناسازی ژنان یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی باسەکانی دیدارەکە بوو کە باسێکی گرینگی ئێستاکەی ئێرانە.

تاوتوێ کردنی ماددەی یاسایی کۆماری ئیسلامی کە مافەکانی ژنان دەکات بەشێکی ددیکە لە باسەکان بوون.

لە کۆتایی دا باسی زیاتر لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو رێکخراو کراو بەڵێن بۆ دانانی پلانی هاوبەش لە نێوان هەردوو رێکخراو درا،کە بە هاوکاری رێکخراوەکانی ژنان بتوانرێ بەرەنگاری توندوتیژیەکانی ژنان ببینەوە.

ئەو دیدارە لە کەشێکی دۆستانەدا دوای نزیکەی سێ کاتژمێرو نیو کۆتایی هات.

## سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە سلێمانی

پێشنیوەرۆی دووشەممە رێکەوتی ٢٠١١/١١/٢١ زاینی بەرانبەر بە ١٣٩٠/٨/٣٠ هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە نەسرین حەداد، خدیجە مەعزوور، رۆژە عەزیزی، گەلاوێژ پەیرەوان، هێرۆ عبدوڵاهی. سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە شاری سلێمانیان کرد.

لەو دیدارەدا هەیئەتی یەکیەتی ژنان چاویان کەوت بە بەرێزان: سەیوان خان بەرپرسی بەشی راگەیاندنی رێکخراو، شەوبۆ خان بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی رێکخراو.

مەبەستی سەرەکی ئەو سەردانە نوێ کردنەوەی دیدار و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو برەو رێکخراو بوو.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە سمینارێکی هاوبەشی ژنانی کۆمەڵە و ئاسۆسات



رۆژی هەینی (٢٥) نوامبر هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان بەشداریان لە سمیناری هاوبەشی ژنانی کۆمەڵە و ئاسۆسات لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد.

سمینارەکە بەبۆنەی رۆژی سڕینەوەی توند و تیژی دژی ژنان بوو کە بۆ بەڕێزان: سامان سیوەیلی، دەروونناس و بەرپرسی سەنتەری راوێژکاری خێزان لە سلێمانی و فەریبا محەمەدی، ئەندامی کۆمیتەناوەندی کۆمەڵە و چالاکی ژنان، ئیلهام چایچی، چالاکی ژنان پێک هاتبوو.

شایەنی باسە هەیئەتی یەکیەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان پێک هاتبوو لە شەهێن مۆرتەزازادە، ئایشە عیسانەژاد، فریشتە بەهاری و شەونم هەمزەیی.

## سەردانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

رۆژی ١٣٩٠\٦\١٧ بەرانبەر بە ٢٠١١\٩\١٨ شاندێکی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، لقی کۆیە... بە سەرۆکایەتی بەرێز چیمەن خان سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

لەو سەردانەدا کە بە مەبەستی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنان کرابوو، چەند باسی گرینگ لە نێوان هەردوو رێکخراودا ورووژێنرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی رابەری
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بەبۆنەی ساڵرۆژی سڕینەوەی توندو تیژی



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٩٠/٧/٢٨ بەرامبەر بە ٢٠١١/١٠/٢١لە بەرەبەری ٢٥نوامبەردا ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ هەر چەشنە توندوتیژیەک دژ بە ژنان،سمینارێک بۆ بەرێز (عەلی ئەکبەر مەجیدی) نوسەر و وەرگێر_دەروناس لە ژێر ناوی (لە پێناو ژیانێکی تەندرووستدا) پێک هات.

بەرێز عەلی مەجیدی بە وردی باسی لایەنەکانی هەڵاواردن دژ بە مێینەی کرد،بۆ نموونە جیاوازی دانان لە نێوان منداڵی نێرو مێ لە بنەماڵەدا و ئاکامەکانی لە دوارۆژدا و کاریگەریەکانی ئەو جیاوازیە لە ناو کۆمەڵگەداو چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا بەرێزیان ئاماژەی بە خاڵێکی مەترسیدار کرد لە ناو بنەماڵەدا واتە پیوانە کردن یاخود جیاوازی کردنی منداڵەکان لە ناو بنەماڵەدا بوو کە دەبێتە هۆی کێشەی دەروونی بۆ ئەو منداڵەکە دەکەوێتە بەر پێوانەی بنەماڵە،هەروەها لایەنێکی دیکەی باسەکەی کاریگەریە نگەتیڤەکانی ئاین لە سەر تاک و لە بنەماڵەدا و هەروەها لە کۆمەڵگادا بوو.

باس لە چەمکی فیمینیزم لایەنێکی دیکەی باسەکەی بەرێز مەجیدی بوو،جەنابیان باسی لە پێناسەکانی فیمینیزم کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئامانجی فیمینیزم بەردەوام دەبێ هەوڵ لە پێناو یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو بدات.

چەمکێکی دیکە لە باسەکانی کۆبونەوەکە دیاردەی فرەژنی بوو،بەرێز مەجیدی باسی لایەنەکانی ئەو دیاردەیەی کرد.

ئەو کۆبونەوەوە لە پاش یەک کاتژمێرو نیو لە ناو کۆری بەشێک لە ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز کۆتایی پێ هات.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توند و تیژی دژی ژنان سمینارێکی بۆ خاتوو خەدیجە مەعزوور، ئەندامی دێرینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بەبەشداریی ئەندام و دۆستانی یەکیەتیی ژنان لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو، خاتوو خەدیجە مەعزوور باسێکی لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی کە ڕەوایی بە توند و تیژی دژی ژنان دەدەن و ئەو کردەوە ناشیرینە سیستماتیک و قانوونی دەکەن کرد.

# سەردان بۆ سکرتاریەتی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان



ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ ی ڕەزبەر هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی نەسرین حەداد، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە بە مەبەستی خستنە بەر باسی چەند پرسێکی تایبەت بە ژنان و پتەوکردنی پێوەندی نێوان هەر دوو ڕێکخراوی چالاکی ژنان سەردانی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی خانەوخوێ بە سەرپەرستیی دوکتۆر ڤیان سکرتێری گشتی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا چەندین باسی گرینگ لەبارەی مەسەلەی ژنان وەک شەپۆلی خۆکوژی ژنان لەم ماوەیەدا کە هەرێمی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، باسی یاسای توندوتیژی خێزانی کە لە پارلەمانی کوردستان پەسند کراوە، خرانە بەر باس.

هەییئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم سەردانە پێک هاتبوو لە (نەسرین حەداد، گەلاوێژ پەیرەوان، شەهین مورتەزازادە، ڕۆژە عەزیزی).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی دەسپێکی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بەرابەر بە (٢٠١١/١١/٢٥) هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان: نەسرین حەداد بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، حەلیمە ڕەسووڵی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان، ڕۆژە عەزیزی بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی ژنان، بێگەرد عەلیپوور ئەندامی یەکیەتیی ژنان، بەشدارییان لە (کۆنفرانسی دەسپێکی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند




و تیژی دژبە ژنان) لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر کرد.

کۆنفرانس کە بەبەشداری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و زۆربەی وەزیران و کونسوڵگەری بەشێک لە وولاتان و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە چالاکەکانی بواری مافی مرۆڤ و مافی ژنان کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی دەستی پێکرد.

دەسپێکی کۆنفرانس بە بەرهەمی میوزیکی هەڵمەت لە لایەن (کۆڕی نەوای هەولێر) دەستی پێکرد. دواتر وتاری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە لایەن (خاتوو پەخشان زەنگەنە) پێشکەش کرا،کە بەڕێزیان باسیان لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی هەڵمەتەکە کردو هەروەها ئەو دامودوزگایانەی کە بەشدارن لە هەڵمەتەکە.

لە درێژەی کارەکانی کۆنفرانسدا وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران «دکتۆر بەرهەم صالح» پێشکەش کرا. کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسی گرینگی دەسپێکی هەڵمەتەکەو هەروەها باس لە دەرچوونی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گرینگیەکانی ئەم یاسایە لایەنێکی دیکەی وتارەکەیان بوو،بەڕێزیان داوای لە کۆمەڵگە و هەموو چینەکانی میللەت کرد کە هاوکار بن بۆ بەگژدا چوونەوە هەر چەشنە توندوتیژیەک کە بەرانبەر ژنان دەکرێت چوونکە ئەوە تەنیا بە حکومەت ناکرێ و دەبێت هەموو لایەکمان پێکەوە هاوکار بین بۆ نەهێشتنی توندوتیژی ژنان.

دوابەدوای وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پەیامی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و پەیامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێشکەش کرا.

بەشێکی دیکەی کۆنفرانس پێک هاتبوو لە نمایش کردنی کورتە فیلمێک لە ژێر ناوی (تراموا)، کە گوزارشت بوو لە دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان کە ڕۆژانە چەندەها قوربانی وەردەگرێ و کاریگەری سلبی لە سەر جەستەی ژنان بەجێدەهێڵێ.

لە درێژەی بەرنامەدا خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری بە سەر ئەو بەڕێوەبەرایەتی و لایەنانە دابەشکرا کە بەشدار بوون لە هەڵمەتەکە.

هەروەها خەڵاتی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە سەر پێنج ژنی زەحمەتکێش کە ژیانی منداڵەکانیان لە نەبوونی باوکیان بە زەحمەت و ماندووبونێکی زۆر دابین کردووە.

دابەشکردنی بروانامەی ڕێزلێنان بە سەر لێژنەی ئامادەکاری هەڵمەتەکە دوا بەشی کۆنفرانس بوو.

## سەردانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان / لقی کۆیە



لەدرێژەی سەردانەکانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستاندا بۆ ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری مافەکانی ژناندا ڕۆژی یەکشەممە بەرابەر ١٣٩٠/٧/١٧ هەتاوی ٢٠١١/١٠/٩ زاینی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان سەردانی بنکەی سەرەکی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان/لقی کۆیە)یان کرد.

مەبەست لەو سەردانە پتەوتر کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕێکخراو هەروەها دانانی بەرنامەی تۆکمە بۆ پلانی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوەکان.

شایەنی باسە هەیئەتی خانەخوێ بریتی بوون لە بەڕێزان (نەشمیل عەلی، ڕێمان تەیمور ، هەتاو حەسەن)، وە هەیئەتی یەکیەتی ژنان پێک هاتبوو لە بەڕێزان(نەسرین حەداد، ڕۆژە عەزیزی، حەلیمە ڕەسوڵی، شەهین مورتەزازادە،گوڵاڵە محەمەدزادە، فریشتە قازی)، پێویستە بوترێت دوای نزیک بە دوو کاتژمێر گفتووگۆ سەردانەکە لە کەشێکی تەواو دۆستانەدا کۆتای هات



کتێبخانەی ڕەهبەری
www.rabari.org

# سمیناری بەرپرسی کار و باری سیاسی و ئابووری کۆنسولخانەی گشتیی ئامریکا لە هەولێر لە یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەرلەبەیانی رۆژی یە کشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٠\٩\١٣ بەرامبەر بە ١٢\٤\ ٢٠١١ لە سەر بانگهێشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان خاتوودلیا کویک بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسولخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەهەولێرسیمینارێکی لە سە رمێژووی خە بات و تێکۆشانی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ ژنانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان دا لە بنکەی دە فتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێنا . خاتوو دلیا لە سەرەتای وتەکانی دا خۆشحاڵی خۆی لە هەولی سەرکردایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ناساندنی خۆیان لە گە ڵ ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان دەربڕی .پاشان بەڕێزیان تێشکی خستە سە ر مێژووی خە بات و بەرخۆدانی ژنانی ئەمریکا تا بە ئێستا و بەم جۆرە دوا : ئێمە لە ئەمریکا وەک ژن خەباتێکی دوور و درێژمان کردووە لە ماوە ی ٤٠ تا ٥٠ ساڵی ڕابردوودا دە سکە وتی زۆرمان لە بوارەکانی ژیانی ناو بنەماڵەدا وبواری ئابووری وبواری پەروەردەیی دا بووە .ئەزموونی ئێمە دەرخەری ئە وەیە کە بە پێشکەوتنی ژنان کۆمەڵگاش گەشە دە کات ؛ لە سەرەتای سەدەی ١٨ دا ژنان مافی خوێندن؛کارکردن و دەنگدانیان نەبوو. ئەگەر خێزاندار بوونایە نەیان دەتوانی بە ئاسانی داوای جیابوونەوە بکەن و پاشانیش سەرپەرشتی منداڵەکانیان بە دەستەوە بگرن . لە ساڵی ١٩٢٠ دا بۆ دواجار ژنان مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا .شتێکی گرینگ لەو قۆناغەدا لایەنی ئابووری ژیانی ژنان بوو کە دەسکەوتێکی یەکجار زۆری وە دەست هێنا . لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا کە پیاوەکان لە خزمەتی سەربازی دا بوون، بوو بە هۆکارێک کە ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرێ و کار بکەن بە جۆرێک کە ڕێژەی کاری ژنان لە بازاڕی کار دا گە یشتە سەدا سی و هە شت ؛بە لام بە هاتنەوەی سەربازە کان لە شەڕ ئە وە دیسان ئە وان جێگای ژنانیان لە بازاڕی کار دا گرتەوە .ئەگەرچی لە پاش ئەمەی ژنان هاتنە مەیدانەکانی کار بارودۆخیان باش بوو بەڵام دیسانیش جیاوازی و جیا کاری لە شوێنی کار دا دە بینرا .مافی بەرابەر بۆ کارکردنی ژنان لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٤ دا بە فەرمی دابین کرا . چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان بۆ دڵنیا بوون لە بەکردەوە کردنی یاسا کە ڕێکخراوێکیان لە ژێر ناوی ڕێکخراوی نە تە وە یی بۆ ژنان (ناو) دامەزراند کە ئێستاکە گەورەترین ڕێکخراوی ژنانە لە ئەمریکا و نزیک بە نیو ملیۆن ئەندامی هەیە .لە ساڵی ١٩٧٠ دا دیسان یاسایەکی نوێ بۆ باشتر بوونی بارودۆخی ژنان لە پەرلەمان پەسند کرا . ساڵی ١٩٧٨ یاسایەک بۆ نەهێشتنی توندو تیژی لە بەرامبەر ژنانی دوو گیان دا دەرکرا . ساڵی ١٩٨٤ یاسایەکی دیکە بۆ لە بەرچاو گرتنی بواری ماڵی بۆ ژنانی جیابۆوە لە مێردەکانیان دەرکرا. لە ١٩٩٠دا بودجەیەکی فیدڕاڵی بۆ سەرپەرشتی منداڵ لە بەرچاوگیرا لە پێناو ئە وەدا کە ژنان زیاتر گرینگی بە کاری دەرەوەی ماڵ بدەن .لە ١٩٩٤ دا دیسان یاسایەکی دیکە بۆ پارێزگاری لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژیەک دەرکرا . هە رچە ندە بە پێی ئا مارەکان ژنان سەدا پەنجاو نۆی هێزی کار لە ئەمریکان



بە لام دیسانیش ئە گە ر رۆژی ٧٧ سە نت داهاتی ژنان بێ داهاتی پیاوان ١ دۆلارە. لە درێژەی باسەکەی دا خاتوو دلیا کویک لە سەر مێژووی ٢٥ نوامبر و ئەو گرفتانەی کە ژنان لە کار کردن لە دەرەوەدا و کاری ناو ماڵە وەدا لە وانەیە بۆیان ساز بێ دواو گووتی زۆر جار ژن ناچار یەکێک لەو کارانە قوربانی ئەوەی دیکەیان بکات .دوا بەدوای وتە کانی خاتوو دلیا . حە لیمە رەسوولی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یە کیەتیی ژنان بە کورتی ئاورێکی دایەوە لە مێژووی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و کار و چالاکیەکانی ژنانی رۆژهە ڵاتی کوردستان و جیاوازیە کانی بازنەی کاری ژنانی رۆژهە ڵاتی کوردستان و ژنان لە کۆمە ڵگەی ئەمریکی دا ئەو سیمینارە پاش نزیک بە دوو کاتژمێر کۆتایی پێ هات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زنان، قربانیان بزرگ خشونت

ن: عیسمەت نستانی

خشونت علیه زنان پدیده‌ی اجتماعی است که ریشه آن به تاریخ کهن بر میگردد و این پدیده تنها مختص به یک جامعه نیست بلکه تمام مرزهای جغرافیایی و فرهنگی و سیاسی را در نوردیده است و زنان به طرق متفاوت در تمام کشورهای جهان با آن روبرو هستند.

برای تبین دلایل و عواقب این پدیده و یافتن راه حل آن تحقیقات زیادی از جنبه‌های مختلف روانی، اجتماعی، تربیتی، انترووپولوژی، پزشکی و قانونی صورت گرفته است. نتایج این تحقیقات حاکی از است که زنان به‌طرق مختلف در کلیه‌ی جوامع با این پدیده روبرو هستند. از بارزترین انواع خشونت علیه زنان عبارتند از: خشونت جسمی، روانی، جنسی، لفظی، اقتصادی، اجتماعی، و تربیتی. به گفته‌ی سازمان عفو بین الملل، خشونت در خانواده بیش از ابتلای سرطان و تصادفات جاده‌ای، عامل مرگ و میر یا معلولیت جسمانی زنان اروپایی در گروه سنی ٢٤-٢٦ سال است . از آنجا که بسیاری از زنان و دختران حاضر نیستند خشونت خانوادگی را به پلیس گزارش دهند یا قوه قضائیه در برخی کشورها به شکایت در این زمینه ترتیب اثر نمی دهد و انها را موضوعی خصوصی قلمداد می کند، آمار خشونت در خانواده ، آماری دقیق و منعکس کننده واقعیات نیست.

این نوع خشونتها از طرف خانواده، جامعه و یا حکومت علیه زنان اعمال میشوند. البته عوامل زیادی بر بروز و گسترش این پدیده تأثیرگذارند که میتوان به عوامل اجتماعی ، اقتصادی، روشنفکری، قانونی و سیاسی اشاره کرد. بر اساس این واقعیات بود که اندیشه‌ی حمایت از حقوق زنان درسده‌ی هیجدهم نمایان و جنبش های زنان در سده‌ی نوزده به شکل گرفتند.

هرچند که جنبش های حمایت از حقوق زنان در دهه‌ی۱۹۲۰ ضعیف بودند، ولی از دهه ۱۹٦۰ به بعد به سرعت گسترش یافتند و بر حوزه‌های زندگی اجتماعی و فعالیتهای روشنفکری تاثیر گذاشتند. در همین راستا سازمان ملل متحد جهت اگهی بخشی و دفاع از حقوق زنان چندین معاهده را تصویب نموده و همچنین چندین کنگره‌ی بین المللی در همین راستا منعقد شده است.

در اثر همین فعالیتها بود که تغییراتی در امور زندگی زنان بوجود آمد و زندگی زنان را تا حدودی متحول ساخت، ولی متاسفانه هنوز هم تبعیض در بین زن و مرد باقی است. گستره‌ی آزادی زنان از محدودیتهای زیادی برخوردار است و حضور زنان در عرصه‌ی سیاسی ، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی نسبت به مردها پایین تر است.

زنان حتی در پیشرفته‌ترین کشورها از تبعات و عوارض ناشی از خشونت رنج می برند، خشونت نه تنها سلامتی و تعادل عاطفی و روانی زنان را به خطر می اندازد، بلکه جامعه را نیز متضرر می کند و بهایی که باعث این صدمات پرداخته می شود ، دولت ها را با مشکلات اقتصادی ، فرهنگی و خدماتی درگیر می کند و باید گفت در بسیاری موارد دولتها قادر نیستند این بهای سنگین را بپردازند در نتیجه دور باطل ادامه می یابد و پدیده خشونت علیه زنان تشدید و تقویت می شود.

در پژوهشی که درباره خشونت علیه زنان انجام شده است، دکتر نیلوفر میکائیلی عضو هیئت علمی گروه روانشناسی، خشونت را یک پدیده‌ی جهانی دانسته که بنابر ویژگی های فرهنگی ، اجتماعی و قومی در هر زمان و مکان می تواند به صورت های متفاوتی ظاهر شود.

فاطمه سرخ احمدی کارشناس و روانشناس دانشگاه آزاد اسلامی اهواز در همایش زنان و آسیبهای اجتماعی اظهار داشت که وسعت خشونت علیه زنان به گستره‌ی تاریخ بشر است، وی افزود که خشونت علیه زنان تقریبا در تمام طبقات اجتماعی، اقتصادی، نژادی، سنتی وجغرافیایی دیده می شود، هرچند این پدیده در میان برخی از گروها شایعتر است . او خشونت را بازتابی از حس پرخاشگری می داند و می گوید خشونت خانگی نوع خاصی از خشونت است که در سطح خانواده اعمال و منجر به آسیب یا رنج جسمی ، روانی و جنسی می شود.

تعریف مفهوم خشونت از لحاظ قانونی، روانی، اجتماعی

مفهوم قانونی خشونت: خشونت کنشی است که با به‌کار بردن قدرت یا فشار به قصد رسیدن به اهدافی مشخص در برابر فرد یا جامعه یا حکومت انجام می گیرد، یا عبارت دیگر به کار بردن قدرت به شدیدترین شیوه‌ی مادی و لفظی برای راضی کردن طرف دیگر به قصد رسیدن به اهداف فردی یا اجتماعی.

مفهوم اجتماعی خشونت: انسکلوپدیای علم اجتماع، خشونت را چنین تعریف کرده است: (بکار بردن ابزارهای مادی به شیوه‌ی غیر قانونی به قصد برآوردن اهداف فردی یا اجتماعی).

مفهوم روانی خشونت: خشونت را از لحاظ روانی میتوان چنین تعریف کرد که خشونت، اندیشیدنی طبیعی است از طرف انسان و در علم روانشناسی به جنگ افروزی یا حمله بردن شناخته شده است.

شیوه‌های اعمال خشونت علیه زنان:
اعمال انواع مختلف خشونت علیه زنان از معضلات جامعه‌ی امروز بشری در تمام دنیاست. با این حال نوع و اعمال خشونت در بسیاری از کشورهای بسته به شرایط اجتماعی و سیاسی متفاوت است .

**۱_ خشونت جسمی :**

خشونت جسمی، مجموعه رفتارهایی را در برمیگیرد که به طرق مختلف از گرف فردی بر فردی دیگر یا از طرف فردی از افراد خانواده علیه فرد دیگری از اعضای خانواده انجام می گیرد. خشونت جسمی شامل زدن با دست و یا هر آلت دیگر میباشد، همچنین سوزاندن، خفه کردن ، کشتن با اسلحه، ختنه کردن و... غیره از انواع خشونت جسمی محسوب میگردند.
چنین رفتارهایی زیر پا گذاشتن آزادی و نقض حقوق انسان به حساب می آید. در منشور جهانی حقوق بشر در ماده‌ی ۵ آمده است که نباید هیچ کس شکنجه یا رفتار غیرانسانی یا محکومیت اجباری یا هتک حرمت بشود.
مجمع عمومی سازمان ملل نیز خشونت علیه زنان را هر گونه عمل خشونت آمیز بر پایه‌ی جنسیت که بتواند منجر به آسیب بدنی (فیزیکی)، جنسی یا روانی زنان بشود تعریف کرده است که شامل : تهدید به این کارها، اعمال اجباری یا سلب مستبدانه آزادی چه در اجتماع و چه در زندگی شخصی می شود.
متاسفانه خشونت علیه زنان امری پنهانی است زیرا بسیاری از زنان در جوامع مختلف به دلایلی همچون مجازات سخت از سوی مردان و عدم حمایت قانونی از ابراز آن خوداری میکنند.

**۲_ خشونت لفظی :**

خشونت لفظی ترسناکترین نوع خشونت در زندگی خانوادگی به حساب می آید ، چونکه بر روان و سلامتی افراد خانواده و بویژه بر شخصیت و کرامت فرد تاثیر می گذارد. گاهی اوقات مردان با عناوین و القابی ناپسند زنان خود را صدا می کنند و احساس انها را جریحه‌دار می نمایند.
تحقیقات انجام شده در کشور اردن نشان داده که نسبت ۲۵/۳ زنان اردنی با خشونت لفظی مواجه هستند، ۱۶/۳ ٪ از طرف همسرانشان در حضور دیگران با خشونت لفظی روبرو می شوند و ۱۵/۱ ٪ با کلمات ناشایست و ناپسند مورد خطاب قرار میگیرند.

**۳_ خشونت روانی:**

خشونت روانی پدیده‌ی است که در واقع با خشونت جسمی همتراز می باشد. خشونت روانی علیه زنان شامل اهمیت ندادن مرد به زن، رابگه‌ی مرد با زنی دیگر، تبعیچ میان جنس مؤکر و مونپ ، محروم





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردن جنس مونث از تحصیل، شغل و.... غیره میباشد.

**٤_خشونتجنسی:**

خشونت جنسی عبارت است از تجاوز جنسی شخصی به شخص دیگر بگوریکه که قربانی را به مقابله وادار کند. به عبارت دیگر تهدید کردن و ناگزیر کردن شخصی از طریق بکار بردن قدرت برای انجام دادن عمل غیر مشروع. خشونت علیه زنان محدود به زمان ومکان خاصی نیست در خانه، در خیابان یا محل کار، زنان با انواع خشونت جنسی روبرو هستند. در بسیاری از کشورها، مراکزی به نام (خانه‌های امن) وجود دارند که زن خشونت دیده تا زمانی که خطر تهدیدش میکند میتواند در آنجا زندگی کند.

زنان در محیط کار بیشتر با ئزار جنسی روبرو هستند. آزار جنسی در محیط کار به خاطر سوء استفاده ازرتبه‌و پایه یا قدرت به قصد رسیدن به خواسته‌های جنسی تعریف می شود. برای نمونه به کارمندی گفته می شود که اگر با رابطه ی نامشروع موافقت نکند از کارش اخراج می شودو ... غیره.

فاطمه سرخ احمدی از روانشناسان برجسته در پژوهشی تحت عنوان خشونت علیه زنان به یآمار بالای آزار جنسی در محل کار در بیشتر کشورها اشاره می کند، در این پژوهش آمده که زنان در دوره زندگی شغلی خود دچار آزار جنسی می شوند. سازمان بهداشت جهانی نیز در اولین مطالعه جهانی خود درباره خشونت علیه زنان آورده که در هر ۱۸ ثانیه یک زن مورد حمله یا بد رفتاری جنسی قرار می گیرد. در کشور فرانسه در سال ۲۰۰۰ حدود ۵۰ هزار زن بین ۲۰ تا ۵۹ ساله مورد تجاوز به عنف قرار گرفته و حال آنکه تنها ۵ درصد از موارد تجاوز به عنف علیه زنان به پلیس گزارش شده است.

۵_ خشونت اجتماعی:

خشونت اجتماعی عبارت است از: محروم کردن زن از حقوق فردی و اجتماعی و مجبور کردن او به انجام دادن خواسته‌های مردسالارانه و کوشش برای کمرنگ کردن نقش زن در خانواده و جامعه که این نوع خشونت به طرق متفاوتی اعمال می شود .

قانونهای تبعیض آمیزی همچون دادن حق طلاق به مردان، حق انتخاب همسر آینده توسط مردان، حق حضانت فرزند و همینطور اعمال قوانین سختگیرانه برای زنان در زندگی مشترک از دیگر عوامل تقویت کردن نماد مرد سالارانه در بطن اجتماع است. از دیگر عواملی که در شکلگیری این نوع از خشونت نقش دارند اعطای نقش های جنسی و همینطور جداکردن و تفکیک جنسی است . این تفکیک جنسی و القاء باورهای مرد سالارانه به مردان به عنوان تنها عامل قدرت در رأس خانواده به بسط این نوع از خشونت کمک می کند.

بعنوان مثال، قانون مجازات اسلامی ایران از زنان در مواردی که مورد خشونت جسمی قرار می گیرند به طور خاص حمایت نمی کند، برای مثال در مسله دیه زن و مرد در قانون نابرابری وجود دارد. نابرابری که منجر به خشونت علیه زنان می شود. هرچند در سالهای گذشته ، با وضع تبصره ۲ ماده ٤ قانون بیمه‌ی اجباری وسایل نقلیه موتوری، شرکتهای بیمه مکلف شدند(دیه زیان دیدگان را بدون در نظر گرفتن جنسیت و مذهب تا سقف مندرج در بیمه نامه پرداخت نمایند، اما هنوز مقررات مربوط به قانون مجازات اسلامی در خصوص عدم تساوی دیه زن و مرد به قوت خود باقیست و با توجه به اینکه قانون بیمه، قانون خاص محسوب می شود، نمی تواند مقررات عام قانون مجازات اسلامی را منسوخ کند.

طبق مطالعه‌ای که در شهر زرقای کشور اردن صورت گرفته است، ٦۲٫۲ درصد زنان از کار کردن در خارج از منزل محرومند. همچنین بر اساس گزارش سازمان ملل از هر سه زن، یک زن در جهان در طول زندگی خود قربانی خشونت و تبعیض شده و یا مورد تجاوز به عنف قرار گرفته است.

٦_ خشونت اقتصادی

یکی از موارد خشونتی که در بسیاری از کشورها رایج است و شاید کمتر مورد توجه قرار گرفته است، خشونت اقتصادی است. به گونه‌ای که غالبا زنان نیروی کار بدون مزد و یا فاقد درآمد هستند، همین عامل زمینه‌ای برای خشونت اقتصادی علیه آنان محسوب میگردد.

به طوری که در برخی موارد زنان حتی حق دخل و تصرف در اموال خود را نیز ندارند. عدم استقلال اقتصادی زنان، آنان را هر چه بیشتر در معرض خشونت توسط همسرانشان قرار میدهد.

بر اسا پژوهشی از فاطمه سرخ احمدی، زنانی که از جانب همسرانشان مورد خشونت قرار میگیرند ۵ برابر بیشتر از سایر زنان در معرض آسیبهای روانی و خطر خودکشی و همچنین ٦ برابر بیشتر در معرض ابتلا به اختلالات روانی قرار دارند.

میتوان گفت خشونت اقتصادی بیشتر در روستاها شایع است تا در شهرها، زیرا که زنان روستایی دوشادوش مردان در کشتزارها کار میکنند بدون آنکه از محصولات آن بطور مستقیم سودی عایدشان شود.

به لحاظ جامعه‌شناختی ساختارهای موپر در اعمال خشونت علیه زنان میتواند متفاوت باشد، ساختار اقتصادی مهمترین عاملی است که امکان خشونت علیه زنان را افزایش میدهد. بعنوان مثال در ایران در حوزه‌ی مالکیت تنها ۱۰٪ مالکان را زنان تشکیل میدهند و این نابرابری فاحش میتواند بر اعمال روشهای خشونت آمیز علیه زنان موثر باشد.

بطور خلاصه میتوان کار بی مزد زن را در سه گروه قرار داد:

۱_ اداره‌ی امور خانه و نگهداری از بچه‌ها

۲_ کار در کشتزارها برای امرار معاش خانواده

۳_ کار در مشاغل خانگی که تولیدات آن به بازار عرچه میشود و بیش از یک نفر در آن مشغول به کار است.



کتێبخانەی www.rabari.org

**۷_ خشونت تربیتی**

نوع تربیت نقشی اساسی در تکوین و تکامل شخصیت افراد بازی میکند، یعنی چنانچه وضعیت محیگ زندگی و تربیت سالم نباشد خشونت در جامعه ترویج می یابد. محروم کردن از تحصیل و یا ناگزیر کردن به ترک تحصیل در میان دختران به مراتب بیشتر از پسران میباشد که غالبا از سوی خانوادهها صورت میگیرد. در جامعهی ما نیز همچون دیگر جوامع سنتی دایرهی آزادی زن بسیار محدود است و سرنوشت زنان در مورد ادامهی تحصیل به ارادهی مردان بستگی دارد.

عوامل بسترساز خشونت

**۱_ عوامل قانونی**

فیلسوف معروف انگلیسی»جان استوارت میل» در کتاب خود تحت عنوان «به برده گرفتن زن» معتقد است که ریشهی خشونت علیه زنان که تا به امروز نیز ادامه دارد به آغاز تاسیس جوامع برمیگردد. دیرزمانی است که زن خود را بردهی مرد تصور میکند و این تصور شاید از ضعف قدرت جسمانی زن نسبت به مرد نشأت گرفته باشد. به مرور زمان قوانین و مقررات تصویب و وضع شدهاند و نظامهای اجتماعی شکل گرفتند و این سنتها و مقررات را تثبیت نمودند.

بارزترین شکل خشونت علیه زنان، خشونت قانونی است که قدرت خود را از قانون میگیرد.

«ناردیه رمسیس» میگوید تا جایی که رابطه ی میان زن و مرد حسنه است قانونی در میان نیست، ولی چنانچه این رابطه به هم خورد قانون همچون شمشیری بر سر زن فرود می آید و تمام حقوق و توانایی و قانون در خدمت مرد قرار میگیرد. همین جاست که مرد فکر میکند که اگر زن به خواستههایش توجه نکند طبیعی است که به زور متوسل شود و در برابر قانون برای اعمالش توجیه بیاورد.

در بعضی از جوامع بویژه جوامع مذهبی و سنتی، قوانین، زمینهساز بروز خشونت علیه زنان هستند. بعنوان مثال در تبصرهی (۲) مادهی (۳۷۷) قانون جنائی عراق آمده است که اگر زن در هر جایی زنا کند مورد مجازات قرار میگیرد، ولی مرد تنها اگر در خانه مرتکب زنا شود مورد مجازات قرار میگیرد. بنابراین مرد خارج از خانه میتواند هرگونه خیانتی به همسرش بکند.

در قوانین جزائی ایران در حوزهی مسئولیت کیفری، دختران ٦ سال زودتر از مردان دارای مسئولیت کیفری میشوند. بر اساس مادهی (۹) قانون مجازات اسلامی و تبصرهی (۱) مادهی (۱۲۱۰) قانون مدنی، سن مسئولیت کیفری برای دختران ۹ سال و برای پسران ۱۵ سال میباشد. بنابراین قوانین، دختران از ۹ سالگی به بعد در صورت ارتکاب جرم، مسئول، محسوب میشوند و مورد مجازات قرا مگیرند. این در حالیست که یک دختر ۹ ساله از دید جامعه هنوز طفل محسوب میشود و مجازات وی بسیار خشن و غیر انسانی است.

مطابق مادهی (۱۱۱٤) قانون مدنی ایران، زن موظف است در منزلی که مرد تعیین میکند زندگی نماید مگر آنکه این اختیار پیشتر به زن داده شده باشد. همچنین بر اساس مادهی (۱۱۰٦) از این قانون، در عقد دائم نفقهی زن به عهدهی شوهر است ولی هرگاه زن بدون عذر مشروع از ادای وظایف زوجیت امتناع ورزد از نفقه محروم خواهد شد. لذا زن ایرانی ملزم به اطاعت از همسر خود میباشد و عدم تمکین وی منجر به اسقاط حق نفقه میشود، در عمل شاهد آن بودهایم که قوانین فوق در خصوص تعیین محل زندگی و تمکین زن از شوهر، دست مردان را برای اعمال خشونت علیه همسرانشان باز گذاشته است.

**۲_ عوامل اقتصادی**

وضعیت نامناسب اقتصادی بر افزایش خشونت علیه زنان نقش اساسی ایفا میکند. خشونتهای خانوادگی بیشتر در خانوادههایی روی میدهد که از لحاظ اقتصادی در تنگنا هستند، البته این بدان معنا نیست که خشونت تنها در خانوادههای رده پایین جامعه رخ میدهد، ولی نسبت آن در این خانوادهها بیشتر میباشد.

بر اساس تحقیقاتی که در کشور ترکیه انجام شده است، ٤۰٪ زنان این کشور به خاطر وضعیت بد اقتصادی با خشونت مواجه میشوند. طبق یافتههای «دکتر لیلی عبدالوهاب» ٤٥,٦٪ زنان مصری بدلیل شرایط بد اقتصادی مورد خشونت واقع میشوند.

۳_ عوامل روشنفکری

در واقع میتوان گفت پایین بودن سطح آگاهی و روشنفکری جامعه بعنوان یکی از عوامل گسترش خشونت بویژه در جوامع عقب افتاده در مورد زنان و کودکان محسوب میگردد. پایین بودن سطح تحصیلات در میان زنان باعث میشود که به قوانینی که از حقوق آنها حمایت میکند آشنا نباشند و این موضوع باعپ گستردهتر شدن دامنهی خشونت علیه زنان میشود. تحقیقاتی در شهر اربیل کردستان عراق نشان میدهد که ٤۱,٦٪ زنان گریه میکنند و ٥,٦۲٪ آنان از خانه فرار و ٦,٦٪ سکوت اختیار میکنند.

**٤_ عوامل اجتماعی**

در هر جامعهای، نظام و ارزشهای اجتماعی، جایگاه انسان را در جامعه تعیین مینمایند. در فرهنگ جوامع سنتی مجموعه آداب و رسوم اجتماعی جاهلانهای وجود دارند که به تبعیض میان زن و مرد دامن زده و نقش و جایگاه زنان را کمرنگ جلوه داده و به سلطهی مردسالارانه مشروعیت می بخشد. عوامل اجتماعی خشونت زای بسیاری وجود دارند که سوءظن، یکی از موارد آن میباشد. بیشتر زنانی که با کتک خوردن مواجه شدهاند اعلام میکنند که سوءظن و بدبینی از عوامل اساسی آن بوده است.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# Kurdish nation had lost its great friend and supporter ever

Begard alipour



Madam “daneille mitterand “ the wife of a dead leader “ franso mitterand “ whom was a very close friend of Kurdish people , unfortunately passed away in 22/nov/2011 in the age of 87 in one of the hospitals of france .

Madam “ Danielle emilian ezabel “ known as “ Danielle mitterand “ was born in 28 /oct / 1924 in north eastern of verdoon in france .

She gets married with “ franso mitterand “ the previous leader of france , and they have three children

In 1988 “ france liberty “ organization established Danielle mitterand was one of the heroes of the movements in france during the second world war.madam mitterand got familier with kurd’s issue by martyr leader ( dr.Qasemloo) during her glorious life , she supported nations like kurd and palestinians particulary and oppressed nations generally .

At the same time she was a powerfull advocate of ( fidel castro ) the leader of kuba , and recently she organized some communities to help poor people , in this way and in so many other various projects she helped poor and wander people around the world especially in developing countries .

Until she passed away , she was one of the best friends of kurd’s people and she was well-known and lovely among kurd’s nation .

She was closely following the Kurdish history movements and their issue , that’s why she was named as ( the mother of Kurdish nation ) . in 1981 she became frances first lady and was a great supporter of developing nations . she visited Kurdistan many times and in her last visit to Kurdistan in 2009 , during her speech in kurdistan’s parliament , once again she repeated her support for Kurdish nation .

Honourable “ Danielle mitterand “ sustainly worked for introducing kurd’s issue , their demands , their national rights , and their political goals in international communities and meetings.

For this occasion , Kurdistan government in 23 / 11 / 2011 mourned across country . via our magazine with respect and honor of her rememberance we express our sympathy and sadness and we offer our condolence to her family and friends .

Written by author :Helime resulli

Translated by :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەنجینەی وێنە

### گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا لە وتە بە نرخەکانی "دوکتور قاسملوو"



شەهید تەوریز رەحمانی: ناسراو بە (چنوور) لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە مێراوی سەر بە شاری سنە لە دایک بووە لە مەڵبەندی (٢)ی کوردستان و لە ریزی پێشمەرگەکانی ئەو ناوەندەدا لە چالاکی و فیداکاری ئەو سەردەمەدا بەشداری چالاکانەی کردووە. سەرنجام لە (١٣٦٨/٥/١٠)دا شەهید کرا.



شەهید پەروین رۆحی لە شاری سنە لە دایک بووە، پەروینیش هەر وەک هاورێکانی تری لە زۆر شەردا لەگەڵ دوژمن وەک پێشمەرگەیەکی ئازا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، بەداخەوە لە رێکەوتی (١٣٧٣/٤/٢١) شەهید بوو.



شەهید کولسووم حوسێنی لە ساڵی (١٣٤٣) لە شاری سەقز لە دایک بووە. لە کۆمیتەی شارستانی سەقز وەک کادر خزمەتی بە گەل و نیشتمانەکەی کردووە، بەداخەوە لە (١٣٥٩)ی هەتاوی دا شەهید بووە.



شەهید عەزیمە عوسمانی خەڵکی خەلیفەلیانی نەغەدە، لە ساڵی (١٣٤٣) دا لە دایک بووە، لە هێزی قەندیل وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە سەنگەری خەبات دا دیفاعی لە گەلەکەی کردوە. بەداخەوە لە (١٣٦٩/٣/١٨)ی هەتاوی تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو.

ئا: گەلاوێژ پەیرەوان

## پیرۆزبێ ٢٦ سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لە سەرجەم پێشمەرگەکانی کوردستان و بەتایبەتی ژنانی تێکۆشەری نێو ریزەکانی خەبات دەکەین . هەزاران سڵاو لە و پێشمەرگانەی کە گیانیان فیدای ئازادی گەل و نیشتمانەکەیان کرد. بەرقەراربێ ئامانجی بەرزی شەهیدانی کورد و کوردستان.

دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ژنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No: 32 Date: December 2011

